هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

# سینتاکس و سیمانتیکی جەختکردن
# لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلیژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر کراوە
وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لە لایەن
**حەمید ساڵح محەمەد** بەکالۆریۆس - زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر - ٢٠٠٢

سەرپەرشتیار
**پ. د. طالب حسين علي**

سەرماوەز ٢٧١٤ کوردی    سەفەر ١٤٣٦ کۆچی    کانوونی یەکەم ٢٠١٤ زایینی

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ ﴾

[ الحجرات: ١٣ ]

# سوپاس وپێزانین

ڕێزوسوپاسی بێ پایانم.

- بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم ، پ.د. تالب حوسێن عەلی ، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی بە دڵسۆزی گرتە ئەستۆ و بە ڕاستی لە گەڵم زۆر ماندوو بوو .
- بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانە ، کە بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتیان داوم، هیوادارم نموونەیان زۆر بێت :

د. حاتەم ولیا محەمەد ، سەرۆکی بەشی کوردی، پ.ی.د.نەوزاد وەقاص سەعید ،

د. دیار عەلی کەمال ، د. هاشم محەمەد مستەفا، مامۆستا عەزیز سەعید ئەمین

مامۆستا سروود قادر .

- کارمەندانی پەرتووکخانەکانی : کۆلێژی پەروەردە– بەشی کوردی – عەرەبی – پەرتووکخانەکانی: کۆلێژی زمان . بەشەکانی پەرتووکخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین .
- بۆ هەموو ئەوبەڕێزانەی،کە بە وشەیەکیش بووبێ هاوکاری کردووین

# ئەم نامەیە پێشکەشە بە :

- باوکی خۆشەویستم : **سالح محەمەد**
- گیانی پاکی دایکم : **حەبیبە محێدین**
- **خوشک و براکانم**
- **دایکی هەرمان**
- **هەرمان و لێزان و بۆتان و لانیا**
- *هەموو ئەوانەی وشەی کوردیان خۆش دەوێت.*

## هێماو کورت کراوەکان :

ب : بکەر

بە : بەرکار

تە : تەواوکەر

ك : کار

پ : پرسیار

چ ، ط : نۆرەی چاپ

ژ : ژمارە

گ : گۆڤار

ف.ن : فرێزی ناوی

ف. ك : فرێزی کاری

ل : لاپەڕە

م : مۆرفیم

و : وەلاّم

وەر: وەرگێڕ

/ : یان

(     ) : لە ناو یاسای ڕێزمانی ، واتە بە کارهێنانی ئارەزوومەندانەیە .

★ : نیشانەی ناڕێزمانی ڕستەیە .

⟵ : پێك دێت لە / دەبێت بە

→ : خوێندنەوە بەو ئاڕاستەیە

{ } : نیشانەی مۆرفیم

ˈ : نیشانەی هێزە ، لە سەر دەنگەکان ( پیتەکان ) .

| : نیشانەی وەستانێکی کورتە . ( juncture ) ە .

Subject : S

Object : O

Verb : V

# کورتەی نامەکە


ئەم نامەیە بە ناوی ( سینتاکس و سیمانتیکی جەختکردن لە زمانی کوردیدا ) یە .
تایبەتکراوە بە باسی شێوازی جەختکردن لە زمانی کوردیدا ، لە ئاستی (واتا) سیمانتیکدا .
لە ڕستەی سادەدا . خۆ پارێزراوە لەوەی بچینە ناو سنوورو ئاستی پراگماتیك .

جەختکردن وەك شێوازێکی دەربڕینی تایبەت ، لە هەموو زمانێکدا بوونی هەیە و لە زمانی کوردیشدا بوونی تایبەتی خۆی هەیە و بەچەند شێوازێك دروستدەکرێت ، هەوڵ دراوە زۆرترین جۆرو شێوازی جەختکردن لە ڕووی هەبوونەوە لە زمانی کوردیدا بخاتە روو . ئەو شێوازە سەرەکییانەی کە لە زمانی کوردیدا ئاماژەیان بۆ کراوە لەم نامەیەدا ، بریتین لە جەختکردن :

١-بە هۆی کەرەستەی جەختکردن .

٢- بە هۆی پاتکردنەوە .

٣- بە هۆی واتای ڕستەوە :

هەر یەکە لەم بابەتە سەرەکیانەی سەرەوە لە چەندین لق پێك دێن و بە درێژی لە رووی سیمانتیکەوە لە سەری وەستاوین و بە درێژی باسمان کردووە و بە نموونەی جیاجیای زۆرەوە ، بۆئەوەی لەم رێگەیەوە بابەتەکان بۆ خوێنەر روونتر ببێتەوە ، کە لە شیعری شاعیران و گۆرانی و دەقی شانۆیی و چیرۆك و نموونە رستەی زمانەوانان و ئەگەر بۆشمان نەدۆزرابێتەوە؛ ئەوا خۆمان نموونەمان بۆ هێناوەتەوە . ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ هەر زمانەوانێك، و لەم نامەدا هەوڵ دراوە وەڵامی زۆرترین پرسیار بداتەوە کە لەم باریەوە هەن.

بەشێوەیەکی گشتی لە بەشی یەکەمدا جەختکردن بەهۆی وشە و ئامراز ولە بەشی دووەمدا جەختکردن، بەهۆی پاتکردنەوە و لەبەشی چوارەمدا جەختکردن بەهۆی واتای رستە (رەوتی ئاخاوتن )، کە دروست دەبێت ، خراوەتە روو .

## نـــــاوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ئایەتی پیرۆز | |
| بڕیاری سەرپەرشتیار ................................................... | I |
| بڕیاری لێژنەی گفتوگۆکار ................................................... | II |
| سوپاس و پێزانین ................................................... | III |
| پێشکەش ................................................... | IV |
| هێما و کورتکراوەکان ................................................... | VI-V |
| پوختەی نامەکە ................................................... | VII |
| ناوەڕۆك ................................................... | XI- VIII |
| پێشەکی ................................................... | ١-٣ |
| بەشی یەکەم : شێوازی جەختکردن و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا ............ | ٤- ٣٩ |
| ١-١- ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان ................................. | ٤ |
| ١-٢- شێوازی جەختکردن و شیکردنەوەی زمان................................ | ٤ |
| ١-٣- چەمك و پێناسەی جەختکردن................................ | ٦ |
| ١-٤- بنەماکانی جەختکردن لە زماندا ................................ | ١٠ |
| ١-٥- جۆرەکانی جەختکردن لە زماندا................................ | ١٢ |
| ١-٦- ئامراز و وشەکانی جەختکردن ................................ | ١٢ |
| ١-٧- ئامرازەکانی جەختکردن................................ | ١٣ |
| ١-٨- مۆرفیمی ئەرکی ................................ | ٢١ |
| ١-٩- وشەی لێکچواندن................................ | ٢٤ |
| ١-١٠- ئاوەڵکارەکانی جەختکردن ................................ | ٢٥ |
| ١-١١- ئاوەڵناوی جەختکردن................................ | ٢٩ |
| ١-١٢- وشەکانی ڕادە................................ | ٢٩ |
| ١-١٣- وشە و گرێیەکانی جەختکردن ................................ | ٣١ |

| |
|---|
| ١-١٤- خشتەی لیستی ئامراز و وشەکانی جەختکردن ...............................٣٦ |
| **بەشی دووەم : جەختکردن بە پاتکردنەوە .......................................٤٠- ٥١** |
| ٢-١- جەختکردن بە پاتکردنەوە.................................................... ٤٠ |
| ٢-٢- هۆکارەکانی بە کارهێنانی شێوازی جەختکردن بە پاتکردنەوە...........................٤٠ |
| ٢-٣- جۆرەکانی جەختکردن بە پاتکردنەوە...........................................٤٣ |
| ٢-٣-١- جەختکردن بە پاتکردنەوەی کار ...........................................٤٣ |
| ٢-٣-٢- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ئاوەڵناو .......................................٤٥ |
| ٢-٣-٣- جەختکردن بە پاتکردنەوەی تەواوکەر...........................................٤٥ |
| ٢-٣-٤- جەختکردن بە پاتکردنەوەی جێناوی سەربەخۆ.................................٤٦ |
| ٢-٣-٥- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ناو...........................................٤٧ |
| ٢-٣-٦- جەختکردن بە پاتکردنەوەی گرێ و ڕستە .......................................٤٨ |
| ٢-٣-٧- جەختکردن بە پاتکردنەوەی کلکە پرسیار و کلکە وەڵام ...............................٤٩ |
| ٢-٣-٨- جەختکردن بە پاتکردنەوەی جێناوی نەفی .......................................٥١ |
| 2-3-9- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ئامرازی لێکچواندن ...............................٥١ |
| ٢-٣-١٠- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ئامرازی ( ئێ). ...............................................٥١ |
| **بەشی سێیەم : جەختکردن لە ئاستی سینتاکسدا ..............................................٥٢-٧٧** |
| ٣-١- پێکهاتەی ڕستە...........................................................٥٢ |
| ٣– ٢ – ڕێزمانی ڕستەی سادە و ڕیزبوونی کەرەستەکانی.......................................٥٣ |
| ٣ – ٣ – یاساکانی پێکهێنانی فرێز.......................................................٥٧ |
| ٣ – ٣-١- یاساکانی پێکهێنانی فرێزی ناوی.................................................٥٧ |
| ٣ – ٣ – ٢ – یاساکانی پێکهێنانی فرێزی کاری...........................................٥٩ |
| ٣ – ٤ – یاساکانی گواستنەوە.................................................... ٦٠ |
| ٣ – ٥ – ڕستەی جەختکردن لە ئاستی سینتاکسدا ..................................... ٦٢ |
| ٣ -٦- جەختکردن بە هۆی بەلووتکەکردنەوە...........................................٦٣ |
| ٣– ٧ – جەختکردن و جۆرەکانی ڕستە : هەواڵی- پرسیارکردن- فەرمانداندن- – سەرسوڕمان...٦٧ |
| ٣– ٧ – ١ – ڕستەی هەواڵی....................................................... ٦٧ |

| | |
|---|---|
| ٣–٧–٢- ڕستەی پرسیاری ......................................... | ٦٨ |
| ٣ – ٧ – ٣ – ڕستەی فەرماندان.................................................. | ٧١ |
| ٣ – ٧ – ٤- ڕستەی سەرسوڕمان..................................................... | ٧١ |
| ٣-٨- پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەی جەختکراو................................................... | ٧٤ |
| ٣-٨-١- جەختکردن لە سەر فرێزی ناوی........................................................ | ٧٣ |
| ٣-٨-١-١- جەختکردن لە سەر فرێزی ناوی بە هۆی ئامراز ........................ | ٧٣ |
| ٣-٨-١- ٢- جەختکردن لە سەر فرێزی ناوی بە پاتبوونەوەی ناو................. | ٧٤ |
| ٣-٨-٢- جەختکردن لەسەر فرێزی بەند................................................... | ٧٤ |
| ٣-٨-٣– جەختکردن لە سەر فرێزی کاری ........................................ | ٧٥ |
| ٣-٨-٣-١- جەختکردن لە سەر فرێزی کاری بە هۆی ئامرازەوە............................. | ٧٥ |
| ٣-٨-٣-٢- جەختکردن لە سەر فرێزی کاری بە ئاوەڵکاری جەختکردن.................... | ٧٥ |
| ٣-٨-٤-جەختکردن لە سەر فرێزی ئاوەڵناوی........................................ | ٧٦ |
| ٣-٨-٥- جەختکردن لەسەر هەموو فرێزەکانی ڕستە................................ | ٧٧ |
| **بەشی چوارەم : جەختکردن لە ڕووی سیمانتیکەوە.........................................** | **٧٨- ١٠٩** |
| ٤-١- واتای ڕستە ............................................................ | ٧٨ |
| ٤-٢- جۆرەکانی بابەتی سیمانتیکی جەختکردن........................................ | ٨٢ |
| ٤-٣- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ناتەواو.............................................. | ٨٣ |
| ٤-٤-جەختکردن بە نەرێکردنی دژەکەی.............................................. | ٨٥ |
| ٤-٥- جەختکردن بە هەر پێنج هەستەوەرەکە............................................ | ٨٨ |
| ٤-٦- جەختکردنی دەستکرد ................................................ | ٨٨ |
| ٤-٧- جەختکردن بە بەستانەوەی شتێك بە شتێکی دیکە......................................... | ٨٩ |
| ٤-٨- جەختکردن بە ناو بردنی شتی تایبەتی دوای شتی گشتی یان بە پێچەوانەوە: ............ | ٩١ |
| ٤-٨-١- ناوبردنی شتی تایبەتی پاش شتی گشتی.................................... | ٩١ |
| ٤-٨-٢- ناوبردنی شتی تایبەتی پێش شتی گشتی...................................... | ٩٢ |
| ٤-٩- جەختکردن بە چاوگ ................................................... | ٩٢ |
| ٤-١٠- جەختکردن بە کۆکردنەوەی سیفەتێك لە کەسێك یان شتێکدا...................... | ٩٣ |

| |
|---|
| ٤-١١- جەختكردن بەهۆی سوێندخواردن........................................................٩٤ |
| ٤-١٢- جەختكردن بە دوعا كردن..........................................................٩٧ |
| ٤-١٣- جەختكردن بە هۆی ژمارەوە..........................................................٩٩ |
| ٤-١٤- جەختكردن بەهۆی داهێنان .......................................................... ٩٩ |
| ٤-١٥- جەختكردن بە هۆی هێزەوە..........................................................١٠٠ |
| ٤-١٦- شرۆڤەی هەندێك لە كەرەسەكانی جەختكردن لەناو ڕستەدا لە ڕووی واتاوە..........١٠٢ |
| ئەنجامەكان ..........................................................١١٠ |
| پێشنیار..........................................................١١٢ |
| سەرچاوەكان .......................................................... ١١٣— ١٢٤ |
| پوختەی نامەكە بە زمانی عەرەبی..........................................................أ-ب |
| پوختەی نامەكە بە زمانی ئینگلیزی ..........................................................A |

# پێشـەکی

ئەم نامەیە لە شێوازەکانی جەختکردن لە زمانی کوردی ، دیالێکتی ناوەڕاستدا دەکۆڵێتەوە ، واتە باسەکە بۆ هەردوو ئاستی ڕێزمان و ئاستی واتا یان سیمانتیك تەرخانکراوە ، لە گەڵ ئەوەشدا بە پێی پێویستی بابەتەکە ئاوڕ لە ئاستی فۆنۆلۆجی دراوەتەوە کە پەیوەستە بە هێز و ئاوازی ڕستەی جەختکردنەوە .

جەختکردنیش وەك بابەتێکی گرنگ لە زمانی کوردیدا ، بایەخێکی کەمی پێدراوە ، بۆیە لەم نامەیەدا هەوڵ دراوە بۆ لێکدانەوەی بنەما گشتی و تایبەتییەکانی ، کە پەیوەستن بە لایەنی ڕێزمانی و واتایی شێوازی جەختکردن ، بە شێوەیەکی ورد و بابەتیانە بخەینە ڕوو . هەروەها لایەنی شێوەی داڕشتنی ڕستەی جەختکردن لای قسە پێکەرانی زمانەکە لە بەر چاو گیراوە . واتە بەستنەوەی شێوازی جەختکردن بەو هەل ومەرجەی ، کە لە زمانەکەدا لە ئەنجامی ئەو مەبەستەی ، کە لە هەر دەربڕینێکی زمانی تایبەت بە شێوازی جەختکردن دێتە ئاراوە .

**ناونیشان و بواری نامەکە** : نامەکە بە ناونیشانی :

( سینتاکس و سیمانتیکی جەختکردن لە زمانی کوردیدا ) یە . بواری نامەکە هەردوو ئاستی سینتاکس و سیمانتیك ، دەگرێتەوە . ئەگەرچی هەندێ جار ئاوڕ لە ئاستی مورفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی دراوەتەوە بە گوێرەی پێویستی بابەتەکە خراوەتە ڕوو .

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

جەختکردن وەك شێوازێکی تایبەت و بابەتێکی ڕێزمانی لە زۆربەی زمانەکاندا، گرنگی پێدراوە ، بەلآم لە زمانی کوردیدا ، تا ئێستا ئەو گرنگییەی پێنەدراوە و ؛ بۆیە بە پێویستمان زانی لێکۆڵینەوە لەم بارەوە ئەنجام بدەین ، بۆ ئەوەی بتوانین لایەنە شاراوەکانی ئەم بابەتە و تایبەتمەندییەکانی ، لە زمانی کوردیدا، دەست نیشان بکەین.

**کەرەستەو سنووری لێکۆڵینەوەکە :**

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە ، بریتییە لەو ڕستە و دەربڕینانەی ، کە لە زمانی ئێستای ئاخاوتنی قسەپێکەرانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، بەکاردەهێنرێن. هەروەها هەوڵدراوە زۆربەی نموونەکان لەو دەقە نووسراوانە وەربگرین، کە شێوازی جەختکردن لە

خۆ دەگرن . لە گەڵ ئەوەش وەکو قسە پێکەری زمانەکە ، بە گوێرەی پێویست ، نموونەمان بۆ هێناوەتەوە .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە** : بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی نموونەکانی تایبەت بە شێوازی جەختکردن ، ڕێبازی وەسفی شیکاری

پەیڕەو کراوە ، کە قسە پێکەرانی ئێستای زمانەکە بە کاریدەهێنن .

**گرنگی کارەکە :**

١- گرنگی کارەکە لە وەدایە ، کە بە شێوەیەکی بابەتیانە و بەرفراوان ، لە بابەتەکە کۆڵراوەتەوە ، بەتایبەتی لە ڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە تیشکی خراوەتە سەر ، کە لە کوردیدا بابەتی جەختکردن لەم لایەنانەوە باسی لێوە نەکراوە .

٢- گرنگییەکی تری نامەکە ئەوەیە ، کە هەوڵدراوە بەشێکی زۆری کەرەستەکانی جەختکردنی دیالێکتی ناوەڕاست بخاتە ڕوو.

**ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە :**

نامەکە لە پێشەکییەك و چوار بەش پێکدێت ، لە گەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ، کە لە چەند خاڵێکدا دیاریکراون .

*بەشی یەکەم* : سەرەتا لەم بەشە ، وەك سەرەتایەکی گشتی بۆچوونە ناو باسەکە ، کە ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت، شێوازی جەختکردن و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا ، ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان و ئنجا چەمك و پێناسەی جەختکردن ، بە هەندێ پێناسەی جیاواز دەخەینە ڕوو لە کۆتاییدا، بنەماکانی جەختکردن ڕوون کراوەتەوە . پاشان هەوڵ دراوە ، وشە و ئامرازەکانی جەختکردن دەست نیشان بکەین ، کە بە پێی پێویست هەندێکیان ڕاڤە کراون و لە ڕستەی جۆراوجۆر بە کار هێنراون و لە کۆتاییشدا بە خشتەیەك خراوەنەتە ڕوو .

*بەشی دووەم :* ئەم بەشە، تایبەتە بە جەختکردن بە پاتکردنەوە، کە تێیدا باسی هۆکارەکانی بەکارهێنانی شێوازی جەختکردن بە پاتکردنەوە کراوە. پاشان جۆرەکانی جەختکردن بە پاتکردنەوە دەست نیشان کراون . لە دواییدا یەکە یەکە لێیان کۆڵراوەتەوە و بە نموونەی جیاجیا خراونەتە ڕوو .

*بەشی سێیەم* : تەرخان کراوە بۆ : جەختکردن لە ئاستی سینتاکسدا ،لەم بەشەدا باس لە پێکهاتەی ڕستەی سادەو قالبەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا کراوە ، لەگەڵ چۆنێتی بەرجەستە کردنیان لە ڕستەی جەختکراودا . هەروەها ئاماژە بە جۆرە سەرەکییەکانی ڕستەی سادە کراوە ، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە و چۆنێتی بەرجەستە کردنیان بە ڕستەی جەختکراو ، کە تێیدا هەر جارەی جەختکردن دەکەوێتە سەر جۆرێك لە فرێزەکانی ناو ڕستەی سادە .

*بەشی چوارەم* : ئەم بەشە تایبەتە بە لایەنی واتایی/ سیمانتیکی جەختکردن کە خۆی لەم سەرە بابەتانەدا دەبینێت. سەرەتا باسی پێکهاتەی ڕستە کراوە لە ڕووی واتاوە. هەروەها ، ئەو جۆرە جەختکردنانەی ، کە بە ڕێگەی واتای ڕستەوە بەرهەم دەهێنرێن ئاماژەیان بۆ کراوە ، واتە: کە بە هۆی چوارچێوەی ئاخاوتنەوە بەرهەم دێن . ڕەوتی ئاخاوتن لە کۆتایی بەشەکەدا ، ڕاڤەی هەندێ لە ئامراز و وشەکانی جەختکردن ، کە لە بەشی یەکەمدا باس کراون و خراونەتە ڕوو ، لە ڕووی واتاو کاریگەریان لە سەر واتای گشتی ڕستە ڕوون کراوەتەوە .

# بەشی یەکەم

# شێوازی جەختکردن و جۆرەکانی

# لە زمانی کوردیدا

## بەشی یەکەم

## شێوازی جەختکردن وجۆرەکانی لە زمانی کوردیدا

### ١-١- ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان:

زمان وەك دیاردەیەکی بوونی مرۆڤایەتی، لە سیستەمێکی ئاڵۆز و بە یەکدا چوو پێکدێت ، بۆیە لێکۆڵینەوە لێی کارێکی ئاسان نیە ، واتە (( ئاڵۆزی ئەو دیاردەیە بە جۆرێکە ، کە هیچ ڕێبازێك ، یان نەخشەیەکی پێشنیاز کراو نەیتوانیوە وەسفی تایبەتییەکانی بکات ، یان دیاردەکانی بەتەواوی لێکبداتەوە ، بۆیە زانایانی زمان لە لێکۆڵینەوەی زماندا ، گریمانەی ئەوەیان کردووە ، کە زمان لە چەند بەشێك(ئاستێك)، پێکهاتبێ ، بۆ ئەوەی بتوانن لە بەشێك ، یان زیاتر لە بەشەکانی زانستی زماندا لێی بکۆڵنەوە.)) (محمد حسن عبدالعزیز ، ١٩٨٣: ١٩٩). ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بیرۆکەی شیکردنەوەی زمان بەپێی ئاستەکان بێتە ئاراوە لەگەڵ ئەوەشدا ((دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی لێڤلەکانی زمان خۆی دەسکەوتێکی گرنگی زانستی زمانە . چەند بیرو باوەڕێکی جیا هەن دەربارەی لێڤلەکانی زمان و هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکیش دابەشکردنی تایبەتی خۆی هەیە.)) (وریا عمر امین ، ١٩٨٣: ٢٥٧).

زانایانی زمان ، زمانیان بەسەر چەند ئاستێك دابەش کردووە هەروەها گرنگترین و بچووکترین یەکەیان لە هەر ئاستێکدا دیاریکردووە ، لەبەر ئەوە دەبینین لێکدانەوە و شیکردنەوەی زمان خۆی لە نێو هەموو ئاستەکانی زماندا (فۆنۆلۆجی ، مۆرفۆلۆجی ، سینتاکس سیمانتیك ، پراگماتیك) دەبینێ . شێوازی جەختکردنیش وەکو بابەتێکی زمان ، دەکرێ لە هەموو لایەنێك و لەهەر ئاستێك لە ئاستەکانی زمان لێی بکۆڵرێتەوە ، ئەم باسەش ، کە پەیوەندی بە ئاستی سینتاکس و سیمانتیکەوە هەیە ، رستەش بە گرنگترین یەکەی لێکۆڵینەوە لەو دوو ئاستەدا دادەنرێت ، واتە بەپشت بەستن بە ڕستە وەکو یەکەیەك لەو دوو ئاستەدا پەیڕەو کراوە.

### ١-٢- شێوازی جەختکردن و شیکردنەوەی زمان:

شێواز ، وەك زاراوەیەك ، زۆر جار لە زانستی زمان و ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی و ... تاد ، بەکاردێت. ((لە زمانەوانیدا هەندێ جاریش وەك هەڵبژاردن لە نێوان چەند دەربڕینێکی هاوشاندا سەیر کراوە.))(محمد معروف فتاح ، ٢٠١٠: ٨٧). مەبەست لە

جەختکردنیش ، وەك شێوازێکی دەربڕینی تایبەت لە قسەکردندا ، کە قسەپێکەرانی زمان بۆ هەر مەبەستێکی تایبەت بە خۆیان بێت کە پێویست بکات بەکاری دێنن.

هەرچی شیکردنەوەیە: ((کردەیەکی سیستماتیکی یاسابەندە ، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی گرفت و کێشەکانی بوارێکی دیاریکراو ئینجا دۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی بوارەکە بەکار دەهێنرێت.)) (دارا حمید محمد، ٢٠١٢: ٤). لە ڕاستیدا شیکردنەوەی زمان بەپێی کەرەسەکانی زمانیی ، لە بچووکترین کەرەسەوە ، کەدەنگە دەست پێدەکات ، تاگەورەترین کەرەستەی زمان ، کە دەقە ، دەگۆڕێت. بەم جۆرە دەبینین: ((تیۆری بەرهەم هێنان و گۆیزانەوە: ت. ب. گ. تیۆرێکە لە گشتەوە بەرەو پاژ دەڕوات ، بەئاراستەیەکی ستوونی نەك ئاسۆیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ، بەم جۆرە هەست دەکرێت کە تیۆرەکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گۆڕینی ئاراستەی لێکۆڵینەوە زمانیەکاندا ، بەرەو خودی زمان بۆ دۆزینەوەی ئەو بونیادە داڕنراوەی کە بەهۆیانەوە ڕستەکان تەنها و تەنها هەموو ڕستە ڕێزمانیەکان – بەرهەم دێنن.)) (دیار علی کمال، ٢٠٠٢: ١٥). هەروەها (( ئاڵۆزی زمان و تێکچڕژانی کەرەستە پێکهێنەرەکانی زمان بە شێوەیەکە هیچ میتۆد و ڕێبازێك لە توانایدا نییە ، لە هەموو لایەنێکی بکۆڵێتەوە ، ئەمە بۆ خۆی هۆکارێك بوو بۆ گەلاڵە بوونی بیرۆکەی شیکردنەوەی زمان بە پێی ئاست.)) (محمد حسن عبدالعزیز ، ١٩٨٣: ١٩٩).

ئەو ئاستانەش ، کە تاکو ئێستا لێك جیاکراونەتەوە بەم شێوە : (( کە لە بچووکترین کەرەستەوە کە دەنگە دەست پێدەکات تاگەورەترین کەرەستەی زمان کە دەقە دەگۆڕێت.))(د. وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٤: ١٩٨) .

<table>
<tr><td>دەنگ</td><td>فۆنەتیک</td><td rowspan="3">بێ مانا</td><td rowspan="3"></td></tr>
<tr><td>فۆنیم</td><td rowspan="2">فۆنۆلۆجی</td></tr>
<tr><td>بڕگە</td></tr>
<tr><td>مۆرفیم</td><td rowspan="2">مۆرفۆلۆجی</td><td rowspan="4">مانادار</td><td rowspan="4">سیمانتیک</td></tr>
<tr><td>وشە</td></tr>
<tr><td>فرێز</td><td rowspan="2">سینتاکسی</td></tr>
<tr><td>ڕستە</td></tr>
</table>

**خشتەی ژمارە (١)**[1]

[1] (طالب حسین علی ، 1998: 6).

لە گەڵ ئەوەشدا زۆر جار ، ((سنوور لە نێوان ئاستەکان بە تەواوی دیار نییە و ئاڵۆزە)) (محمد حسن عبدالعزیز، ١٩٨٣: ٢٠٥).

## ١-٣- چەمك و پێناسەی جەختکردن :

لە زمانی کوردیدا ، زاراوەی (جەختکردن) بەرانبەر بە ( توکید ) ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت ، کە وشەیەکی لێکدراوە ، لە وشەی یەکەم ، پێدەچێ بە کوردی کراوی وشەی (ضغط)ی عەرەبی بێ دیوێکی دیکەی واتای تەوکیدی عەرەبییە. وشەی دووەمیش چاوگی (کردن)ی کوردییە . جەختکردن واتە پاڵەپەستۆ خستنە سەر، پەستان (فاضل نظام الدین، ٢٠٠٧: ٤١٠) . ئەمە لە ڕووی زمانەوەیە . لە ڕووی چەمك و پێناسەشەوە سەبارەت بە جەختکردن، وەکو شێوازێکی بەرفراوانی دەربڕین لە زماندا چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە ، پێناسەکانیش لە لایەن هەر ڕێزمان نووسێکەوە بە بیرو بۆچوونی خۆیان و هەروەها بەپێی ئەو قوتابخانە و ڕێبازانەی کە پەیڕەویان کردووە ، خستوویانەتە ڕوو . کەواتە هەر یەکە لە دیدگای خۆیەوە لە بابەتەکەی ڕوانیوە ، لەبەر ئەوە کارێکی ئاسان نییە ، پێناسەیەك بدۆزینەوە ، کە هەموو لایەنەکانی جەختکردن بگرێتەوە یان هەموو بابەتەکانی جەختکردن لە ژێر چەتری خۆیدا کۆ بکاتەوە.

سەرەتا لای ڕێزمان نووسانی کورد دەست پێدەکەین ((ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە کارەکانی پێشتردا تێبینی دەکرێت ، ئەوەیە ، کە جەختکردن لە لایەن ژمارەیەکی کەم لە ڕێزماننووسان باسکراوە و بە شێوەیەکی گشتی و بەکورتی باسی لێوەکراوە بێ ئەوەی ئاماژە بە لایەنە جیاجیاکانی بکرێت.)) (شلێر ڕەسووڵ محەمەد:٢٠١٠: ١٩- ٢٠). هەروەها لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی زاراوەکان گوازراونەتەوە [1].پێناسەکانیش بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

---

[1] سعید صدقی وتەوفیق وەهبی ونوری علی امین و ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕەفیق شوانی، کۆڕی زانیاری کورد،بەغدا، زاراوەی (تأكید) و (توکید) یان بەکار هێناوە، بەڵام عەزیز گەردی، ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی و.شلێر رەسول،... تاد، زاراوەی جەختکردنیان بەکار هێناوە، ئێمەش زاراوەی (جەختکردن) بەپەسندتر دەزانین و لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکاری دەهێنین.

تێبینی: تەنها ئەم دوو زمانەوانەی سەرەوە پێناسەیان کردووە . شلێر رەسووڵ پێناسەی نەکردووە .

■ ئامرازی تەئکید : ((ئەو ئامرازانەن بۆ تەئکیدی ڕوودان و ڕوونـەدانی ئەنجامـدانی کار و کردەوەیەکە ، کە لە لایەن قسـەکەرەوە لـە ئاخاوتنـدا بـەکار دەهێنـرێن . )) (ڕەفیـق شوانی ، ٢٠٠١: ١٩١).

هەروەکو لە پێناسەکەدا، دەردەکەوێت – ئامرازی تەئکید- لە ڕێگەی ئامرازەوە ، خراوەتە ڕوو ، واتە ، تەنها لە ڕوانگەی جەختکردن بە وشە و ئامراز ، پێناسەی جەختکردن کراوە ، بێئەوەی ئاماژە بۆ جۆرەکانی دیکەی جەختکردن بکرێت .

- ((تەوکید دوو جۆرە: یەکەم- تەوکیدی مەعنەوی: ئەو تەوکیدەیە کە بەیەکێ لەم وشانە ئەکرێ، وەك: (خۆی، هەموو، گشت، سەرانسەر، سەراپا ، تێکڕا).
دووەم- تەوکیدی لە فزی: ئەو تەوکیدەیە کە بە دووبارە کردنەوەی لە فزەکە پێك دێ، ئنجا: لە فزەکە یەکێك لەمانەیە:(پیت، فرمان، ناو، راناو) - )) . (نوری علی ئەمین، ١٩٥٦: ٩٦).
لێرەدا ئەوەی ، کە تێبینی دەکرێت ، تەنیا ئەو دوو پێناسەیە ، لە زمانی کوردیدا ، پێشکەش کراون .

لای ڕێزماننووسانی عەرەبیش لە (ئەلفیەی ئیبن مالك)ەوە ، سەرچاوە دەگرێ و بەشێوەیەکی گشتی دووبارەیە تا دەگاتە ڕێزماننووسە نوێیەکانی ئەم سەردەمە ، بۆ نموونە وەك: (خلیل احمد عمایرة) و (مهدي المخزومي) و ( فاضل صالح السامرائي) و... تاد ، شتی نوێی نەخراوەتە سەر. وشە عەرەبییەکەی جەختکردن لە ڕووی زمانەوە: (( بە واتای پشت ڕاستکردنەوە ، یان تووندکردن ، یان شەتاندن یان بەستان ، ... تاد ، دێت هەروەها لە ڕووی زاراوەوە: (ابوالعباس) گوتوویەتی جەختکردن دێتە ناو ئاخاوتن بۆ وەدەرنانی گومان.)) ( ابن منظور: ٢٠٠٨، ب: ١٥ – ١٦: ٢٦٩) . دیسانەوە لە سەرچاوە یەکی تردا بەم شێوە باسی بابەتی جەختکردن کراوە :-

■ ((جەختکردن، ئەو تەواوکەرەیە ، کە تەواوکراوەکەی دەچەسپێنێت و ئەگەری بە هەڵە تێگەیشتنی شتێکی نادیار، یان دەرنەکەوتوو لە ئاخاوتندا ، بەزیادە ڕۆیی ، یان بە هەڵەی لە سەر لادەبات ، دەکرێتە دوو جۆر ئەوانیش ، گوتەیی و واتایین.)) (السید احمد الهاشمی ، ١٣٥٤: ٢٨٦).

ئەم پێناسەی سەرەوە ، تەنها ئەو دوو بەشە ، یان جەختکردنەوە دەگرێتەوە ، کە دروست بوونی جەختکردنەکەیان بەهۆی ، ئامراز و پاتکردنەوە دروست دەکرێت .

- ((جەختکردن ، ئەو تەواو کەرەیە ، کە شتێك لە بارەی تەواو کراوەکە بەپێداگرییەوە ، دەردەخات و ئەگەری ناڕاستیشی لە سەر لادەبا.

ئامانجی جەختکردن: هەروەکو لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، بە هێزکردنی وتە گوتراوەکان و چەسپاندنیانە ، بە هۆی دووبارە کردنەوەی وشەیەك ، کە دەبێتە هۆی لادانی یان نەهێشتنی گومان لە سەر وتەکە. )) (محمد ابو الفتوح شریف ، ١٩٨٤: ٢٧٢) وەك ئەوەی کە دەگوترێ:

((١- حضر حضرالقاضي .

٢- العدو جبانٌ جبانٌ .

٣- رایتُ رائد الفضاء نفسه .

٤- حضر المدعیون كلهم . )) (سەرچاوەی پێشوو: ٢٧٢).

ئەم پێناسەیەش ، دەتوانێ دوو جۆری جەختکردن لە خۆبگرێ ئەوانیش جەختکردنە بە هۆی وشە و ئامراز و جەختکردن بە هۆی پاتکردنەوەیە، بەڵام ئاماژەی بۆ جۆرەکانی دیکەی جەختکردن نەکردووە.

- ((جەختکردن چەسپاندن و بەهێزکردنی شتێکە لە دەروونداا ، مەبەستیش لێی لابردنی هەر گومانێکە ، کە بەبیری گوێگراندا دێت ، واتە هەر بۆچوونێکی گوماناوی ناهێڵێت و لای دەبات.)) (مهدی المخزومی ، ١٩٦٤: ٢٣٤).

ئەم پێناسەی سەرەوە ، تەنها لە ڕووی مەبەستی بەکار هێنانەوەیە و ئاماژەی بۆ چۆنێتی دروست کردنی نەکردووە .

- ((لە ناو دەق و ڕۆنانی جیاوازدا لە زمانی ئینگلیزیدا ، جەختکردن بە کاردەهێنرێ ، بەمەبەستی ئامۆژگاری و چاو سوور کردنەوە ، یان بۆ دەربڕینی بیرو ڕا بە ڕوونی ، بۆ ناڕازی بوونێکی توند ، بۆ پیشاندانی گرنگی بابەتەکە ، بۆ پیشاندانی ڕێزو دڵسۆزی ، ... تاد)) .www.ecenglish / san -Francisco /? 729 .

ئەگەر ئەو مەبەستانەی ، کە لەم پێناسەی سەرەوە دا هاتوون ، دەکرێ سەر و ڕستەیان بۆ بهێنینەوە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی پێناسەکە:

- بۆ ئامۆژگاری و چاو سوور کردنەوە:- نەکەی بچی ها وا پێت دەڵێم.
- بۆ دەربڕینی بیروڕا بە ڕوونی: هەر دەبێ بێی.
- بۆ دەربڕینی ناڕازیبوونێکی توند: بەخوا فەرمانەکەی ڕەتدەکەمەوە.
- بۆ پیشاندانی گرنگی بابەتەکە: بەڕاستی شتێکی چاکە.
- بۆ پیشاندانی ڕێز و خۆشەویستی: هەرگیز لە بیرتان ناکەم.

یان لە پێناسەیەکی دیکەی جەختکردندا، دەڵێت :

- (( وشەیەك یان گرێیەك جا چ لە ئاخاوتندا بێت یان لە نووسیندا بێت پاتدەکرێتەوە ، یان لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە گرنگی پێدەدرێ و لە بەرچاو دەگیرێ ، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە قورساییەك لە بەدەرخستن و جەختکردنی لە سەر بەدەرکەوێ ، یان لە بەدەستەوە دانی ئاخاوتندا ، جەختکردن لەوانەیە بەهۆی توندی و هێزی دەربڕین (سترێس)ەوە بێت کە دەخرێتە سەر وشەکان بۆ دەرخستنی گرنگی و بایەخ پێدانیان.)).

www. Grammar. About. Com/ OD/ e/ g/ emphasi term. Htmemphasis definition ئەم پێناسەی سەرەوە ، تا ئێستا گشتی ترین پێناسەیە ، کە بەرچاومان کەوتبێت ، چونکە لە سێ ڕووەوە ، پێناسەی جەختکردنی کردووە ، ئەوانیش:

١- لە ڕووی پاتکردنەوە.
٢- لە ڕووی ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە ، (بەلووتکاندن).
٣- لە ڕووی ئاوازەی دەربڕینەوە.

هەروەها لە فەرهەنگی (Oxford )دا ، بەم شێوەیە پێناسە کراوە :

- ((جەختکردن ، زیادە وزەیەکە ، کە بە وشەیەك ، یان چەند وشەیەك دەدرێ لە کاتی ئاخاوتندا ، تاکو واتایەکی ڕوون ببەخشێ ، یان بۆ ئەوەیە بەگرنگیان نیشان بدات.)) (A.S. Hornby, Advanced Learner,s Oxford,8th .) لەم پێناسەی سەرەوە ، تەنها لە ڕوانگەی هێزی دەربڕینەوە بۆ بابەتەکە چووە و لایەنەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە ، واتە جەختکردنی تەنها لە ڕووی (سترێس) هێزی دەربڕینەوە پێناسە کردووە. لە کتێبی ،(Longman) یش، بەم شێوەیە ، جەختکردنی ڕوون کردۆتەوە :

((ا- ڕێگاکانی گوتنی هەندێ شت ،کە بە دڵنیاییەوە ڕاستن، بەدڵنیاییەوە ڕوویان داوە.
٢- ڕێگاکانی گوتنی هەندێ شت،کە بەدڵنیاییەوە بوونە یان دەبن.
٣- ڕێگاکانی گوتنی ئەوەی ،کە کەسێ یان شتێ هەر سەردەکەوێ یان هەر دەردەچێ.

٤- ئەنجامــدانی هەنــدێ كــار، كەبــە دڵنیاییــەوە هەنــدێ كــاری دیكــەی بــەدوا دا دێــت.
٥- دڵنیــابوون لـــە ڕوودانێـــك كـــە نـــاتوانرێ قەدەغـــە بكـــرێ یـــان ڕێـــی لێ بگـــیرێ.
٦- وشانێكن بۆ وەسف كردنی هەندێ شت بەكاردێن، كە بـە دڵنیاییـەوە ڕاسـتن یـان ڕاسـت دەردەچـن. هتـد.(١٨٨: ل , سـاڵ ,... Longman Language Activator, نـاو).
-ئەم خاڵانەی سەرەوە ، دەتوانین بەم شێوەیە ، كورت بكەینەوە:

ڕێگاكانی گوتنی هەندێ شت ، كە بەدڵنیاییەوە ڕاستن ، یان ڕوویانداوە یان ڕوودانێك كە ناتوانرێ ڕێگری لێ بكرێ ، یان هەندێ شت ، هەر بوونە یـان دەبـن یـان كەسـێ ، شـتێ هەر سەر دەكەوێ ، یان هەر دەردەچێ ، یـان كارێكـە و كاریدیكـەی بـەدوادا دێـت ، یـان بـۆ وەسف كردنێكی تەواو ڕاستن یان ڕاست دەردەچن .

- ئێمەش ، لە ڕوانگەی دەروازە سەرەكییەكانی جەختكردن لـەم باسـەدا ، بەگشـتی ئـەم پێناسە دەخەینە ڕوو كە تێكڕا جۆرە سەرەكییەكانی جەختكردن ، لە خـۆ دەگرێـت ، بـەم شێوە:

جـەختكردن: بریتییـە لـە پاتكردنـەوەی وشـەیەك یـان دەربڕاوێـك ، یـان بـەهۆی وشـە و ئامرازەكـانی جەختكردنــەوە ، بەرهەمـدە هێنرێـت ، یـان لـە ڕێگـەی واتـایی ڕسـتەوە،لە ڕەوتی ئاخاوتن و دەربڕینی جیاوازەوە ، بەرجەستە دەكرێت.

مەبەستیش لە جەختكردن بۆ ئەوە بەكاردەهێنرێ ، تا پێداگری ، مكوڕی لـە سـەر مەبەسـت و ویسـتێكی دیـاری كـراو بكـات و گومـان و دوو دڵـی و دڵـەڕاوكێ و تێگەیشـتنی خوازەیی و ناڕوونی واتایی نەهێڵێت و واتا و مەبەستی ویستراو لەلای گوێگر بەتێن بكات و بیچەسپێنێت.

**٤-١- بنەماكانی جەختكردن لە زماندا :**

دەكرێ بنەماكانی جەختكردن لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دیاری بكەین:

١- شـێوازی جـەختكردن ، وتەیـەكی یـان ڕسـتەیەكی دەربـڕراوە لـە كـات و شـوێنی پێویستدا ، بەرهەم دەهێنرێت ، واتە لە چوار چێوەی قسـەكردندا لـە لایـەن قسـەكەرەوە ، دەردەبڕرێت و بە بەشداریكردنی گوێگر دەبێت.
٢- یاسـاو ڕێسـاكانی جـەختكردن ، لـە ڕووی پێكهاتـەی سینتاكسـییەوە هـەمان ئـەو یاسایانەن ، كە لە پێكهاتەی سینتاكسی ڕستەی سادەدا هەیە. سەرباری ئەوەی ، كە لە ڕووی

گۆڕینی ئاواز و پاتکردنەوە بە دووبارە کردنەوەی وشەکان و جەختکردن بە هۆی وشە و ئامراز بۆ ڕستە زیاد دەکرێن.

٣- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ، شێوازی جەختکردن بریتییە لە چەسپاندنی شتێك ، دەربڕینی قسەکەرە ، بەرانبەر بە گوێگر واتە نەهێشتنی گومانە لە بارەی ئەو شتەی ، کە پێشتر گوتراوە ، یان کە لە بارەیەوە دەدوێین.

((لەهەندێ باری دیاریکراودا، واتا ، پێویستی بە جۆرە داڕشتنێکی تایبەت دەبێت ، بۆ لابردنی ئەوەی ، کە دەبێتە هۆی لێڵی ، یان دوو دڵی ، یان تێکەڵ کردن ، یان دەبێتە هۆی لێکدانەوەیەکی هەڵە (نادروست). بۆ ئەوەی بڕوامان بە دروستیی هەبێت و ڕەزامەندی تەواومان لە سەر بێت ، بێ ئەوەی پێویستی بەزیاد کردنێك بکات ، کە ببێتە هۆی درێژدادڕی لە ڕاڤەکردندا. هەروەها واتا بە تەواوی لە خودی وەرگرەوە پەیدا نابێت ، تەنیا دەبێ لەو ڕێگریانەی ڕزگاری بێت و لە سەرچاوەکەی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەربڕرابێت . کەواتە: جەختکردن: یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە بۆ ڕستە زیاد دەکرێت دوای تەواو بوونی واتاکەی ، بۆ ئەوەی مەبەستەکە بە ئەنجام بگەیەنێت.)) (حبيب مغنيه، ٢٠٠٤: ٤٠٨). مەبەستی نووسەر لەم پێناسەی سەرەوە، ئەوەیە ، کە ڕستەکە بەبێ ڕەگەزەکانی جەختکردن واتای تەواو و سەربەخۆیان هەیە و ڕەگەزەکانی جەختکردن دەکەونە دەرەوەی پێکهاتەی ڕستەوە و ئەگەر ڕەگەزەکانی جەختکردن لە ڕستەکە بکەینەوە ، واتای ڕستە تێك ناچێ ، تەنها ڕەگەزی جەختکردنەکەی لە سەر لادەچێ . هەروەها جەختکردن یارمەتیدەر دەبێ بۆ کورتبڕی و زوو بە دەستەوەدانی واتای ویستراو ، لە کورتترین ماوە و بەکەمترین وزە و چڕ ترین دەربڕیندا . هەروەها چاکترین ڕێگا چارەی کۆتایی هێنانە بە ئاخاوتن ، چونکە واتا و مەبەست زوو بە ئەنجام دەگەیەنێت. زمانەوانێکی دیکە دەڵێت : ((ڕاستی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، لەم شێوازەی ، کە پشت بە چەندێتی باوەڕپێکردنی گوێگر بە قسەکەر دەبەستێ ، کە هەواڵەکەی چەند بەڕاست دەزانێ یان بە درۆی دەزانێ ، یان گومان کردن و ڕەتکردنەوەی گوتەکانی قسەکەر پەیوەندی بە کۆمەڵێ ئاستەوە هەیە ، کە وادەکەن جەختکردن بەکار بهێنرێ ، چ لە ڕووی چۆنێتی بێ ، یان لە ڕووی چەندێتی بێت.)) (عائشه عبيزه ، ٢٠٠٩: ٦ – ٧ ).

### ١-٥- جۆرەکانی جەختکردن لەزماندا :

بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ، کە ئەنجام دراوە ، دەکرێ ، جەختکردن بە شێوەیەکی گشتی لە سێ کۆمەڵەی جیاوازی سەرەکی ، دەستنیشان بکەین ، کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

١- جەختکردن بەهۆی وشەو ئامراز
٢- جەختکردن بە پاتکردنەوە
٣- جەختکردن بەهۆی واتای ڕستەوە

هەر یەکە لەو کۆمەلآنەش ، کە ئاماژەیان بۆ کراوە ، لە بارەی جۆرەکانی جەختکردنەوە دەکرێ بە پێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بیانخەینە ڕوو:

جۆرەکانی جەختکردن

١-جەختکردن بە وشەو ئامراز | ٢- جەختکردن بە پاتکردنەوە | ٣ - جەختکردنی بە هۆی واتای ڕستەوە

هێڵکاری ( ١)

### ١-٦- ئامرازو وشەکانی جەختکردن :

زۆر وشە و ئامراز لە زمانی کوردیدا ، هەیە کە ئەرکی جەختکردن جێ بە جێ دەکەن ، کە دەبنە بەشێك لە وشە ئەرکییەکان[١].واتە وشەکان لە خودی خۆیان واتایان نییە ، بەڵکو ئەرکیان هەیە هەروەك لە بەشی یەکەمدا ، بەدرێژی باسی کراوە . سەبارەت بە ناو لێنانی بەشەکە ، لەبەر ئەوە ناونراوە ( ئامراز و وشەکانی جەختکردن)، چونکە هەندێك لە ئامرازەکان واتایان نییە ، تەنها ئەرکی جەختکردن دەبینن . ئەمەیان بۆیە ناونراوە ئامراز و سەبارەت بە (وشەش) (وشەکانی) جەختکردن ، ژمارەیەکی زۆری وشەمان هەیە تەنانەت جاری وا هەیە دەبێتە چەند وشەیەك یان چەند ئامرازێك لە دروست کردنی وشەکە بۆ جەختکردن و واتا دارن . واتە ڕامانێك ، واتایەك لە خۆ دەگرن.

---

[1] بڕوانە : امیر محەمەد محەمەددەمین ، ٢٠١٤: ٦ .

- **لەم باسەدا توانراوە ، تا شەست ئامراز و وشەی جەختکردن دەستنیشان بکرێت ، هەروەها پۆل کراون و ئاماژەیان بۆ کراوە و بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویست خراونەتە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە .**

**١-٧- ئامرازەکانی جەختکردن :**

- **– ئـا :**

١– قازەکە چاوی گێڕا بەو ناوەدا کابرای راوکەری بە تانجییەکەیەوە ، کە هێشتا بەو ناوەدا دەگەڕا ، بەڕێوی نیشانداو گوتی:

٢– ئا ئەو پیاوەیە. (موحسین قزڵچی ، ٢٠١٣: ١١١)

٣– ئا ئەمەیە ئیسلام .

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم نموونەی (٢)ە ، ئەوا دەبینین لە دوو جۆر ڕەگەزی جەختکردنی تێدایە کە: {ئا} و {ئەمەیە}.

- **ئادەی**

٤– پادشا گوتی: ئادەی بابزانین. (سەرچاوەیپێشوو: ١١٥)

٥– پادشا گوتی: ئادەی کیژۆڵە ، تۆ کە ئەوەندە دەزانی پێم بڵێ دارایی من بایی چەندەیە؟ (سەرچاوەی پێشوو: ١١٥)

٦– – ئادەی بزانم دەیزانن دوێنێ لە کوێدا کۆتاییمان پێ هێنا؟ (حسێن عارف ، ١٩٨٤: ٢٨٦)

- **-ئاخر:**

ئەم وشەیە ئامرازە و لە (اخر)ی عەرەبی جیایە وقسەکەر ئەگەر زۆر دڵنیا نەبێت لەو ڕستەی ، کە لە دوای {ئاخر} دەریدەبڕێ ، ئەوا ئامرازەکەی لەگەڵ بەکار ناهێنێ .

(٧)– ئاخر فەلەکی بەدکار دوو چاری خەمی کردم .

جارێ لە خەوا وەسڵی لەب جامی جەمێکم بوو (عەونی ، ٢٠١١ ، ١٦٧)

(٨)– کەدادی یەئسی خۆمم بردە لا ئەم عارفە توند بوو

وتی ئاخر سبەینێ جەژنە خوێنی تۆ لە پێ دەگرم . (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و..، ١٣٨٧: ٢٦١)

(٩)– پشیله ووتی: ئاخر لەبەر ئەو بەدکاریەتە من دوژمنایەتیت لەگەڵ دەکەم. (کوردستان موکریانی ، ١٩٨٤: ٣٢).

- **- ئەدی (بەدی): ئەی:** (مصطفى خرم دل ، ؟: ١٥٣).

ئامرازی جەختکردنی {ئەدی} ، جیایە لە ئامرازی {ئەی} بانگهێشتنی وەك: ئەی کوردینە ، ئەی کوڕینە ، ... تاد ، ئەم{ئەی}یە ئەدی ، بووە بۆ جەختکردنە لە سەرکار و کردەوەیەك ، کە لە راستیدا وابووە لە سلێمانی وگەرمیان/د/ ەکەی سواوە ونەماوە.

(١٠)– ئەی ، تۆخۆت پێت نەوتم کە دێم. (نوری عەلی ئەمین ، ١٩٥٦: ٩٦– ٩٧)

(١١)– گریمان ئێستە کاری نابەجێم کرد.

ئەدی ئازارەکەی پارم لە سەرچی؟ (عەونی ، ٢٠١١: ٣٩٣)

(١٢)– خەم رەوێنێك لێرە من ناکەم بەدی.

چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی (هێمن ، ٢٠٠٣: ٣١٩)

- **ئێ:**

ئەم ئامرازە ، چالاکە زیاتر بۆ بەگەڵ دانی بیر و بۆ چوون ( تصدیق ) بە کاردەهێنرێ واتە، کاتێ قسەکەر هەواڵێك، یان بیر و بۆچوونێك ، دەردەبڕێ، گوێگریش بۆچوونی خۆی لە گەڵ قسەکەر جووت دەکا و وتەکانی پشت ڕاست دەکاتەوە ، بەم وتە :

(١٣)– ئێ وایە.

- **ئێ دە :**

ئەمەش لە هەردوو ئامرازی جەختکردنی (ئێ+دە) دروست کراوە. ئەم ئامرازە زیاتر بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە جەخت دەکاتە سەر داخوازی و فەرماندان .

١٤– ئێ دە بڕۆ .

- **ئێ دەخۆ:**

ئەم ئامرازە، لە سێ کەرت پێکدێت ، کە بریتین لە : {ئێ} و {دە} و {خۆ}، کە لێرەدا هەر سێکیان یەکیان گرتووە و بە مەبەستی ، بەهێزکردنی جەختکردنەوەکەیە.

(١٥)– ئێ دەخۆ ناهێڵم بچی.

- **بـا:**

ئامرازێکی چالاکە.لای قسەپێکەری زمانەکە زۆر بەکار دەهێنرێت . سەعید سدقی بەم شێوە باسی دەکات و دەڵێت : با: أدات تعجيل وتأكيد أمر غائبه، . (سعيد صدقي، ١٩٢٨: ٦٨) وەکو :

١٦- با بڕوا

لە گەڵ ئەوەشدا ، {با} بۆ کەسی ئامادەبووش بەکاردێت ، هەروەها بۆ کاتی رابردوو و رانەبردووش بەکاردێت و ئامرازێکی چالاکە.

{با} هاودەنگ دەبێ لەگەڵ {با}ی لەجیاتی بەڵێ ، بەڵام جیان بۆ نموونە:

(١٧)– نەدیوتە و نە ناوبانگیشت بیستووە .

(١٨)– با ، ناوبانگیم بیستووە (محەمەد فەریق حەسەن ، ٢٠١٠: ٨٠).

واتە بەڵێ ناوبانگیم بیستووە.

هەروەها لەگەڵ ڕێژەی کاری دانانیش بەکاردێ بۆ نموونە لەگەڵ کاری رابردووی دانانی وەك:

(١٩)– با بڕۆیشتایە.

یان بۆ ڕانەبردوو بەکاردێ ، وەك:

(٢٠)– با بڕۆین .

- **توومەز:**

(٢١)– توومەز هەموو شتێکی زانیوە.

(٢٢)– توومەز لەو سەری هاتۆتەوە.( نەسرین محەمەد فەخری، ١٩٩٨: ٢١٦)

واتە لەپێش من/ ئێمە ، ئەو هەموو لایەنێکی بابەتەکەی بە تەئکید پشکنیوە و بەباشی زانیاری لە بارەی ئەو شتە یان ئەو بابەتە کۆکردۆتەوە ، ئنجا هاتووە لە بارەیەوە دەدوێ .

- **خڕ:**

(٢٣)– دەرگەم لە سەر خڕ[1] داخست

واتە من بە دڵنیایی لە سەدا سەد دەرگام لە سەر ئەو داخست

خڕ: جەختەکەیە، (نەك شێوە گۆیی).

---

١ جاری وا هەیە ، کە ئاخیوەر ، ئەو گوتەیەی ، کە دەریدەبڕێ، ناتوانێ شی بکاتەوە . بۆ نموونە کاتێ ئاخێوەر ڕستەی ژ. (٢٣) دەردەبڕێ ، لە وانەیە گوێگر هەبێ پرسیار بکات و بڵێ : ئەوە دەرگایە و داتخست ، ئەدی (خڕ )ەکە ، چییە ؟ لە وانەیە پرسیار لێکراو وەڵامی ئامادەی لانەبێت و نەتوانێت ئەم پرسیارە وەڵام بداتەوە ، یان لەوانەیە بڵێ: زمانەکە ئەوهایە و ئیتر نازانم .

داخست: جەختکراوەکەیە
(٢٤)– ((– تۆ پۆستەبەری و لە دەروازەی خڕ داخراوی هەموو ماڵە کوردێ دەدەی.))
(حوسێن محەمەد عەزیز، ٢٠٠٦: ٢٤١).

- - خۆ[٢]:

(صالح حسین پشدەری، ١٩٨٥: ٨١) ئەم مۆرفیمەی {خۆ}ی بە ئامرازی ڕستە بەستی ناوبردووە (ئامرازی لێکدەری ڕستە)، ئەگەر ڕستە بەستیش بێ ، ئەوا لە هەمان کاتیشدا، ئەرکی جەختکردنیش دەبینێ، باسەیری ئەم گفتوگۆیە بکەین:
(٢٥)– درەنگ برۆی ، خۆ شەو پێت ناکرێ بگەڕێیەوە.
(٢٦)– خۆ جێیەك دەبێ/ پەیدا دەبێ ، بچمێ.
دەبینین لە رستەی (٢٥) {خۆ}: جەخت لەسەر نەتوانینی گەڕانەوە دەکا و {خۆ}ی ڕستەی (٢٦) جەخت لەسەر هەبوون وپەیدا بوونی جێیەك دەکا ، کە جێ زۆرە بۆ ئەو ، ئەگەر شەو لەو شوێنە بمێنیتەوە.

(٢٧)– خۆ من ژوانم دەگەڵ کەس نەکردووە. ( ئۆسکارمان،٢٠١٣: ٨٥) .

(٢٨)– ئای خۆ تاریك و ڕوونە.

(٢٩)– خۆ رزگار بوونم یەکجار مەحاڵە.
گـەیشتن بە تۆ خەون وخەیاڵە (عەونی ، ٢٠١١: ٢٧٣).

دەکرێ{خۆ} لەگەڵ ڕستەی مەرجیش ، بەکاربێت وەك ئەم نموونە:

(٣٠ ) (( خۆ ئەگەر جێناوی خۆیی فۆرمێکی لێکدراو بێت ، وەکو وشە لێکدراوەکانی دیکە نابێ هیچ مۆرفیمێك بچێتە نێوانیانەوە.)) (بەدرخان ،٢٠٠٦: ٦).

- دە:

ئەم ئامرازە زۆر چالاکە، لە دروست کردنی ئامرازی دیکەشدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە . ( سعیدصدقی ) ، دەڵێ: دە، بۆ تەئکیدی کاری داخوازی حازرە ، نموونەشی بۆ هێناوەتەوە: (٣١) ((دە بنوسە)) (سعید صدقی، ١٩٢٨: ٩٦).

بۆ کاری داخوازی ناحازریش ئەم ڕستەی هێناوەتەوە :

---

[2] ئەم ئامرازە هاودەنگە ،لە گەڵ جێناوی خۆیی و هیچ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوانیاندا نییە .

(٣٢) دەبا بنووسیٚ .

هەروەها ، د.نەسرین فەخریش لە بارەی ئەم ئامرازەوە دەڵیٚ : ((کە لە فارسی و تورکی و قسەی ناو خەڵکی عەرەبی عێراقیش، بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، کە (هاندان) وبێزار بوون نیشاندەدات ، بۆجەختکردن زیاتر ئەم (دە)یە دووبارەدەکرێتەوە.)) (نەسرین فەخری ، ٢٠٠٢: ١٢٢).

(٣٣)– دەبڕۆ.

(٣٤)– دەبیبرەوە.

ڕەفیق شوانیش {دە}ی لەژێر ئامرازی تەئکیدی سادەدا ڕیزکردووە. (ڕەفیق شوانی ، ٢٠٠١: ١٩١).

{دە} زیاتر لەگەڵ کاردا دێت تا ناو و بەتایبەتی لەگەڵ جۆرەکانی ڕانەبردوو و داخوازی زۆر چالاکە، نموونە بۆ کاری داخوازی:

(٣٥)– ((لەسەربەردی دەخوێنیٚ کەو بەدەستە

دەڵیٚ راوکەر ئەگەر پیاوی دە هەستە. )) (دیوانی هێمن ، ٢٠٠٣: ١٨٣).

(٣٦)– ((کوڕەکەی گوتی: هەر بەخۆڕایی نانی من دەخۆی ، دەبڕۆ هۆ لەویٚ راکشیٚ لە ئاغە لەکە.)) (موحسین قزڵچی ، ٢٠١٣: ١١٩). نموونە بۆ کاری رانەبردوو:

(٣٧)– دەلێرەنارۆم.

نموونە بە هاتنی لە گەڵ جێناوی سەربەخۆ:

(٣٨)– ((گوتی: راست دەکەی. دە تۆ کیٚی؟)) (هەژار ، ٢٠٠٩: ٨٥)

- **دەبا:**

ئەم ئامرازە پێکهاتووە لە (دە + با) کە هەردووکیان بە سادەیش ئامرازی جەختکردنن و پێکیان گرتووە و ئامرازی سێیەمیان هێناوەتە ئاراوە.

(٣٩)– دەبا هەستین ، درەنگە.

(٤٠)– دەبا بۆ خۆیان بڵێن .

- **دەدەی:**

ئەم ئامرازە لە دوو ئامرازی (دە + دەی) پێکهاتووە ، کە هەر یەکەیان ئامرازێکی سەربەخۆیە و یەکیان گرتووە و ئامرازی سێیەمیان پێك هێناوە ، نموونە:

(٤١)– دەدەی ، دایە ئەو بووکۆکەم بۆ بکرە.

– (٤٢) دەدەی بەسە.

- **- دەسا:**

سعید صدقی دەڵێ: ((دەسا– ادات امره لەگەڵ شدتا ،(سعید صدقی... :٦٩) وەکو

(٤٣) (دەسا برۆ، دەسا بڕوا))

(٤٤)– دەسا خۆت هەڵگەڕێ ببڕە بە گورجی

بڕۆ پیێش بێ وچان لێ بخـــوڕە، باژۆ. (هێمن ، ٢٠٠٣: ١٦٩).

(٤٥)– دەسا وایە.

- **دەنا:**

(٤٦) دەنا چەند جارێکی تریش تووشی ئەو نەخوشی دڵە ببوو.(عبدالله عزیز خالد ، ١٩٨٠: ٦٤).

(٤٧)– دەنا لە من وایە لە شازەمان بەو لاوە دنیا کەسی دیکەی تێدا نییە. (قادر فەتاحی قازی ، ٢٠٠٧: ٥٥))

- **دەی:**

بۆ هاندان و جەختکردن بەکاردێت:

(٤٨)– دەی زارا زوو وەرە. (ئیبراهیم ئەمین باڵدار ، ٢٠١١: ١٧).

(٤٩)– دەی سەلماندنی ئەم ڕاستییە مەبەستێکی گرنگی ئاینییە. (نوری فارس حەمە خان ، ٢٠٠٤: ٩).

- **دەهەر**

ئەم ئامرازەش لێکدراوە و لە هەر دوو ئامرازی (دە+ هەر) دروست بووە.

(٥٠)– ((بڵێ ئەو مردنەی لێی ڕادەکەن دەهەر دەتانگاتێ.)) ( قورئان / الجمعه: ٨)

- **سادەی :**

ئامرازێکی لێکدراوە لە هەردوو ئامرازی (سا+ دەی) پێکهاتووە.

(٥١)– ڕۆژی تێکـــۆشانە سادەی هیمەتێ تاکـــوو زووە.

بەشکو لەم حاڵە نەجاتمان بێ و لە دیلی دەربـــچین.( ئومێد ئاشنا، ٢٠٠٨: ٨٣)

(٥٢)– وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فریادم نەما سادەی

ڕەفیقان نیوە سووتن ئێوە نامەرد عەرزە هاوارێ (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٦)

- **سوڕ:**

بەبۆ چوونی ئێمە ئامرازی {سوڕ} ڕێك بەواتای بە تەئکیدی عەرەبییە بەڵام ئێستا بەکار– هێنانی وەك پێویست نییە. لەگەڵ کارە ڕابردوو و ڕانە بردووەکان بەکـــار دێت لەگەڵ کاری

رابردووی بەردەوامیش بەکاردێت ، وەك:

(٥٣)– سورِ دەمزانی دێیت.

(٥٤)– بۆ هاتی ، کەتۆ سورِ دەتزانی دێم.

دەگوترێ:

(٥٥)– سورِ دەزانم ، دێیت.

(٥٦)– بۆ هاتی ، کەتۆ سورِ زانیت هاتم.

هەروەها لەگەڵ کاری داخوازی بەکار نایەت ، ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە ، وەك:

(٥٧)– سورِ بزانە وەرە.

بەڵام بەم شێوە بە کار ناهێنرێ:

(٥٨) – سورِ بخوێنە* .

- **کـا:**

بەزۆری لەگەڵ کاری داخوازی بەکاردێ ، وەك:

(٥٩)– کا هەتا ئێرە وەرە ، بێزەحمەت.

- **هەر:**

(( هەر ،وشەیە،(سیفەت)ێکی نادیارە( موبهەمە) نائاشکرایە. بە تەنیا و لە پاڵ و لە گەڵ گەلێك وشەدا یەك دەگرێت و چەندان واتا و مەبەستی نوێ دروست دەکات لە زمان دا . )) (نەسرین فەخری ، ١٩٨٨: ٩١) . هەروەها لە بارەی ئەم ئامرازەوە ، د.شێرکۆ بابان ،دەڵێ: (( کەرەستەی – هەر – بریتییە لە ڕەگەزێکی ڕێزمانی زۆر سرك و نەگیر و بەربڵاو. لە لایەکەوە بە پلیکانەی کار و بە پلیکانەی ڕستەدا ڕاوێشکە دەکات و لە لایەکی دییەوە دەچێتە نێو کۆمەڵەی ناو و کۆمەڵەی ئاوەڵگوزارە . لە ڕاستیدا کەرەستەی –هەر – ڕێزمانەکەی زۆر ئاڵۆزە و بە جوانی و بە هوردی لێك نەدراوەتەوە . )) (شێرکۆ بابان ، ٢٠٠١: ٢١٨ ) .

(٦٠)– هەر کارێ لەلای بەندە گرانە

ئەوە لە لای خوا گەلێ ئاســـانە. (ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد: ٢٠٠٩: ١٧٩)

(٦١)– هەر ، دێم ، لەگەڵتان.

- **هەرە ،** ( لە ئاوەڵناوی پلەی باڵادا):

ئەم ئامرازە لەگەڵ ئاوەڵناوی پلەی چەسپاودا ، پلەی باڵا دروست دەکەن ، دەکرێ یاساکەی بەم شێوەی خوارەوە دا بڕێژین:

هەرە (ئامرازی جەخت) + ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو

– هەرە شیرین، هەرە ئازا ، ... هتد.( ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٩٢: ١٠٩)

(٦٢)– هەرە زیرەکی ئەم پۆلە دارایە.

واتە دەتوانین بڵێین {هەرە} دوو ئەرك دەبینێ.

١–ئەرکی (ترین)ی پاشگری ئاوڵناو دەبینێ، چونکە بەیەکەوە کۆنابنەوە لەیەك ڕستەدا.

٢–ئەرکی جەختکردنەکە دەبینێ و جەختکراوەکەشی ئاوەڵناوی پلەی چەسپاوەکەیە.

هەروەها بەشێوەی دیکەش دروست دەکرێ کە ئەوانیش هەر دەکەونە خانەی جەختکردنەوە، بە یارمەتی دەستەواژەی وەك (لەهەموو ، لەهەمووشت ، لەسەرتاپایان، لەتێکرا، ...) لەگـەڵ ئاوەڵناوی پلەی بەراورد دا دێن ، نموونە:

(٦٣)– بەزمی ئەم شەو لەهەموو شەوان زیاترە. (سەرچاوەی پێشوو: ١١٠)

(٦٤)– جگـە لـەوەش لە هەموو شت خراپتر

دڵ خاڵی یە، کوورەم تیا نیە ئاگر. (دیوانی گۆران : ١٩٨٠: ١١٥ ) .

- **تەنانەت:**

محەمەدی مەحوی، پێی وایە ، کە ئەم ئامرازە، لە دوو کەرت پێك دێت ، بەم شێوە : { تەنانەت...یش }بەم شێوە باسی دەکات : (( نرخاندنێکی تێدایە ، کە چاوەڕێناکرێت . لێرەدا بەراوردێك لەگەڵ ئەو ئاڵتەرناتیڤانەدا دەکرێت ، کە ئەگەری ڕوودان و هەبوونیان هەیە . /تەنانەت/ وەك /هەروەها/ بەبێ/ _یش/ ڕوونادات و دەرناکەوێت ، بۆ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤە چاوەڕێ نەکراوە– کەیش بگرێتەوەو لە خۆیدا هەڵبگیرێت ./_یش/بە کام وەچەپێکهاتەیەوە لکێنرا ، دەبێتە ئەڵتەرناتیڤە چاوەڕێنەکراوەکەی ، مەبەستی دەربڕینەکەیە. ڕکێف و مەودای پەیوەستبوونی واژەگۆکەرەکە بە وەچەپێکهاتەکەیەوە مەرجێکی لەگەڵدایە ، کە دەڵێت:

مەرجی دابەشبوونی /تەنانەت...یش/

پێویستە ئەو دوو توخمەی / تەنانەت ... یش/ هەردووکیان لە ناو پرۆژە گەورەکەی کردارە کات و کەسدارەکەدا بن ، کە رستەکەیە . ))( محەمەدی مەحوی ، ٢٠١١: ٢٤٩) وەك :

٦٥– تەنانەت داراش دێت . ( چاوەڕێ نەدەکرا داراش بێت بەڵام ئەویش دێت ) .هەروەها ئەمەش لە بارەی گوتراوە :

(( أ- ئەگەر ، لەسەرەتای ڕستەدا دەربکەوێت ، ئەوا جەخت لە سەر واتای هەموو ڕستەکە دەکاتەوە. وەك :

(٦٦)- تەنانەت ، درۆش دادت نادات.

ب- ئەگەر لە پێش پێکهاتەیەکەوە لە ناو ڕستەدا دەربکەوێت ، ئەوا مەودای تیشکۆکەی- Focus دروستیدەکات تەنها ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە وەك لەم نموونەدا دەردەکەوێت:

( ٦٧) - تکایە قەرز نییە تەنانەت بۆ تۆش.)) (کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨: ١٤٢ - ١٤٣)

لەڕستەی ( ٦٦ ) جەختکردنی تەنانەت ، دەکەوێتە سەر هەموو واتای ڕستەکە ، واتە دەکەوێتە سەر هەموو کـەرەستەکان. بەڵام لەڕستەی ( ٦٧ ) جەختکردن تەنها دەکـەوێتە سەر، (بۆ تۆش) ، لەم دوو ڕستەیەدا ڕوون دەبێتەوە کە {تەنانەت} جەختەکـەی تەنها بۆ سەر ئەو کەرەسـتانەیە، کە دەکەونە دوای خۆی .

**١-٨- مۆرفیمی ئەرکی:**

**مۆرفیمی { یش ، ش }:**

ئەم ئامرازە زۆر چالاکە . دەتوانێ بەزۆربەی کەرەستەکانی زمانەوە بلکێ و ئەرکی جیاواز دەبینێ . ((ئامرازی (ش/یش) ، لەگەڵ زۆر بەی ئامـرازە لێکـدەرەکانی تردا بۆ تەئکید کردنی مەبەست و ڕوودانی فرمانەکـانیان دوو ڕستەی سادە بەیەکتر دەبەستن )): (ڕەفیق شوانی ، ٢٠٠٣: ٩١) . بۆنموونە:

(68)- هاتیش و ڕۆیشتیش.

(69)- هاتـیش و ڕۆیشت.

لە ڕستەی(٦٨)دا ، ئەگەر {ش} ەکە بخرێتە سەر (ڕۆیشت)، هەمان واتای هەیە ، بەڵام جەختاوەکە دەگۆڕێ و دەکەوێتە سەر (ڕۆیشت). هاوڕایی سەبارەت بەم ئامرازە بەرچاودەکەوێت وەك:((/ش/ تەنها بۆ یەك مەبەست بەکارناهێنرێت وەك هاوبەش بوونی دووشت ، یا زیاتر ، بەڵکو بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت و بەپێی جۆری ڕستەکە واتای جیاجیا دەگەیەنێ.)) (ساجیدە، ٢٠١٣/ أ: ٨٥) . هەروەها دەربڕینی نزیك واتا دەربڕاوە : (( ئەگەر ( ش) لە پاڵ ئامرازی ( و ) یا ئامرازێکی تر بەکار هات ڕۆڵی جەختکردن دەبینێت . ))( یوسف نوری محەمەددەمین ، ٢٠١٠: ١١٥) .

ئێمە پێمان وایە، ئەگەر ئامرازی{ش} دووجار لە ڕستەیەکی لێکدراو دا بەکاربێت ، ئەوا یەکەمیان ئەرکی جەختکردن و ئەوی دیکە ئەرکی لێکدانی دوو ڕستەکە ، دەگرێتە ئەستۆ ، وەك ئەم نموونە:

(70)- ((- دەشڕۆم و دەشنووسم.))

لەم رستەی سەرەوە ، {ش}ی یەکەم ئەرکی جەختکردن دەبینێ با لای بدەین بزانیین ڕستەکە چی بەسەر دێ:

(71)– دەڕۆم و دەشنووسم.

(72)– دەشڕۆم و دەنووسم.

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین ، ئامرازێکی دیکەی لێکدانی ڕستە بەرچاو دەکەوێ ئەویش ئامرازی (و)وە ، ئەرکی لێکدانی دوو رستەکەیە، هەرچی{ش}ی ئامرازی دووەمە ئەرکـــی لێکـــدانی لێك نزیك کردنەوەی دوو کارەکەیە واتە لێکبەستانەوە و لێك نزیك کردنەوەی دوو کارەکەیە ، هەروەها دەکرێ هەردوو ڕستەکە بەبێ{ش} بێت و تەنها {ش}ی یەکەمی جەختکردنی لەگەڵ دا بێت و بەگـــــوێرەی ویستی قسەکەر دەگۆڕێ ، وەك:

(١٤٥)– هاتیش و رۆیشت ، لەم رستە لێکدراوەدا جەخت لەسەر(هات)ە کەیەو ئامرازە جەختەکەش{ش} ەکەیە.

(73)– لێرەش لە نێو ئەو لێرو شاخ و بەردە

لێرەش لەگەڵ ئەو هەموو داخ و دەردە

لێرەش لە نێو شـۆرشی خوێنـاوی دا

لــێرەش لە سەرکەوتن و تەنگاوی دا (هێمن، ٢٠٠٣: ٣٠٦).

ئەم هۆنراوەی سەرەوە، شێوازێکی تایبەتمەندی دەربڕینە چ لە رووی واتا و چ بەپاتکردنەوە جەختکردن پیشان دەدات ، دەبینین شاعیر یەکسەر ئامرازی{ش}ی بە ئاوەڵکاری (لێرە)دا لکاندوە، لەم هۆنراوە{ش} ئامرازی جەختکردنە چونکە هیچ رستەیەکی دیکە لەپێش نیوە دێڕی یەکەم نییە ونەگوتراوە هەتا ئەم (ش)ە بەیەکیانەوە بلکێنێ بەشێوەیەك لە شێوەکان دەتوانین ئەم{ش} ەی کۆتایی (لێرەش) بکەینە ئامرازی لێکدانی ڕستە بۆ نموونە:

(74)– لەوێ لە نێو دەشتی تەختانی و نەرماندا

لێرەش

لەنێوئەو لێرو شاخ وبەردە.

ئەگەر لێی ورد بینەوە ، دەبینین لەو نموونە ئەگەرییەی سەرەوەدا {ش}، ئەرکی ئامرازی لێکدەری و پەیوەستی ڕستەی یەکـەم بەڕستەی دووەم دەگـەیەنێ و بە تێڕامانێکی کـــەم لە{ش}ی نـموونەکە و{ش} ە ئەگەریەکە ، جیاوازییەکانمان بۆ دەردەکەوێت.

(75)– بەخۆڕایی لێکیش دەبین .

(( ئەگەر ئامرازی (ش/ یش) بچێتە سەر فرمان و بەنیشان و پێشگری فرمانەکەوە بلکێن بۆ بەستانەوەی تەئکیدی روودانی فرمانە لە لایەن بکەرەوە.

نا/ راناو+ نیشانە وپێشگری فرمان + فرمان

(76)– هەڵیش دەچم.

(77)– دەشچم بۆ بازاڕ.

(78)– بەخۆڕایی لێکیش دەبین)) (د. رەفیق شوانی ، ٢٠٠٣: ٨٢)

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، لە بارەی ئامرازی {ش}ەوە ، ئەگەر دوو{ش}، بەدوای یەکدا هاتن لەڕستەیەکی لێکدراو دا و هەردووکیان بەکارەوە لکابوون وەك ئەو نموونانەی سەرەوە (76 ، 77 ، 78) ، ئەوا {ش}ی یەکەم جەختکردنەکە دروست دەکات بەسەر ئەو کارەی کە پێوەی لکاوە و{ش}ی دووەمیش ئامرازە لێکدەرەکەیە بەڵام ئەگەر لە ڕستەیەکی دیکەی لێکدراو دوو {ش} هەبێ و بەناو یان بەجێناوەوە لکابن ، ئەوا جەختکردن دروست ناکەن وەك ئەم نموونانەی خوارەوە.

(79)– یان منیش دێم یان تۆش مەیە. (سەرچاوەی پێشوو: ٩١)

( 80)– یان ئازادیش بێت یان داراش نەیەت.

هەروەها{ش} لەگەڵ ئاوەڵکاریش دەتوانێ جەختکردن دروست بکەن وەك:

(81)– بەیانیان زووش لەخەو هەڵ ئەسا ... (عبدالله عزیز خالد ، ١٩٨٠: ٦٩)

(82)– درەنگیش چووم هەر پێڕاگەیشتم.

هەروەها ئەگەر{ش} بە بەرکارەوە لکا ئەوا دیسان دەبێتە هۆی دروست کردنی جەخت ئەگەر سەیرێکی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

(83)– خۆ نانەکەشی نەخوارد.

(84)– ڕۆیشت نانیشی نەخوارد.

(85)– هاتەوە و کەل وپەلەکانیشی لەبیرکردووە.

- **مۆرفیمی {ین }:**

(( چەمکی چەسپین و بەرزکردنەوەی پلە و سیفەت هەڵدەگرێ:

ین: دەبێتە پاشگر بۆ ژمارە و سیفەتی پلەداریی پێ دەبەخشێ. (سەباح رەشید قادر، ٢٠٠٠: ١٠٠).

– ئاسمانی حەوتەم + ین ⟸ ئاسمانی حەوتەمین .

(٨٦) - ئازاد یەکەمین قوتابی بوو لە سەر پۆلەکەی.

- **مۆرفیمی {ترین}** ، لە ئاوەڵناوی پلەی باڵادا :

دروست کردنی ئاوەڵناوی پلەی باڵا بەهۆی پاشگری{ ترین}، کە یاساکەی بەم شێوەیە:
ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو + پاشگری{– ترین} = پلەی باڵا وەك:
جوانترین ، ئازاترین ، ... تاد . (ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٩٢: ١٠٧ ).

(٨٧) – ئەمە جوانترین گوڵە .

**١–٩– وشەی لێکچواندن :**

ئامرازەکانی لێکچواندنی (( (ئەڵێی، عەینەن، کوت ومت) لەئامرازەکانی تر بەهێزترە واتە لە بەراورد کردنی دوو لایەندا تەواو وەکو یەکیان پیشان دەدەن و جیاوازیان نابێت.)) ( رەفیق شوانی ، ٢٠٠١: ١٨٩)، واتە ئامرازی لێکچواندنی بەجەختن ،

- **ئەڵێی :**

ئەم ئامرازە لە شێوەی پاتکردنەوەش( دەڵێی دەڵێی ) بەرچاو دەکەوێ ، چونکە جەختەکەی بەهێز تر دەکات . بڕوانە لاپەڕە :( ٥١ ) .

( ٨٨ ) – ئازاد ئەڵێی باوکێتی .

( ٨٩ )– ئەڵێی مانگە دەدرەوشێتەوە .

- **عەینەن :**

( ٩٠ ) – ئازاد عەینەن باوکێتی .

- **کت ومت:**

( ٩١) – ئازاد لە باوکی دەچێت .

(٩٢)– ئازاد کت ومت لە باوکی دەچێت .

**بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ، ئەوەیە ، کە بە لادانی ئامرازەکان ، لە ڕستەکاندا ، ڕستەکان واتا لەدەست دەدەن ، وەك:**

**( ٩٣ ) – ئازاد ئەڵێی باوکێتی ⟵ ئازاد ... باوکێتی *.**

### ١-١٠- ئاوەڵکارەکانی جەختکردن :

(( ئاوەڵكاری تەئكیدی ئەم جۆرە ئاوەڵکردارە تەئكید كردنە سەر بەجێ هێنانی كارێك نیشان دەدات ، وەك : هەڵبەت ، هەر ، ...بێگومان ، بێ سێودوو ، بێ چەندوچوون ، ...)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٩٨: ١٤٩–١٥٠ ) .

- **بەردەوام:**

(٩٤)– ئێوە بەردەوام بەڵێنەکانتان بەجێ ناهێنن .

- **بەتەواوی: تەواوی:**

(٩٥)– کەس نەبوو بەتەواوی لەبەری بێ و وێی نەکەوێ .(هێمن ،٢٠٠٣: ٢٣)

(٩٦)– تەواوی ئاواتەکانی منی بەدیهێنا .

- **بڕای بڕای: بڕای بڕ:**

ئامرازێکی جەختکردنە، کە لە دووبارەکردنەوەی وشەکە خۆی دروست بووە .

(٩٧)– لەکن ئەو بڕای بڕای باسی شاعیری خۆم نەدەکرد. (هێمن ، ٢٠٠٣: ٣٣)

- **بەڕاستی: لەڕاستی دا : بەحەقەت:**

هەر دوو دەستەواژە کوردییەکە، لە گرێیەکی بەند پێکهاتوون ، لە هەر دەربڕینێکدا ، کە بە کار دێن ، هەر یەك لەم دەستەواژانە جەختێك دروست دەكات ، لە سەر كارەكانیان .

(٩٨)– بەڕاستی ئەوە کلۆڵی بوو بەسەر نازە و خێزانەکەیا هات.(عەبدالله عزیز خالد ،١٩٨٠

(٩٩)– لەڕاستیدا هەندێ لەو کەسانە ، کەیفیان بەم نایێت .

هەندێجار ( بەحەقەت ) یش ، لە شوێنی دا ، بەکار دەهێنرێ ، کە ڕەسەنەکەی عەرەبییە و بە هۆی کاریگەری ئاینی و هاوسێتی وتێکەڵی و... تاد هاتۆتە ناو زمانی کوردی و زیاتر ئەو کەسانە بەکاری دەهێنن ، کە رۆشنبیرییەکەیان ئیسلامی و عەرەبییە .

(١٠٠)– بەحەقەت گەلی کورد گەلێکی موسڵمانە.

- **بەدڵنیایی: بەتەئکید**

ئەم ئامرازەش گرێیەکی ئاوەڵکاری جەختکردنە .

(١٠١) – بەدڵنیایی ئێمە لایەنگری تۆ دەکەین .

هەندێ جار ڕەنگە ، لە شێوەی دیکەش بەکار بهێنرێ ، وەك:

(١٠٢)– بەتەئکید ئێمە لایەنگری تۆ دەکەین .

ئەم ئامرازەش ، هەروەکو دیارە لەزمانی عەرەبی وەرگیراوە.

- **بەیەکجاری:**

(١٠٣)– خەڵکی ئەم گوندە بەیەکجاری باریانکرد.

- **بێچەندوچوون: بێسێودوو : بـێیەك ودوو :**

دیارە بەشێکی زۆر ، لە وشە و ئامرازەکانی جەختکردن دەتوانن لەجیاتی یەکدی و لەشوێنی یەکدی بەکار بهێنرێن بۆ نموونە دەتوانرێ لەجیاتی دەستەواژەی (بێ چەندو چوون) دەستەواژەی (بێسێو دوو) ، بەکاربهێنرێ. د. ئەورەحمان بە ئاوەڵکرداری تەئکیدی ناوی دەبات و دەڵێ: ((ئەم جۆرە ئاوەڵکردارە تەئکید کردنە سەر بەجێهێنانی کارێك نیشان دەدا.)) (د.ئەورەحمان حاجی مارف ، ١٩٩٨: ١٥٠)

(١٠٤)– بـێ چەند و چوون دەیکڕی یان نا؟

(١٠٥)– ئەگەر ژنێکی وەك ئەوم دەبوو بێ یەك ودوو فرێم دەدایە سەرجادە. :

(١٠٦)– ئەگەر پێی بڵێم کامیان هەڵدەبژێرێ ، بێ سێودوو جوانەکە هەڵدەبژێرێ.

- **بەبێ زیادوکەم:**

گرێیەکی ئاوەڵکاریی جەختکردنە ، چونکە دەبێتە تەواوکەری کارەکە، وەك ئەم نموونە :

(١٠٧)– بیست و حەوت ساڵە بەبێ زیادوکەم

ئـەپاڕێمەوە هـەر هاوار ئەکــــــــەم (ئومێد ئاشنا ، ٢٠٠٨: ٨٣)

- **بـێ گومان (بێ شك):**

ئەم دەستەواژە و چەندین دەستەواژەی دیکــە لە نێوان زمانی کــوردی و زمانی فارسی بە هاوبەشـی بەکــار دەهێنرێ .[1]

(١٠٨) – ناسۆرێك کە بۆتە تیرواوی و ئێستاش هەر وەبن دەداتەوە و هەڵ دەداتەوە و بـێ گـومان سارێژ نابێ و لەگەڵم دێتە بن گڵ.( هێمن ، ٢٠٠٣: ٥٢).

- **حەتمەن[1] :**

وشەیەکی خوازراوە ، لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانەکەوە .

(١٠٩) )– یاڵڵا مسافر یاڵڵا ، ماشین دەچنە کەوپەڕێ

لێو ئاڵ لە ماشین دایە ، حەتمەن لە دووم دەگەڕێ. (قادر نەسیری نیا، ١٣٩١ هەتاوی: ٣٩٧).

---

**١ سەیری فەرهەنگی کوردی بۆرەکەیی، صدیق صفی زادە بۆرەکەیی،١٣٨٠ : ٢٨٣ ، بکە .**

[1] سەیری ئەم سەرچاوە بکە : عدي كريم محمود، ويكيبيديا ، اسلوب التوكيد في اللغة العربية .

- **هەردەم، هەمووکات، دایم :**

(هەر ) ئامرازێکی جەختکردنە و لە گەڵ وشەی دەم ، کە کات نیشان دەدات و بەر دەوامی بە جەختکردنەکە دەدات ، کە هەموو کات و ساتێك دەگرێتەوە . هەرچی وشەی (دایم )ە، دیارە لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانەکە .

(١١٠)– هەردەم / دایم/ هەمووکات ، دەکڕووزێتەوە.

- **هەرگیز ، قەت:**

(١١١ ) – هەرگیز خەیاڵی خیانەت کردنم بۆ نەهاتووە.

(١١٢)– –هەیە {قەت}ی ، بەئاوەڵکاری بۆ جەخت کردن داناوە ودەبێ لەسەرەتای ڕستەوە بێت وەك ئەم نموونە:

(١١٣)– قەت وام نەکردووە. (مستەفای ئێلخانی زادە، ؟ : ٣٠)

**بەڵام ئەم نموونەی خوارەوە ، ئەم بیرۆکە ڕەت دەکاتەوە ، وەك :**

(١١٤)– نەکەی هیوا براو بی قەت لە یەزدان

هەزاران وا لەبەر ئەم خانە دەگـــری ( عەونی: ٢٠١١: ١٧٥).

- **هەرگیزاو هەرگیز :**

وەك {هەرگیز} ئاوەڵکارێکی نەرێکردنە، لە گەڵ ئەو ڕستانەدا بە کاردێت ، کە هەر دوو ئەرکی نەرێ کردن و جەختکردن دەگەیەنێت . ( هەرگیز ) و{هەرگیزاو هەرگیز} یەك واتایان هەیە، بەڵام توندی و هێزی جەختکـــــــردنی {هەرگیزاو هەرگیز} لە {هەرگیز} بەهێزترە و هەردووك ، ئاوەڵکاری نەفی جەختکردنن و کە لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێن ، دەبێ کارەکەی لە باری نەرێدا بێت ، وەك ئەم نموونە:

(١١٥)– چــەپکێ گوڵ وچەپکێ نێرگـز

مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز. (محەمەد فەریق حەسەن: ٢٠١٠: ٢٦).

- **- هەتا هەتایە: هەمیشە:**

ئاوەڵکاری کاتییە واتای نزیکە لە واتای (هەمیشە )و هێزی جەختکردنەکەی یەکسانە لە ڕووی واتاوە بەهەمیشە و دەکرێ لە زۆر باردا ، لە جیاتی یەکتری بەکاربهێنرێن ، وەك:

(١١٦)– هەتا هەتایە خۆی بەقەرزاری تۆ دەزانێ.

(١١٧)– هەمیشە خۆی بەقەرزاری تۆ دەزانێ.

- **هەڵبەت: (هەڵبەتە ، ئەلبەتە):**

**ئەم ئامرازە ، هەندێك جار ، دەكرێ لە گەڵ ( بێگومان ) لە شوێنی یەكدی بەكار بێن .**

(١١٨)– خۆراییی نیە ناڵەیی گەرم ودەمی سەردم

هەڵبەت بە بەڵاییێكـەوە ئاڵاوە دڵی من (موحەمەدی مەلا كەریم ، ١٣٨٦: ٧٨)

(١١٩)– هەڵبەتە چەمكی ستەم خاڵێكی سەرەكی وروژاندنی جیاوازی و دووبەرەكییە.

(١٢٠)– دەپرسی بۆ چی من دەركـــــەوتم ودڵ بوو لە تۆ غایب

كەوەختی رۆژهەڵات ، ئەلبەت دەبێ شەونم لە خۆ غایب. (دیوانی مەحوی ، ١٣٨٧:

- **- هەم – هەم:**

**ئەم ئامرازە ، لە گەڵ ئامرازی {– یش } هەندێ جار دەتوانن ، لە جیاتی یەكدی بێن، بۆ نموونە :**

**(١٢١)- أ- ئاریان هەم نانی خواردبوو هەم چای كردبوو.**

**دەكرێ بە (– ش ) جێی بگیرێتەوە ، وەك :**

**ب - ئاریان نانیشی خواردبوو چایشی كردبوو.**

**بەم شێوە باسی ئەم ئامرازە كراوە:**

**(( ئەم ئامرازە لێكدەرە لەگەڵ زۆربەی كاتەكانی فرماندا بۆ بەستانەوە و لێكدانی دوو ڕستەی سادە لە ڕستەیەكی لێكدراودا بەمەبەستی تەئكید كردنی پەیوەندی نێوان دوو ڕوودا و بابەتی وەك یەك یا لە یەكترەوە نزیك بەیەكەوە دەبەستێ و كەرەسە و بەشی وەك یەك لە بكــەر و بەركار و فرمان لە ڕستەی دووەم دا دووبارە نابێتەوە. )) : ( رەفیق شوانی ، ٢٠٠٣: ٩١).**

( ١٢٢)– من هەم حەزم لەكفتەیە هەم لە دۆڵمە.

- **هەمیشە:**

–ئاوەڵكاری كاتی جەختكردنە ، چونكە كاتەكەی كۆتایی نایێ لە ڕووی كردارەكەوە، نموونە:

(١٢٣)– هەمیشە لەوێ دادەنیشێ. (ساجیدە ...، ٢٠٠٨: ٩١).

(١٢٤)– ئەمەیە ئەو نهێنی یەی كە شیعر بەدڵگیریی دەهێڵێتەوە، هەمیشە گەنجە وپیر نابێت. (جەمال حەبیب الله ، ٢٠١٣: ٣١٠)

- **- هەرچەن: هەرچەند: هەرچەندە:**

ئاوەڵکاری کاتی جەختکردنە و جەختەکەی ئەمە و هەموو ئاوەڵکارەکان دەکەوێتە سەر کارەکانیان:

(١٢٥)– هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناکرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم (دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ١٢١).

(١٢٦)– گـورگ... هەرچەندە هەوڵی دا نەیتوانی هیچ زەرەر بە شابزن بگەیەنێ.

(عـەزیزگـەردی، ٢٠٠٧: ٢٢)

**١-١١- ئاوەڵناوی جەختکردن :**

- **ڕەبەق:**

وشەی ڕەبەق، لە گەڵ وشەی (تەواو) ،هاوواتان ؛ بۆیە زیاتر (تەواو) بەکاردەهێنرێت ، نەك ڕەبەق .لە گەڵ ئەوەشدا ڕەبەق بەکارهێنانی هەیە و زیاتر لە ئاخاوتنە نافەرمییەکاندا بەرچاو دەکەوێ ، بەتایبەتی لە ئاخاوتنی زارەکی ، بە زۆری دەبێتە تەواو کەری پێش خۆی .

(١٢٧)– أ– دەساڵی ڕەبەق دەبێ، کە تۆ دەناسم

ب– دەساڵی تەواو دەبێ ، کە تۆ دەناسم .

- **مسۆگەر:**

**بۆچوون هەیە ، کە ئەم وشە بیانییە ، بەڵام بەکار هێنانی لە ناو زمانەکەماندا زۆر بەر چاو دەکەوێ و زۆر جار بە مەبەستی جەختکردن بە کار دێت .**

(١٢٨)– هەڵبژاردنی پیاوەکە، مسۆگەربوو .

**١-١٢- وشەکانی ڕادە :**

- **تێکڕا:**

نوری عەلی ئەمین لە پەرتووکی: قەواعیدی زمـانی کـوردی لـە صـرف ونـەحودا ، ١٩٥٦: ٩٦–٩٧، باسی جەختکردنی کردووە و کردۆتیـە دوو بـەش ئـەویش کتومـت وەك عەرەبییەکـە دابەش کردنەکەی کردووە و هەر بە ناوە عەرەبییەکەش دایبەزاندووە ، لە ژێر نـاوی: تەوکیـدی مەعنەویدا ، وشە جەختەکانی کۆکردۆتەوە، کە پێنج وشەن جەختی پێیان دروست کـردووە، ئەمە جگە لە جێناوی خۆیی، هەر پێنج وشەکەش ، ئاوەڵناوی ڕادەنە، کە بۆ جەختکردنیش بەکاردەهێنرێن ئەوانیش تاڕادەیەکی زۆر هاوواتان ( سینۆنیمی) وشەکانیش: (هەموو، گشت ،

سەرانسەر، سەراپا ، تێکڕا )ن ، چونکە ئەم ئاوڵناوە ڕادانە چەماوەیەکی داخراو بەدەوری ئەو ناوەی ، کە دەبێتە دیارخەری و لەگەڵی بەکار دەهێنرێ دروست دەکات و واتای گشتێتی و گرتنەوە (شموولی) دەگەیەنێ ، کە ئەمەش یەکێکە لە سیمایەکانی بیرو بنەمای جەختکردن ، یان بەشێوەیەکی دیکە بیرۆکەکەمان بخەینە ڕوو ، ئەویش ئەوەیە ، گەر ئەم وشانە ئاوەڵناوی ڕادەبن ، ئەوا لە هەمان کاتیشدا وشەی جەختیشن ، چونکە ئەم وشانە هەرناوێکی ، کە جەختەکەی لەسەر دروست دەکات ، هەموویی و گشتێتی دەگەیەنێ ولە ژێر خۆیدا کۆیان دەکاتەوە ، کەپێیان دەڵێن: ((گرووپی all) ( چیا عەلی مستەفا، ٢٠٠٨: ٨٤–٨٥) . واتە ئەمانە کۆمەڵە وشەیەکن لە زمانی ئینگلیزی واتای ( all) دەگەیەنن. هەروەها ئەم وشانە لە زمانی فارسی و عەرەبیش بە ئامرازی جەختکردن ناسراون.

(١٢٩)– دارەکانم تێکڕا لە بازاڕ فرۆشت. (نوری عەلی ئەمین، ١٩٥٦: ٩٦)

- - **سەراپا:**

(١٣٠)– مەڕەکانم سەراپا لە پاوەنەکەدا ژمارد. (سەرچاوەی پێشوو : ٩٦)

- - **سەرانسەر:**

(١٣١)– زەوییەکەم سەرانسەر چاند. (سەرچاوەی پێشوو :٩٦).

- **گشت:**

ئەم وشەیە دەتوانێ لە پێش یان لە دوای ئەوناوە دەربکەوێ ، کەجەخت لە سەر واتای دەکاتەوە (کاروان عومەر قادر ، ٢٠٠٨: ١٤٤) {گشت} جەختەکەیە و ناوەکەش دەبێتە جەختکراو.

(١٣٢)– گشت منداڵەکانم لە باخەکەدا دی. (نوری عەلی ئەمین ، ١٩٥٦: ٩٦).

(١٣٣)– گشت زەوییەکە کێڵرا. (کاروان عومەر ، ٢٠٠٨: ١٤٤).

- **هەموو:** ئەرکی ڕادە و جەختکردن دەبینێ لەیەک کاتدا.

(١٣٤)– هەموو میوانەکان دوێنێ ڕۆیشتن.

(١٣٥)– هەموو شەوێ تا درەنگ دەخوێنمەوە.

١-١٣– وشە و گرێیەکانی جەختکردن :

- **ئەسڵەن :**

ئەم وشەیە، لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی و لە هەندێ حاڵەتی پێویستا ، بە کار دێت ، وەك:

(١٣٦)– ئەسڵەن ئەو هیچ نازانێت .

- **- ئەیچۆن:**

أ–(١٣٧)– لەسەر مێزی ئەو !؟ ئەو بەرەڵایە !؟ ئەو و ئێرە ؟

ب–(١٣٨)– ئا.. ئا.. ئەی چۆن

واتە دەبێ ئەو بێتە سەر مێزی ئەوی دیکە : واتە هاتنی وەك پێویست لێ دەکاو پشتگیری دەکات.

- **- بەتایبەتی:**

دەستەواژەیەکی جەختکردنە و لە گرێیەکی بەند پێك دێت .

( ١٣٩) – شیلان منداڵەکانی خۆی خۆش دەوێت بەتایبەتی کچە بچووکەکەی .

(١٤٠)– أ– ئافتاویش وەك هەموو رۆژانی پیاڵەکانی ئامادەکرد ، بەڵام بەتایبەتی یەکێکیانی لەوەکانی تر باشتر ئەشت . (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم،١٣٦٧ :٨٣ ) .

لەم نموونەی سەرەوەدا (بەتایبەتی) دەبێتە ئامرازی جەختکردن و هێزی جەختەکەی دەکەوێتە سەر (یەکێکیانی).. خۆ ڕستەکە ماناکەی تەواو دەردەچێ و بێ کەم وکوڕی دەبێ ، با ڕستەکە بەم شێوەی بێ ئامرازی (بەتایبەتی) بخەینە ڕوو:

(١٤٠)–ب– ئافتاویش وەك هەموو رۆژانی پیاڵەکانی ئامادەکرد ، بەڵام بۆچی... یەکێکیانی لەوەکانی تر باشتر ئەشت .

دەبینین ، ڕستەکە بێ کەموکوڕیە ، تەنها جەختکردنی تیا نەماوە.

- **- تەنیا : تەنها**

(( ئەم پارتیکڵە هەمیشە دەبێتە هۆی جەختکردنەوە لە واتای ئەو کەرەستەیەی لە دوایەوە دێت و دەیخاتە حاڵەتی تیشکۆوە )) (کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨: ١٤٢– ١٤٣)هەروەها لە رستەدا( تەنیا / تەنها) ، لە هەمان کاتیشدا ، تاکێکی نیشان دەدات . وەك لەم نموونانەی خوارەوە بەرچاودەکەوێ:

(١٤١)–أ– تەنها تۆ وەرە.

(ب)– تەنها هەر تۆم مەبەستە.

(پ) پێغەمبەر (د. خ) هیچ مانگێك هەمووی بەڕۆژوو نەبووە تەنها ڕەمەزان نەبێ .

دەتوانرێ جەخت لەم ڕستانەی سەرەوە دابماڵرێ و ڕستەکانیش واتای تایبەتی خۆیان لەدەست نادەن و واتا دەگەیەنن و دەبنە ڕستەی ئاسایی هەواڵ گەیاندنن ، جگە لە ڕستەی ژ. ( ١٤٢–أ–) کە ڕستەیەکی داخوازییە .وەك:

(١٤٢)– أ– ...تۆ وەرە.

(ب)–... هەر تۆم مەبەستە/ تۆم مەبەستە.

(پ)– ...پێغەمبەر(د.خ) هیچ مانگێك هەمووی بە ڕۆژوو نەبووە ...ڕەمەزان نەبێت/ پێغەمبەر (د.خ) هیچ مانگێك... بەڕۆژوو نەبووە... ڕەمەزان نەبێت.

- **- تۆبە :**

(١٤٣)– تۆبە ، چیدیکە وا ناکەم .

(١٤٤)– تۆبە ، لە سەر دەستت .

- **جێناوی خۆیی:**

جێناوی خۆیی تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەتی هەیە، لە داڕشتنی ڕستەی جەختکراو و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زماندا و بەهۆیەوە زمانی دەوڵەمەند کردووە وەك لە ڕۆنانی وشەی نوێدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە ، ئەوەی لێرەدا مەبەستەو پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ڕۆڵ و ئەرکی ئەو جێناوانەیە ، لە داڕشتنی ڕستەی جەختاودا ، چونکە تەنها ئەم لایەنەی پەیوەستدارە بە بابەتەکەی ئێمە . جێناوی خۆیی ((ئەو ڕاناوانەن کەلە بری کەسێ یا شتێ، وەیا بۆتەوکیدی ناوێ یا ڕاناوێکی تر بەکار ئەهێنرێ)) (نوری عەلی ئەمین،٢٠١٢: ٩٠)هەروەها ((ئەرکی خۆبە خۆیی دەبینێ واتە بکەر و بەکار هەمان کەس بن)) (بەدرخان سلێمان عەلی ، ٢٠٠٦: ٧) (( لەرووی رەسەن ، ژمارە ، دۆخ دا بێ لایەنە)) (ك. ك. کودۆییێق ، ١٩٨٤: ١٥٣) واتە هیچ یەکێك لەو ڕەگەزانەی تێدا نییە و دەتوانێ هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت ، جگە لە ئەرکی کارا .وەك ئەم نموونانە :

نموونە بۆ جەخت لە سەر کارا :

(١٤٥)– دارا خۆی هات بۆ ئێرە .

نموونە بۆ جەخت لە سەر بەرکار :

(١٤٦)– من تۆ خۆتم دیت .

- **- هەرچی: هەرچ**

(١٤٧)– لێرەدا ویستی بدوێ بەڵام هەرچی لە سەریابوو لە ناکاو فڕی . (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ،؟ : ٣٨)

(١٤٨)– بەر لە هەرچی ، حەز ئەکەم ئەوەی چەند جار بەهێمن خۆیم وتووە بە ئێوەش بڵێم. (هێمن،٢٠٠٣: ٢٦).

(١٤٩)– گوێت قوت کەرەوە کلك راوەشێنە

هەر چێکت تیایە لێرە بینوێنە. (ئومێد ئاشنا ، پیرەمێرد ، ٢٠٠٩: ١٧٩)

- **- یەقین:** لە بنجدا وشەیەکی عەرەبییە و هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە .

(١٥٠)– هەرکەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەقسەدی

خود پەسندی بێ ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا (زمان و ئەدەبی کوردی ، پۆلی یازدەی ئامادەیی ، ٢٠١٠ :٢٩).

{یەقین} بە {یەقینەن}یش ڕەنگە بەرچاو بکەوێ بۆ نموونە لە فارسیدا [1].

- **-دەبێ ، (وەك کاری یاریدەدەر) :**

- **(د.نەسرین فەخری (٢٠٠٢)٦١،) بەم جۆرە ڕستانە دەڵێ :(( ڕستەی زۆر لێ کردن ( اجبار ): جۆرە داواییێکە ( ئەمر) ی تێدایە بەکردن و نەکردنی کارەکە .))**

{دەبێ} لە گەڵ ئەوەی ، کە کارێکی یاریدەدەرە ، هەروەها جەختیش لە خۆدەگرێ و جەختەکەش هەموو ڕستەکە دەگرێتەوە . لە پلەیەکی بەرزیش دایە ، وەك :

(١٥١)– تۆ دەبێ بێی بۆ ئاهەنگەکە.

**مەودای جەختەکەی دەکەوێتە سەرهەموو کەرەستەکانی ، ڕستەکە کە لە پێش و لە دوای خۆیەوە دێت . واتە بە گۆڕینی شوێنی {دەبێ}، جەختاوەکە ناگۆڕێ . لە ڕستەی (١٥١) :**

دەبێ: جەختەکەیە. کەرەستەکانی دیکەش جەختکراوەکەن .

---

١ .حسن انزلى، دستور زبان فارسی ، ١٣٧٧، چ٤: ١٠٨.

- **جێناوی نیشانە :**
- **- ئەمەیە:**

لە کرمانجی ناوەڕاست ، جێناوە نیشانەکانی تاك: (ئەمە ، ئەوە) بۆ کۆش: (ئەمانە ، ئەوانە)یە ، بەمەرجێ ناوەکە دەرنەکەوێ لە ڕستەکەدا وەك:

(١٥٢)–أ– ئەمە برامە.

ب– ئەوە باوکمە .

بەڵام هەر ئەو ئامرازانەن ، دەبنە ئاوەڵناوی نیشانە ، بە مەرجێ ناوەکان لە نێوان دوو لەتیی ئامرازەکە بگوترێ وەك ئەم نموونانە بۆ تاك:

(١٥٣)– أ– ئەم پێنووسە جوانە.

ب – ئەو پێنووسە باشە.

بۆ کۆ:

(١٥٤) أ– ئەم پێنووسانە جوانن.

ب – ئەو پێنووسانە باشن.

بەڵام ئەگەر جێناوەکە ، خۆی بە هەردوو لەتەوە دەرکەوت و دواتریش ناوەکەی لەگەڵ دەربکەوێ ؛ یان راستتر بڵێین گەر بە شێوەی ئەم فۆرمەی خوارەوە ، بە کار بێت ؛ ئەوا ئەو کاتە مەبەستی جەختکردن لە خۆ دەگرێت ، نموونە:

(١٥٥)– ئەمەیە مێوژ ، مێوژی نایاب. (ئیبراهیم ئەمین باڵدار،٢٠١١: ٢٢)

(١٥٦)– ئەمەیە کوڕ ، کوڕی تەنگانە.

(١٥٧)–((ئەمەیە ئەو نهێنییە پڕ لە جادووەی کە شیعر شیرین و بەتام و دڵگیر دەکات))

(جەمال حبیب الله ، بیدار، ٢٠١٣: ٣١٠).

- **- لاڕستە:**
- **– ئەشەدەم بیلا: (ئەشهەدو ، ... تاد)**

ئەم دەستە واژەیەش ، ڕەسەنی عەربییە لە (أشهد بالله) وە هاتووە و لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردی گونجێنراوە . ڕەنگە لە شێوەی دیکەشی هەبێ. خۆ ئەگەر شێوەی دیکەش

هەبێ ؛ ئەوا هەمان ئەرك دەبینێ ئەم دەربڕینە زیاتر بۆ پشت ڕاست كردنەوە و بەگەڵدانی بۆ چوونی گوێگرە بەقسەكەر.

(١٥٨)– ئەشەدەم بیلا ، كوێخا ڕاستەكا و لەسەر حەقە... قوتابخانەی چی؟ (عبدالستار طاهر شریف ، ١٩٨٤: ١٨٣)

**- ڕستە :**

- **تكایە:**

ئەم دەستەواژەیە ، لە سەرەتای ئاخاوتن و ڕستەدا ، بەكاردێ و زیاتر قالبێكی پاڕانەوەیی لە خۆ دەگرێت، ئەگەر چی لەوانەیە ، هەندێ جار بۆ هەراسان نەكردن و ڕێزلێنان لە پێشەوەی ئاخاوتن بە كار بێت، بەڵام جەختی هەر لە گەڵە ، وەك:

(١٥٩)– تكایە جگەركێشان قەدەغەیە.

(١٦٠)– سوپاس بۆ جگەرە نەكێشانت.

- **دڵنیام:** دەكرێ لەگەڵ هەر جێناوێكی لكاوی كەسەكانی دی بەكاربهێنرێت.

(١٦١)– دڵنیام كە یارمەتیم دەدات.

(١٦٢)– دڵنیای كارەكەم لەكەم و كوڕی و ناتەواوی بەدەرنییە؟

(١٦٣)– دڵنیایە ، كە ئیشەكەی سەردەگرێ.

- **شەرتە(مەرجە، مەرج بێت، ... هتد)**

شێوەی دیكەی هاوواتای هەیە وەك: شەرت بێت، مەرجبێت، پەیمان بێت، بەڵێن بێت ،...تاد.

(١٦٤)– شەرت بێت یارمەتیت نەدەم. (د.ساجیدە ، ٢٠٠٨: ٩٠)

(١٦٥)– شەرتە شەرتی پیاوەتی گەر خودا دەستم بدا

دوژمنت پەت كەم وەكو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە. ( )

لەم رستەی (١٦٤) ، قسەكەر مەرج بۆ خۆی دادەنێت ، كەیارمەتی نەدانی كەسی دووەمی تاكە ، بەهۆی دەستەواژەكەوە گوێگر دڵنیادەبێتەوە كە قسەكەر شەرتی كردووە، یارمەتی نادات و بەتەمای یارمەتی ئەو نەبێ بەهیچ شێوەیەك ، پلەی جەختەكەی بەرزە بەڵام لەپلەی سوێند خواردن كەمترە.

## ١-١٤- خشتەی لیستی ئامراز و وشەکانی جەختکردن

لێرەدا ، لیستی ئامراز و وشەکانی جەختکردن ، بە پێی پۆلی وشەکان و ئەرکەکانیان ، لەم خشتەیەی خوارەوەدا،بە نموونەوە دەخەینەڕوو .

| یەکەم- | ئامرازەکانی جەختکردن | نموونە |
|---|---|---|
| ١- | ئا | ئا ئەوەتە ، لێرەیە . |
| ٢- | ئادەی | ئادەی بزانم چدەزانی ؟ |
| ٣- | ئاخر | ئاخر ڕووخۆشییەکەی سەرنجی راکێشاون . |
| ٤- | ئەدی ، بەدی ، ئەی | ئەدی ، بۆ خۆیان ناچن ؟ |
| ٥- | ئێ | ئێ پێی بڵێ . |
| ٦- | ئێ دە | ئێ دە لێرە دادەنیشم . |
| ٧- | ئێ دەخۆ | ئێ دەخۆ وا دەرنەچوو . |
| ٨- | با ، بلا | با / بلا بچینە سەیران . |
| ٩- | توومەز | توومەز هەموو لایەنێکی بابەتەکەی زانیبوو . |
| ١٠- | تۆبە | تۆبە ، چیدیکە وا ناکەم . |
| ١١- | خڕ | دایکەکە دەرگای خڕ لەسەر منداڵەکانی داخست . |
| ١٢- | خۆ | خۆ دارا لە تاقی کردنەوەکان دەرنەچوو . |
| ١٣- | دە | دە پارەی شەربەتەکە بدە . |
| ١٤- | دەبا | دەبا بۆ خۆیان هەر بڵێن . |
| ١٥- | دەدەی | دەدەی دایە ئەمەم بۆ بکڕە . |
| ١٦- | دەسا | دەسا کوردینە پشتی یەك بگرن . |
| ١٧- | دەنا | دەنا پیرۆت وای نەگوت . |
| ١٨- | دەی | دەی کارەکەت زوو ئەنجام دە . |
| ١٩- | دەهەر | دەهەر پێی دەڵێم . |
| ٢٠- | سادەی | سادەی کوڕینە دەست وبردکەن . |
| ٢١- | سوڕ | سوڕ دەمزانی کارەکەی سەر ناگرێ . |
| ٢٢- | کا | کا بێزەحمەت هەتا ئێرە وەرە . |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣- | هەر | هەر تۆ وەرە بۆ ئێرە . |
| ٢٤- | هەرە (لە ئاوەڵناوی پلەی باڵا) | نازێ قوتابی هەرە زیرەکی ئەم پۆلەیە . |
| ٢٥- | تەنانەت | وا شێوابوو ، تەنانەت ناوی خۆی لەبیر نەمابوو . |
| **دووەم -** | **مۆرفیمی ئەرکی** | **نـــــمـــوونـه** |
| ١- | مۆرفیمی ( ش، یش ) | شەوان زووش دەخەوم هەر فریا ناکەوم . |
| ٢- | مۆرفیمی ( ین ) | ئەمە یەکەمین خانووی جوانی ئەم گەڕەکەیە . |
| ٣- | مـــــۆرفیمی(ترین) (لـــــە ئاوەڵناوی پلەی باڵا) | ئەم گوڵ جوانترینیانە . |
| **سێیەم -** | **وشەی لێکچواندن** | **نـــــمـــوونـه** |
| ١- | دەڵێی | دەڵێی تازە لە پاکەت دەرهاتییە . |
| ٢- | عەینەن | ئەمە عەینەن لەوەکەی منە . |
| ٤- | کت و مت | بەدرخان کتومت باوکێتی . |
| **چوارەم-** | **ئاوەڵکارەکانی جەختکردن** | **نـــــمـــوونـه** |
| ١- | بەردەوام | نەنکی بەردەوام پرتەو بۆڵەیەتی . |
| ٢- | بەتەواوی (تەواو) | بەتەواوی سەرم سوڕماوە . |
| ٣- | ببڕای ببڕ (ببڕای ببڕای) | ببڕای ببڕ نەهاتەوە ئەم ناوە . |
| ٤- | بەڕاســـــتی (لەڕاســـــتیدا ) بەحەقەت | بەڕاستی ئەم کارە بۆ من باشە . |
| ٥- | بە دڵنیایی ، بەتەئکید | بە دڵنیایی ئێمە لایەنگری تۆ دەکەین . |
| ٦- | بەیەکجاری | ئەوان لە هەندەران بە یەکجاری هاتنەوە . |
| ٧- | بێ چەندوچـوون ،بـێ یـەك و دوو، بێ سێودوو | بێ چەندوچوون ئەمەم پێبفرۆشە . |
| ٨- | بەبێزیادو کەم | بەبێزیادو کەم ، بەچەندی دەدەی ؟ |
| ٩- | بێ گومان (بێ شك ) | بێ گومان، هەوڵ و کۆشش، سەرکەوتنی بە دوادا دێت |
| ١٠- | حەتمەن | حەتمەن ئەم ماستە موویێکی تێدایە . |
| ١١- | هەردەم ، هەمووکات ، دایم | هەردەم، دەڵێ سەرم دێشێ . |
| ١٢- | هەرگیز ( قەت ) | هەرگیز چاکەکەیان لە بیر ناکەم . |
| ١٣- | هەرگیزاو هەرگیز | هەرگیزاو هەرگیز باسی تۆی نەکردووە . |
| ١٤- | هەتاهەتایە | هەتاهەتایە، تاوانی ئەنفال لە بیر ناچێتەوە . |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥- | هەڵبەت ، هەڵبەتە، ئەلبەتە | هەڵبەت ، خۆی دەستێکی تێدایە . |
| ١٦- | هەم- هەم | هەم نانم خواردبوو هەم چا . |
| ١٧- | هەمیشە | هەمیشە، لە خەیاڵم زیندوو بوو . |
| ١٨- | هەرچەند، هەرچەندە، | هەرچەند هەوڵم دا بەگوێی نەکردم . |
| **پێنجەم-** | **ئاوەڵناوی جەختکردن** | **نـــــمـــوونـە** |
| ١- | ڕەبەق | سێ کاتژمێری ڕەبەق چاوەڕوانیم کرد . |
| ٢- | مسۆگەر | دەرچوونی مسۆگەر بوو . |
| **شەشەم** | **وشەکانی ڕادە** | **نـــــمـــوونـە** |
| ١- | تێکڕا | دارەکانم تێکڕا فرۆشت . |
| ٢- | سەراپا | سەراپا گیانی تەڕ بوو . |
| ٣- | سەرانسەر | سەرانسەر شارەکەمان ڕازابۆوە . |
| ٤- | گشت | گشت لاییکم پشکنیوە . |
| ٥- | هەموو | هەموو کەسێ ولآتی خۆی خۆش دەوێ . |
| **حەفتەم** | **وشـــــەو گرێیـــــەکانی جەختکردن** | **نـــــمـــوونـە** |
| ١- | ئەسڵەن | ئەسڵەن توانای هاواری نەمابوو . |
| ٢- | ئەی چۆن | ئەی چۆن، ئێرە شوێنی منە . |
| ٣- | بەتایبەتی | هەموو منداڵکانم خۆش دەوێن بەتایبەتی بچووکەکە. |
| ٤- | تەنیا : (تەنها) | تەنیا گوڵێك هیواو مەبەستم بوو . |
| ٥- | جێناوی خۆیی | منداڵەکە خۆی خۆی شوشت . |
| ٦- | هەرچی :هەرچ | هەرچی بەگوێی مامۆستا بکا قازانج دەکا . |
| ٧- | یەقین | یەقین ، لە کۆتاییدا کورد هەر سەر دەکەوێ . |
| **هەشتەم** | **کاری یاریدەدەر** | **نـــــمـــوونـە** |
| ١- | دەبێ | دەبێ تۆ لە ئاهەنگەکەمان ئامادە بیت . |
| **نۆیەم -** | **جێناوی نیشانە** | **نـــــمـــوونـە** |
| ١- | ئەمەیە | ئەمەیە جوانی . |
| **دەیەم-** | **لاڕستە** | **نـــــمـــوونـە** |
| ١- | ئەشەدەمبیلا ،ئەشهەدو،... | ئەشەدەمبیلا گوتەکانی سۆفی خدر ڕاستن . |
| **یازدەیەم** | **ڕستە** | **نـــــمـــوونـە** |

| | | |
|---|---|---|
| ١- | تكايه | تكايه، بێ دەنگ بن . |
| ٢- | دڵنيام | دڵنيام ،بە دڵيێتی . |
| ٣- | شەرتە، مەرجە ، | شەرتە / مەرجە، يارمەتيی نەدەم . |

خشتەی ژمارە ( ٢ )

# بەشی دووەم

# جەختكردن بە پاتكردنەوە

## بەشی دووەم

# جەختکردن بە پاتکردنەوە

**٢- ١- جەختکردن بە پاتکردنەوە:**

**جەختکردن بە هۆی پاتکردنەوە : (( ئەوەیە هۆنەر یا نووسەر ووشەیەك یا دەستەواژەیەك یا رستەیەك بێنێ و چەند جارێك پاتی بكاتەوە ، بۆ چەند مەبەستێكی تایبەتی ، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێكەوە بۆ جارێكی تر واتایان نەگۆڕێ ، واتە نابێ ووشەكان نە لە رواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەر دا بێت ، مەلا محەمەدی كۆیی دەڵێ :**

**(1) -ژیـــــانی وابــــــە ئالام و بە میحنەت**

**بەلەعنەت بێ بەلەعنەت بی بەلەعنەت)) (عەزیز گەردی ، ١٩٧٥: ٤٧).**

**ئەوەی نووسەر مەبەستێتی ، ئەوەیە لە دووبارە كردنەوەی هەر بەشێك لە بەشەكانی ئاخاوتن ، دەبێ واتای نەگۆڕێ بۆ نموونە هیچ جۆرە رەگەز دۆزییەك دروست نەبێ لە دووبارە كردنەوەكەدا ، ئەوەی جێی تێبینی كردنە ئەوەیە ئەم بابەتی پاتكردنەوەیە ، جووتە وشە لێكدراوەكان (جووشە) ناگرێتەوە[1] . جەختكردن بە پاتكردنەوە، لە هەموو جۆرەكانیدا دووەم پاتكردنەوە ، یەكەم بەهێزدەكات و دەیچەسپێنێ كەواتە: دووەم جاری جەختەكەیە و یەكەم جارەكەشی جەختاوەكەیە .واتە لە پاتكردنەوەدا ، هێزی جەختكردن بەرەو دواوەیە .**

**٢-٢- هۆكارەكانی بەكار هێنانی شێوازی جەختكردن بە پاتكردنەوە :**

**بەر لەوەی باس لە جەختكردن بە پاتكرنەوە بكەین ، سەرەتا بە شێوەیەكی گشتی ئاماژە بە چەند خاڵێكی گرنگ دەكەین ، سەبارەت بە جەختكردن بە پاتكرنەوە، لە گەڵ گرنگترین هۆكارەكانی بە كار هێنانی ئەم جۆرە جەختكردنە، بەم شێوەی خوارەوە :**

---

**[1] جووشە زۆر جۆری هەیە ، كە بە زۆر شێوە دروست دەكرێت: وەك:تەختە ومە ختە، مێش ومەگەز، ساڵ بە ساڵ، دەستا و دەست ، پشتاو پشت ، مانگە و مانگ، مانگ بە مانگ ، ساڵە نا ساڵ ، قیژە قیژ ، بەرە بەرە، یەك یەك، دوو دوو ، دانە دانە ، هەلا بە هەلا ، هەرچی وپەرچی ، جگ جگانێ ،... تاد ، بۆزانیاری زیاتر ، بڕوانە گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی ژمارە : ٨ :٥١ — ٥٦ ، د. وریا عومەر ئەمین .**

أ- پاتکردنەوەی گوتەیەك ، ڕەنگە بە هۆی ئەوە بێ کە قسەکەر گومانی هەبێ لەوەی، کە بەرانبەرەکەی (گوێگر )لە گوتەکەی تێگەیشتبێت ، ئەویش بە هۆی ئاگادار نەبوونی ، یان گوێ نەگرتنی ، یان گومانی ئەوەی هەبێت ، کە گوتەکە بە تەواوی بە گوێی گوێگر نەگەیشتووە ، ئەم گرفتانەش بە وشە و ئامرازی جەختکردن ، چارەسەر ناکرێن ؛ بەڵکو دەبێ تەنها گوتەکە دووبارە بکرێتەوە .

ب- بۆ ئەوەیە ، کە قسەکەر ئەوە لابدات ، کە گوێگر بە هەڵە لێی تێگەیشتبێ ، تا ئەوە لابدا لە سەر گوێگر ، کە قسەکەر ، هەڵەی نەکردووە ، ئەگەر قسەکەر گومانی کرد ، کە گوێگر وا تێگەیشتبێ ، کە قسەکەر ، هەڵەی کردووە . بۆ نموونە بە هێنانی ناوی (دارا) ، بەڵام ئەو ویستوویەتی ناوی (ئازاد) بێنێ؛ لە بەر ئەوە هەر دەبێ ناوەکە دووبارە بکاتەوە ، چونکە ئەم جۆرە هەڵە کردنە بە جەختکردنی بە وشە و ئامراز ، ڕاست ناکرێتەوە ، بەڵکو بە جەختکردنی بە هۆی پاتکردنەوە وە ڕاست دەکرێتەوە.

پ- قسەکەر دەیەوێ گومانی بەکار هێنانی خوازە [1] لە بیری گوێگر لا بدات ، چونکە کە قسەکەر قسەیەك دەکات ، ڕەنگە گوێگر گومان بکات کە قسەکەر مەبەستی ڕاستی بە کارهێنان نەبێ؛ بەڵکو مەبەستی بە کارهێنانی خوازەیی بێ ، بۆ ئەمەش گوتەکە دووبارە دەکاتەوە بۆ لادانی گومانە کە مەبەست لە گوتنەکەی ، گوتنی خوازەیی نییە ، بەڵکو مەبەست ڕاستی بە کارهێنانی وشەکەیە ، چونگە گومان بردن هەیە بۆ نموونە ، کە یەکێ دەڵێ :

٢- مناڵەکەی کوشت ،

ڕەنگە وشەی (کوشت ) بەکارهێنانی خوازەکەی بێت ، کە : ئەمە دەگەیەنێ:

٣- خراپ لە مناڵەکەیدا .

ڕەنگە مەبەست لە دووبارە کردنەوەکە ، بۆ جێگیر کردن وچەسپاندنی وتەکە بێت لە زەین و دڵێ گوێگر و بە هێزکردنی حوکمەکەی بێت ، وەك:

---

(١) (( خوازە: بریتی یە لەوە کە ووشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەبرێ بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ ، نموونە: لە خەو هەستن میللەتی کورد خەو زەرەرتانە. هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزل وهونەرتانە (احمد موختار بەگی جاف) (عەزیز گەردی ١٩٧٢ : ٦٧)، لێرەدا (خەو) بە واتای راستی خۆی بەکارنەهاتووە ؛ بەڵکو بە شێوەی خوازە بەکار هاتووە.

٤ – ﴿ فأن مع العسر يسرى ۩ أن مع العسر يسرى ﴾[الشرح : ٥ ، ٦]. بەڕاستی لەگەڵ / لە دوای تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی دێت ، بێگومان بە دڵنیاییەوە لەگەڵ تەنگانە دا

خۆشی و ئاسوودەیی دێت. (بورهان محمد امین ، ٢٠١٣ : ١١٩٢) .

٥- ڕەنگە بۆ ترساندن وبە گەورە وگرنگ پیشاندانی شتێك بێت ، بە شێوەی پرسیار، وەك :

٦- ﴿وما أدراك ما يوم الدين ۩ ثم ما أدراك ما يوم الدين﴾ [الانفطار ١٧ ، ١٨ ٱلْأَبْرَارَ نَرْقُومٌ

واتە :- جا تۆ چوزانیت ڕۆژی قیامەت چیە و چۆنە ؟ پاشان تۆ چوزانیت ئەو ڕۆژە چۆن ڕۆژێکە (چەند سەختە ، چەند سامناکە ، چەندە پڕ لە مەینەتە ). (بورهان محمد امین ، ٢٠١٣ :١١٧٤)

چ- ئەگەر ئاخاوتن درێژە بکێشێ و قسەکەر وا تێبگا ، کە گوێگر سەرەتای ئاخاوتنەکەی ، ناوێك ، کەرەستەیەکی ڕستەکەی ، لە بیر چووە ، یان نەوەك لە بیری چوو بێ؛ گوتەیەکی بۆ دووبارە دەکاتەوە ، کە پێی گرنگە و بۆ ئەوەی لە مێشکی گوێگر بچەسپێ[١]، بۆ نموونە: لە کاتی باسکردنی ناودارێك لە سەرەتا دا ناوی دەهێنرێ ، دوای ئەوەی ، کە چەند ڕاستییەك لە بارەیەوە دەدرکێندرێ ئنجا دووبارە ناوی دەهێنرێتەوە ، بۆ ئەوەی ناوەکەی لە مێشکی گوێگر بچەسپێ و هەر لە بیری بێ کە ئەو دەربڕین و ئاخاوتنانە لە بارەی کێیە .

هەروەها فاضل صالح السامرائی پێی وایە ،کە دەکرێ جەختکردن پلەی هەبێ ، وەك پلەی ئاسایی و پلەی ناوەندی و پلەی بالا ، چونکە دەڵێ: ((عەرەب وازی نەهێناوە بەیەك جەخت ؛ بەڵکو بە گوێرەی پێویست دواوە ، ئەگەر گوێگر پێویستی پێی نەبوو بێ ، ئەوا وازی لێ هێنراوە ، ئەگەر پێویستیشی بەیەك جەخت بوو بێ ، ئەوا یەك جەختی بۆ هێناوەتەوە . خۆ ئەگەر گوێگر پێویستی بە زیاتر بوو بێ ، ئەوا بە گوێرەی پێویستی دوێنراو جەختی بۆ هێنراوەتەوە . بەرزترین پلەش پلەی سوێند خواردنە )). (فاضل صالح السامرائی ، ٢٠٠٣: ١١٣). ناوبراو پێی وایە ، کە ئەمە دیاردەیەکە و تەنها تایبەتە بە زمانی عەرەبی، کەچی لە زمانی کوردیش بە هەمان شێوە دەتوانرێ بە شێوەی پلە جۆری جەختکردن بەرچاو بخرێ ، بەڵام بە تایبەتمەندی خۆیەوە ، وەك :

---

[1] سوودم لەم سەرچاوە وەرگرتووە : فاضل صالح السامرائي ، ٢٠٠٣: ١٣٠-١٣٢ .

٧- دارا پێشکەوتووە.

٨- بە ڕاستی دارا پێشکەوتووە . (بەڕاستی : یەك جەختە).

بە ڕاستی هەر دارا پێشکەوتووە . (، بەڕاستی، هەر : دوو جەختە ) .

بە خوا بەڕاستی هەر دارا پێشکەوتووە . (بەخوا ، بەڕاستی ، هەر : سێ جەختە).

**٢-٣- جۆرەکانی جەختکردن بە پاتکردنەوە :**

لێرەدا توانراوە ، ئاماژە بە دە جۆر پاتکردنەوە ، بکرێ ، کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ کراوە ، ئەوانیش ، ئەمانەن :

١- جەختکردن بە پاتکردنەوەی کار

٢- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ئاوەڵناوە

٣- جەختکردن بە پاتکردنەوەی تەواوکەر

٤- جەختکردن بە پاتکردنەوەی جێناوی سەربەخۆ

٥- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ناو

٦- جەختکردن بە پاتکردنەوەی گرێ و ڕستە

٧- جەختکردن بە پاتکردنەوەی کلکە پرسیار و کلکە وەڵام

٨- جەختکردن بە پاتکردنەوەی جێناوی نەفی

٩- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ئامرازی لێکچواندن

١٠- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ئامرازی جەختکردنی ( ئێ )

**٢-٣-١- جەختکردن بە پاتکردنەوەی کار:**

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان پاتکردنەوەی کار و پاتکردنەوەی ڕستە بکەین ، دەبینین جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ؛ بەڵکو جیاوازییەکە تەنها لە رووی رووخسارەوەیە چونکە کار لە زمانی کوردی ، دەتوانێ کار و بەرکار بە هۆی جێناوی لکاوەوە لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ یاخود بڵێین دەتوانێ لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە بە جێناوی لکاو و بێ کەم و کوڕیشە .

ئەگەر تەماشای پاتکردنەوەکانی ، کار، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ، ... تاد ، بکەین دەبینین، زۆربەیان دووجار دەربڕاون جا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا ، ئەگەر لە دوو جار زیاتر پاتکرایەوە ؟ بێگومان لە دوو جار پاتکردنەوە زیاتر بۆ سێ جارو چوارو ... تاد ، ڕەنگە لە زماندا هەبێ و بەرچاویش بکەوێ ، زمانەوان هەیە دەڵێ: ((ئەو زیادە بە دوای یەکدا

هاتووانە جەختەکە بە هێزتر دەکەن)) . (شرح المقدمە الاجرومیە، ٢٠٠٥: ٢٩١) . هەروەك ئەم نموونەیە

١١: ١- هەموو ٢ - هەموو ٣- هەمووو ٤- هەموو میللەت هاتوون .

٩- دێم دێم دایە.. (ئیبراهیم ئەمین باڵدار : ٢٠١١ : ٢٠).

١٠- دێم دایە دێم.

١١- ((- دەچمە داران

١٢- - دێم ، دێم )) (یاری منداڵانەی فۆلکلۆرییە).

١٣- وس بە دارا وس

١٤- وس بە وس

١٥- وس وس دارا

١٩- وەرە نازێ وەرە .

دەکرێ ، ڕستەی (١٩) بە دوو ڕستەی ئەگەریی دیکە پیشان بدەین هەمان ئەرك و واتا و جەختکردنەکەی وەك خۆیان دەمێنن ئەوانیش :

٢٠- وەرە وەرە نازێ .

٢١- نازێ وەرە وەرە.

- راوەستە ... راوەستە :

٢٢-((ڕاوەستە بارام ڕاوەستە فرمانێکم پێتە ))(نوری عەلی ئەمین ، ١٩٥٦ : ٩٦)

٢٣ - دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی روون

دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی رزگار بوون (هێمن ، ٢٠٠٣ : ١٤٦)

٢٤-کوردستان ... کوردستان

نیشتمانی جوان

هەربژی بە شادی

سەربەستی و ئازادی

هەربژی ! هەربژی ! هەربژی (دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٤٠١).

**٢-٣-٢- جەخت کردن بە پاتکردنەوەی ئاوەڵناو:**

٢٥- تا پیر پیر نەبوو نەمرد .

٢٦- قسەی گەورە گەورەی کرد.

٢٧- بزانن من یا ئەو وەکو کەڕوڵاڵ

بەرامبەر بەتانە و توانجی تاڵ تاڵ. . (دیوانی گۆران ، ١٩٨٠ : ٢٨٣.

٢٨- هی درشت درشت هەڵبژێرە .

٢٩- لە شار شتی سەیر سەیر هەیە .

٣٠-باخچەیەکی کەسك کەسکمان هەبوو.

٣١- ژنەکە کراسێکی سوور سووری کڕی.

٣٢-دوێنی ئەم وەختە کانییەکە پڕ پڕ بوو .(د. وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٨ : ٥٣)

**٣-٣-٢– جەختکردن بە پاتکردنەوەی تەواوکەر: Complement**

٣٣-وەرن با دیلانێ کەین

تێر تێر سەیری دنیا کەین. ( ڕێبوار جەمال ، ٢٠٠٧ : ٩٠)

٣٤-گڵۆپەکانی سەر جادە و کۆڵان

زەرد هەڵگەڕابوون کز کز ئەسووتان .(دیوانی گۆران ، ١٩٨٠ : ١٣٥)

٣٥-زوو وەرە ، زوو

٣٦-دەی ، بڵاو بڵاو بوەستن .

لەم نموونەی سەرەوە بێجگە لە جەخت کردن بە هۆی ئاوەڵکارەوە ، ئامرازی جەختکردنی (دەی)یشی لەگەڵ هاتووە ، واتە ئاساییە لە هەر ڕستەیەك لە ڕەگەزێکی جەختکردنی زیاتر تێدا بێت.

ڕەنگیش دەتوانێ ئەرکی ئاوەڵکار ببینێ ، لە ڕستەدا بەم شێوە دەتوانێ ڕۆڵی ئاوەڵکاری جەختکردنەوە ببینێ بەپات بوونەوەی وەك :

٣٧- لە بەهاردا ، ئەو دەشتە کەسك کەسك دەچێتەوە.

٣٨-ژنەکە سۆر سۆر هەڵگەڕا لە شەرمان.
٣٩-منداڵەکە زەرد زەرد هەڵگەڕا لە ترسان.
٤٠- ئەسپە بۆرە زۆر زۆر چاکە (د. کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦ : ١٠٦)

### ٢-٣-٤- جەختکردن بە پاتکردنەوەی جێناوی سەربەخۆ:

بە شێوەیەکی گشتی ، جەختکردن بە سێ ڕێگە بە جێناوی سەربەخۆ دروست دەکرێت :

أ- بە پاتکردنەوەی جێناوی سەربەخۆکە خۆی .
ب- بە گۆڕینی جێناوی لکاو بۆ جێناوی سەربەخۆ .
ت- بە زیاد کردنی جێناوی سەربەخۆ بۆ ڕستەکە .

٤١-ئەوە منم من منۆکێ دوو چاوم هەیە بزبزۆکێ .
٤٢-وا من پێت ئەڵێم چونکە لە سەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە. ( دیوانی بێکەس ، ٢٠٠٨ : ١١٨)

ڕستەی نیوە دێری یەکەم ئەگەر لە بارێکی ئاسایی بگوترێ ، دەکرێ (من)ی لە گەڵ بەکار نەهێنرێ و ڕستەکە وا دەربڕدرێ:

٢١- وا ... پێت ئەڵێم چونکە لە سەرمە .

چونکە دوو جێناوی لکاوی (م) ی تێدایە ، لێرەدا هاتنی (من) وەك جەختکردنەوەیەکە ، کە من پێت ئەڵێم و کەسی دیکە نییە کە پێت بڵێت ، یان ئەو ، ئەوان ، نین ئەوە (من)م پێت ئەڵێم واتە (من) جەختەکەیە .(پێت ئەڵێم) جەختکراوەکەیە . واتە جەختاوەکە کارەکەیە .

هەروەها لە سوپاسکردنی کەسێك، وا باوە ، کە جێناوی سەربەخۆی لە گەڵ بە کار نەیەت ، بەڵام کە جێناوی سەربەخۆ دەهێنرێتە ناوەوە ، بۆ جەختکردنە، وەك :

٤٣-سوپاس. ⟸ من سوپاست دەکەم .
٤٤-ئێمەین ئێمە ، هاتووین بە شوێن تۆدا .
٤٥- وا دیارە تۆ تۆ زۆر لە رابردووت دەترسی .
٤٦- بۆ تۆ – بۆ تۆ – بۆ تۆیە
ماڵەکەشم بۆ تۆیە
چاوەکەشم بۆ تۆیە.

٤٧ - بزانە تۆ ئەوی ئەهلی هونەربێ

دەبێ یا دەس بەسەر یا دەربەدەر بێ   (هێمن ، ٢٠٠٣ : ٤)

{ ە }لە کاری داخوازی ( بزانە) خۆی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکە لە دۆخی داخوازیدا ، واتای تەواوی خۆی دەگەیەنێ بە بێ ئەوەی جێناوی سەر بە خۆی (تۆ)ی ، لەگەڵ دا بێ، بەڵام هاتنی ئەم جێناوی سەر بەخۆیە بۆ جەختکردنە لە سەر (تۆ)ی یەکەم کە بەشێوەی جێناوی لکاوی {ە} لە کاری لە سەر (بزانە) دا هاتووە.

٤٨ - ئەم گیایە دەدەم بە تۆ .

ئەوەی لێرە جێ ی سەرنجە ، ئەوەیە ، کە نووسەر دەیتوانی بەم شێوەیە ڕستەکە دەربڕێت وەك ئاخاوتنی ئاسایی کە بڵێ : (بنووسێ) : (ئەم گیایەت دەدەمێ )، بەڵام بۆ زیاتر درێژکردنەوەی ئاخاوتنەکە و زیاتر ڕوونکردنەوە و دروست کردنی نییەت پاکی جێناوە لکاوەکە بە جێناوی سەر بەخۆ دەردەبڕێ ، یان کەسێك ، کە تازە فێری زمانی کوردی بووبێت و نەزانێت جێناوە لکاوەکان بە باشی بە کار بێنێت . ئەمەش جۆرێکی دیکە لە دروست کردنی جەختکردن لە گۆڕینی جێناوی لکاو بۆ جێناوی سەر بەخۆ ، دەگەیەنێ.

٤٩- لەگەڵ ئێوەمە ، ئێوە بخوێنن .

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕستەی سەرەوە (ئێوە)ی یەکەم (مە)ی پێوە لکاوە ، کە جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ و کاری ناتەواوی (ە) یە بەڵام لەگەڵ دووەم جێناوی (ئێوە) دووبارە نەبۆتەوە ئەمەش بۆ خاتری وزە کەم سەرف کردن و کورتبڕیە . ڕەنگە لەم جۆرە دەربڕینانە تایبەتمەندیەك بێ لە زمانی کوردیدا لە دەربڕینی ئەم جۆرە شێوازە دا.

٥٠-ئەوە ، ئەوە ئەو ، ناهێڵێ دارا بە ئاوات بگات .

٥١-ئەو ئەو ، بووە هۆی گەشبینی بۆ من .

٥٢- ئەوە ئەوانن ئەوان لە بەرسێبەرەکە دانیشتوون .

لە ڕستەی( ٥٢) {ن }جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆیە ، لەگەڵ یەکەم (ئەوان) هاتووە و لە دووەمیدا دووبارە نەبۆتەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی هێز و وزە و کەمکردنەوەی ژمارە بڕگە ، واتە ئیکۆنۆمیە لە وزە سەرف کردن و کات.

**٢-٣-٥- جەخت کردن بە پاتکردنەوەی ناو :**

٥٣-ئازاد ئازاد ئاگات لە خۆت بێ .

٥٤-کچێ کچێ لەگەڵ تۆمە.

٥٥-بابه ، بابه میوان ، میوانمان هاتووه .

٥٦-بنـــوارن تەیـــاره تەیـــاره .

٥٧-گیات دەدەمێ گیا .

٥٨-پێت دەڵێ نـــووکی قـــەڵەم، نووکی قـــەڵەم

زۆر لـــە شیر باشـــتر دەپـــــاریزێ عەلەم (دیوانی هێمن ، ٢٠٠٣ : ١٩٧)

٥٩- ((دەیگوت : ... کارم بۆ فێربووە ، شاعیری شاعیری : دەیەوێ لە برسان بمرێ. (هێمن ، ٢٠٠٣ : ٣٣)

٦٠- کوردستان – کوردستان

نیشتمانـــــی جـــــــوان. (دیوانی گۆران ، ، ١٩٨٠ : )

٢-٣-٦- جەختکردن بە پاتکردنەوەی گرێ و ڕستە :

أ-بەهۆی گرێ :

ئەگەر چاوێك بە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی گۆران بخشێنین دەبینین سەرەتای زۆربەی هۆنراوەکانیان بەم شێوەی خوارەوە ، دەست پێ کردووە . جا ئەمە هەر هۆیەکی لە پشتەوە بێ . ئەگەر شاعیر مەبەستیشی جەخت کردن نەبێ؛ ئەوا بێ ئاگا جەختی بەکارهێناوە .

٦١-هەوری رەشی خەم ، هەوری رەشی خەم

تۆ رەشت پۆشی منیش باری خەم (وەلی دێوانە ، ١٣٩٢ : ٥٦)

٦٢-سەگی دەرگای یار، سەگی دەرگای یار

سەگی پاسەوان پێش قاپی دلّدار (سەرچاوەی پێشوو : ٤٨)

ب- بە هۆی ڕستە:

٦٣-نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ

تۆ فریوی زێڕو زیـــوی وان مەخـــۆ (هێمن ، ٢٠٠٣ :٣١٧)

شاعیر لەو دێڕە شیعرەی دا لەگەڵ ساقی دەدوێ و بانگی دەکا و سێ جار کاری داخوازی (مەچۆ) دووبارە دەکاتەوە و لەم جۆرە دا جەختەکە نەڕۆیشتن و بەجێ نەهێشتنی شاعیرە چونکە هەر ئەو قەدری جوانی و هونەر دەزانێ و خودان زێڕ و زیو بەهای نازانن.

٦٤-کچ – گوڵ نەبێ بۆ سەرم سـوور چەپکێ ئاڵ چەپکێ

نایـەم بـۆ زەمــاوەند نایەم بۆ هەڵپـەڕکێ (دیوانی گۆران ، ١٩٨٠ : ١٦)

٦٥-ســـــاقی فیداتـــــم ساقـــــی فیداتـم

دڵ پەستە هەستە ساقی فیداتم ( دیوانی بێکەس ، ٢٠٠٨: ١٤٩)

- - من دەیخۆم

٦٦-من دەیخۆم ، باوە من دەیخۆم. (موحسین قزڵجی ، ٢٠١٣: ١١٨)

- هەر من نا شادم:

٦٧- هەر من ناشادم ، هەر من ناشادم

هەموو کەس شادە ، هەر من ناشادم (وەلی دێوانە ، ١٣٩٢: ٧٢)

**٢-٣-٧- جەختکردن بە پاتکردنەوەی کلکە پرسیارو کلکە وەڵام:**

**أ- بە کلکە پرسیار:**

کلکە پرسیار دەکرێ لە ئەنجامی راگەیاندنی هەواڵێك بێت و گوێگر بەلایەوە گرنگ بێت بۆیە بە کلکە پرسیار پرسیار دەکات و مکوڕ دەبێت لە سەر زانینی هەواڵەکەو بەجەختکردنەوە کلکە پرسیارەکە دەردەبڕێت وەك لەم نموونانەدا دەیانخەینە ڕوو:

٦٨-ئاگر ئاگر .

کوا کوا ؟

٦٩-بۆتان زوو کارەکانی خۆی تەواو کرد و ئافەرینیشی وەرگرت .

چی چی ؟ /چۆن – چۆن .. ؟

**ب- بە کلکە وەڵام :**

دەکرێ بە هۆی کلکە وەڵام ، لە ئەنجامی پرسیارێك وەڵامێکی وەها بدرێتەوە ، کە جەختکردن لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ گومان و دوو دڵی لای پرسیارکەر نەهێڵێتەوە ، وەك ئەم نموونانە:

٧٠- ((- کاکە ئەوە چی یە ، بەخەبەری ؟

- بەڵێ بەڵێ . )) (عبدالله عزیز خالد ، ١٩٨٠ : ٣٥).

٧١- ((پ : ئەوزەمانی با زۆر بە ناوبانگیش نەبی حەیرانبێژی دیکە هەبوو؟

و: ئا ، ئا ، هەبوو.) (ئەحمەد حەیران ، ٢٠١٣ : ٣١) .

٧٢- ((- پ : ئەدی نیشانەی بووکێ چیان دەهینا لۆ سەرشایێ ئەگەر یەك بهاتبایە سەر شایێ هیچی دەهینا لەگەر خۆی یان چیان دەدایێ ؟

- و : نا نا .. )) (ئەحمەد حەیران ، ٢٠١٣ : ٣٢).

هەندێ جار (نا ، نا) تێکەڵ بە ئامرازی دیکەی جەخت کردن دەبێ و لە شێوەی ئەم نموونەی خوارەوە:

٧٣- نا بە دڵنیاییەوە نا .

- هەندێك جار (بەڵێ) یان (ئا) بە سێ جار دەربڕین دەبێ ئەویش بۆ دەربڕین بە ئاوازە دەکرێتە سێ جار واتە: بەڵێ بەڵێ بەڵێ/ ئا ئا ئا ، ئەوەش بۆ ئەوەیە تاکو ماوەی ئاسایی و هەڵس و کەوت ببێ لە دەربڕینەکانیان بە ئاواز ، وەك ئەم نموونەیە:

٧٤- منداڵ : - دایە برسیمە ، چێشت کوڵایە؟

دایك : - بەڵێ / ئا (منداڵ گوێی لێ نەبوو)

منداڵ : - دایە چێشت کوڵایە ؟

ئەگەر وەڵام بە ئەرێ بێت ، دایك :- بەڵێ بەڵێ بەڵێ / ئا ، ئا ، ئا

ئەگەر وەڵام بە نەرێ بێت : نا نا نا. / نەخێر نەخێر نەخێر

ئەدی : وەك کلکە وەڵامی جەختکردنیش بەکار دێت ، ئەگەرچی لە پێشتر وەك ئامراز بە کار هاتووە ، هەروەها (ئەدی) لە وەڵامدا بەهێزترە لە (بەڵێ) و (ئا). دەتوانین بڵێین: ئەدی، یەکسانە بە بەڵێ بەجەختەوە .

٧٥- ((پ :- بێجگە لە حەیرانی ، لە بەری گازێ مەقامت گۆتیە هی دروونەی ؟

و: ئەدی ، وەئــهوو. )) (ئەحمەد حەیران،٢٠١٣ : ٣٢)

هەندێك جار کلکە وەڵام لە ئەنجامی داخوازی و داوادا دەکرێ بخرێتە ڕوو وەك ئەم نموونە:

٧٦- ((.ڕاوەستانەکەت سەرسامی کردوون.. گومانت لێ دەکەن بەسە بکەوەرەوە هەنگاونان . وتی : باشە .. باشە ...)) (حسین عارف : ١٩٨٤: ٢٨٧).

ڕەنگە هەندێك جار بۆ ڕاگەیاندنێکی کت وپڕی نائاسایی ڕستە دەرنەبڕرێت تەنها وشەیەك یان ناوێك دووبارە بکرێتەوە وەك لە ئاگر کەوتنەوە کە بەرچاومان دەکەوێت ، نموونە:

٧٧- ((- ئاگر ، ئاگر )) (د. ساجیدە ، ٢٠٠٨ : ١٣١) .

لە پات بوونەوەی ڕێزمانیی بە هۆی پاشگری { ەوە } و { وە } کە بەکارەوە دەلکێ دەبێتە نیشانەی پاتبوونەوەی کارەکە وەك (دەڕۆنەوە) ، (نەدەهاتمەوە)، ... تاد . (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٢٤٢)، ئەم جۆرە پاتبوونەوانە بەجەختکردن ئەژمارناکرێ ، هەروەها ئاماژەیە بۆ پاتبوونەوەی ئیشەکە نەك پاتبوونەوەی گوتەکە. کەواتە

پاتبوونەوەی کارەکە گرنگ نییە بە قەد ئەوەی پاتبوونەوەی گوتەکە گرنگە واتە بابەتەکە بە پاتکردنەوەی گوتەکە دەبێتە جەختکردن نەك بە پاتکردنەوەی کارەکە (ئیشەکە).

**٢-٣-٨- جەختکردن بە پاتکردنەوەی جێناوی نەفی:**

لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی ((بە شێوەیەکی سەرەکی (هیچ ، چ ) وەك جێناوی نەفی بەکاردێن و زۆر جاریش وشەی (کەس / کەسێ / کەسێك ، شت / شتێ / شتێك ، یەك / یەکێ / یەکێك) - یان لەگەڵ دێ. )) (د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧ : ٢٨١) .

٧٨-ئەوە چی یە ، چ رووی داوە ؟
هیچ ، هیچ ... هەموو شتێك ئاساییە ...

**٢-٣-٩- جەختکردن بە پاتکردنەوەی ئامرازی لێکچواندن:**

جەختکردن، بەهۆی لێکچواندن لە زمانەکەماندا ، بەرچاو دەکەوێ بەتایبەتی ، لە ئاخاوتنی نافەرمی و زارەکیدا زیاتر گوێبیست دەبین هەرچەندە تا ئیستا ، نەمان دیتووە ، کە لە نووسیندا بە تەواوی جێی خۆی گرتبێ ، ئامرازی لێکچواندنی : { دەڵێی دەڵێی }[١] یە . بۆ نموونە :

٧٩- ئەو کچە دەڵێی دەڵێی گوڵە لە جوانیدا / لە ناسکیدا / لە نەرمییدا.
٨٠- باوەژنەکەیان دەڵێی دەڵێی دایکی خۆیانە بۆیان .

**٢-٣-١٠- جەختکردن بە هۆی پاتکردنەوەی ئامرازی جەختکردنی ( ئێ ) :**
ئەم ئامرازە ، ئەگەر یەك جار لە ڕستەدا بەکار بهێنرێ ؛ ئەوا جەختکردن ، دەنوێنێ ، بەلاَم هەندێ جار لە جارێك زیاتر بە سەر یەکەوە دەردەبڕرێ ، ئەوەش زیادکردنی جەختەکەیە . هەروەها وەك کلکە وەلاَمێکیش خۆی دەنوێنێ ، وەك:
٨١- ئێ، ئێ دارا دادە وا دێ .

١ دەڵێی: ئامرازیکی لێکچواندنە ، ئەوەی بەم ئامرازە ، بە پاتکردنەوە جەختکردن دروست دەکرێ و بەرگوێ دەکەوێ؛ ئەوا لە ئامرازەکانی، دیکەی وەك : وەکو ، میسلی ، وەك ، بەرگوێ ناکەوێ و جەختکردنیان پێ دروست ناکرێ بە شێوەی، دەڵێی .

# بەشی سێیەم

# جەختکردن لە ئاستی سینتاکسدا

## بەشی سێیەم

## جەختکردن لە ئاستی سینتاکسدا:

### ٣-١- پێکهاتەی ڕستە:

لە لێکۆڵینەوەکانی زانستی زماندا ، هەندێ لە قوتابخانە زمانەوانییەکان ، زیاتر بایەخیان بە ئاستەکانی ( دەنگسازی ، ڕێزمان ، واتا ) دەدا . ئەوەی لەم بەشەدا مەبەستە ئاستی ڕێزمانە ، ئەم ئاستەش لە هەردوو زانستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ، پێکدێت ، کە بە دوو لقی جیاوازی زانستی زمانی ، دادەنرێن و سەر بە ئاستی ڕێزمانن ، لە گەڵ ئەوەشدا ناکرێ ئەم دوو زانستە لە یەکتری دابڕین ، چونکە هەر یەکەیان بە تەواوکەری ئەوی تریان دادەنرێت . هەروەها بە دوو ئاستی واتاداری زمان هەژمار دەکرێن .

ئەم بەشە، کە پەیوەستە بە سینتاکسی جەختکردن ، هەوڵ دەدەین لایەنی ڕێزمانی ڕستەی جەختکردن بخەینە ڕوو . هەروەها ڕۆنان و پێکهاتەی جەختکردن لە ئاستی سینتاکسدا ، لێك بدەینەوە بە بەراورد لە گەڵ ڕستەکانی دیکەی زمانەکەدا .

ڕستە وەك یەکەیەکی زمان، بە پێکهاتەیەکی گرنگ دادەنرێت لە ئاستی سینتاکسدا واتە ئەو ئاستەی ، کە بە پێی یاساکانی سینتاکسییەوە کەرەستە و وشەکانی، تێدا ڕێك دەخرێت لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی کە ئەو یەکەیەی (ڕستەیە) ،لە ڕووی واتاوە بەرهەم دەهێنرێت، بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین: ڕستە ئەو پێکهاتەیە، کە لە لێکدانی وشە و فرێزەکانەوە دروست دەبێت لە ئەنجامدا پێکهاتەکی / یەکەیەکی گەورەتر پەیدا دەبێت، کە ڕستەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین پێناسەی جۆراو جۆر، بۆ ڕستە خراوەتەڕوو، هەندێ لە زانایانی زمان، لە سەر بنەمای واتا، دەڕواننە ڕستە، واتە ڕستە بەیەکەیەکی سەرەکی واتاداری زمان دادەنێن، چونکە ((ئێمە بەهۆی ڕستەوە لەیەك دەگەین، ئەمەش لە پێناسەی تەقلیدی ڕستەدا، دەردەکەوێت : دەربڕینە لە بیرێکی تەواو. )) (palmer,1981:37) ئەگەرچی وشەکانی زمان واتایان هەیە، بەڵام واتای بیرۆکەی تەواو نادەن بەدەستەوە؛ بۆیە دەکرێ بڵێین :((وشەکان واتادارن، بەڵام واتاکانیان لە ئەنجامی کارکردنیان وەك بەشێکی ڕستە پاراوتر دەبێت)) (سەرچاوەی پێشوو: ٣٧)).

پێویستە ڕستە لەسەر دوو بنەما، تەماشابکرێت ، بنەمایەکی ڕێزمانییە، کە پەیوەستە بە پێکهاتە و فۆرمی ڕستەکە، لە ڕووی ڕێزمانەوە لەگەڵ ناوەڕۆك و لایەنی واتایی لەبەر چاو بگیرێت؛ لەبەر ئەم هۆیەش ڕێزمان نووسەکان ، ئەمڕۆکە زیاتر لەسەر بنەمای

پێکهاتەی سینتاکسی ڕستە کار دەکەن، هەروەها ئەرکی سینتاکسی کەرەستە پێکهێنەرەکانی دیاردەکەن ، وەکو گەورەترین یەکەی شیکردنەوە لە ئاستی ڕێزماندا ((ڕستە بڵاوترین دانەی زمانی گەورەیە ، کە زۆربەی زمانەوانەکان دانی پێدا دەنێن و دەیناسنەوە و باوەڕیان وایە، کە دەتوانێ چارەسەری ڕۆنان و پۆلە ڕێزمانییەکان بکات . )) (محمد معروف فەتاح، ٢٠١١: ١٠٢). لە بەرئەوە دەبینین لە ڕێزمانی نوێدا بۆ شیکردنەوەی ڕستە لە سەر بنەمای ڕۆنان و دیاریکردنی ئەرکی سینتاکسی بەشە پێکهێنەرەکانی ئەنجامدەدرێت و دەکرێ بە دوو بەشی سەرەکی ، فرێزی ناوی و فرێزی کاری .

**٣– ٢ – ڕێزمانی ڕستەی سادە و ڕیزبوونی کەرەستەکانی:**

پێناسەی ڕستە لە تێڕوانینی ڕێبازەکانی دێریندا زیاتر جەختیان لە سەر لایەنی واتایی ڕستە کردووە، نەك لە ڕوانگەی ئەرك و ڕۆنانەوە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین پێناسەی ڕستە لە ڕوانگەی ستراکچەرەوە بڕوانینە ڕستە وەك گەورترەین یەکەی سینتاکسی بۆ ئەم مەبەستەش ، (( ڕستە گەورەترین دانەی زمانە لە رووی رۆنانەوە سەر بە خۆبێت.)) (محمد معروف فەتاح، ١٩٩٠: ٩٨) ، هەرچی لە تێڕوانینی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا ، بەم جۆرە پێناسەی دەکرێت ، کە ڕستە لە گرێی ناوی و گرێی کاری پێك دێت. ڕستە وەك کەرەسەیەکی شیکردنەوە، بەکەرەستەیەکی گرنگ دادەنرێت لە شیکردنەوەی سینتاکسیدا، هەروەها پەیوەندی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بونیاد و ڕێزمانی ئەو یەکەیە وەکو بنەمایەك ، بەرجەستە دەبن و لە هەموو یەکەیەکی زمان دەبێتە بنەماو بنچینە، بۆ ڕۆنانی پێکهاتەی دروست لە ڕووی ڕێزمان و واتا . واتە : (( بەیەکگرتنی بچووکترین یەکەی زمانی کە دەنگە دەست پێدەکات وردە وردە بەرەو یەکەی گەورەتر و گەورەتر هەنگاو دەنێن.)) (وریا عمر امین، ٢٠٠٤: ١٩٨). بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەش ، کە خۆی لە شیکردنەوەی زمانیی لە ڕستەدا دەبێت ، لە هەردوو ئاستی سینتاکسی و سیمانتیکدا لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی بۆ بکرێت و یاساکانی لەگەڵ قوتابخانە و ڕێبازە زمانییەکانی سەردەمدا شیکاری زمانی بۆ ئەنجام بدرێت.

هەروەها سەبارەت بە چۆنێتی کەرەستەکانی زمان لە بەدوای یەکدا هاتنیان؛ ئەوا هەر زمانێك، کەرەستەکانی بەشێوەیەکی تایبەتی ڕیز دەبن، کە جیایە لە زمانی دیکەو ڕیزبوونی کەرەسە سەرەکییەکانی زمانی کوردی، وەکو ڕوون کراوەتەوە بەم شێوە، ڕیز دەبن $\overrightarrow{SOV}$: (Waria Omar Amin,) (٢٠١١:٣٠).

له زمانی کوردیدا، تا ئێستا چەند قالبێکی ڕستەی سادەی بنجی ، دەست نیشان کراون، کە ئەمانەن: (طالب حسین علی، ١٩٩٨: ١٤).

| ( ١ ) | | ( ٢ ) |
|---|---|---|
| | **ڕۆنانی ڕستە** | **نموونەی قالبە ڕستەی سادە** |
| ١- | ب . ک | منالّەکە نووست. |
| ٢- | ب. یە .ک | ژن ژن ناخوات. |
| ٣- | ب. تە. ک | بنێشت بەدەستییەوە لکا. |
| ٤- | ب. بە. کە. تە | ئەو دەستی خستە ئاوەکە. |
| ٥- | ب. بە. تە. ک | من تۆ بە ئازا دەزانم. |
| ٦- | ب. ک . تە | ئازاد بوو بە مامۆستا. |

ڕستەکانی ئەستوونی(٢)، هەر یەکە ڕستەی سادەی ئاسایی کە جەختکردنیان تیا بەدی ناکرێت، دەکرێ بە هۆی زیاد کردنی وشەی جەختکردن بۆ سەر ڕستەکان ، ڕستەکان بخرێنە دۆخی جەختکراودا وەك ئەستوونی ژ (٣) :

( ٣ )

**نموونەی ڕستەی سادەی جەختاوی**

- بێ سێودوو منالّەکە نووست.
- خۆ ژن ژن ناخوات.
- دلّنیام بنێشت بە دەستییەوە لکاوە.
- ئەو هەمیشە دەستی دەخستە ئاوەکە.
- تەنها من تۆ بە ئازا دەزانم.
- دە ئازاد بوو بە مامۆستا.

(( رستەی سادە لە دوو بەشی سەرەکی و چەند بەشێکی ناسەرەکی پێك دێت.)) (د. کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦: ٦٩) بێگومان هەر بەشێکیشی لە دوو بەشە سەرەکییەکە دەکرێ لە چەند وشەیەك پێك بێت، بەڵام لە سادەترین ڕوخساری ڕستە پێکهاتەی دوو بەشە سەرەکییەکەیە کە ئەوانیش:

((١- فرێزی ناوی : ف . ن. سادەترین (ف. ن) لە ناوێك یان راناوێك پێك دێت.

٢- فرێزی کاری : ف . ک. )) (د. وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٤ : ١٩٩)

١- من چووم.

من : فرێزی ناوی یە.

چووم: فرێزی کارییە.

چووم: چ (م. رەگ) + وو (م. کات) + م (م. کەس و ژمارە).

کەواتە: (( فرێزی کاریش لە سادەترین رۆنانیدا لە کارێك پێك دێت کە لە رووی رۆنانەوە ناسادەیە و تیایدا مۆرفیمی رەگی کار مۆرفیمێکی تەوەرەییە و مۆرفیمە بەندەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە کە هەر یەك ریز بوونێکی دیاری کراوی تایبەت بە خۆیان هەیە.)) (دیار علی کمال، ٢٠٠٢: ٥٠).

هەروەها بۆ چوونی دیکەش هەیە، سەبارەت بە ڕستەی سادە، وەك: ((رستەی سادە: بریتیە لە رەگی کار و پێویستیەکانی .)) (د. عەبدوڵڵا حوسێن رەسول، ٢٠٠٥ : ٨) بیگومان ئەم پێناسەی سەرەوە، لە ڕووی ڕۆنانی سەرەوە، پێناسەی ڕستەی کردووە، ئەگینا لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا هەر دوو فرێز واتە فرێزی ناوی و فرێزی کاری هەستیان پێدەکرێ و دەزانرێ کامەیە فرێزی ناوییەکە ، کە بە هۆی جێناوی لکاو لەگەڵ فرێزی کاریدا جێگیر دەکرێ.

هەروەها ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە، کە ڕیزبوونی وشە لە ڕستەی زمانی کوردیدا بە دوو جۆر ڕیزدەکرێن، ئەوانیش :

١- ریز بوونی چەسپاو.

٢-ریز بوونی ئازاد.

١-      ڕیزبوونی چەسپاو:

ئەو ڕیزبوونەیە، کە ناکرێ دەستکاری جێگۆڕکێ بە وشەکان بکرێ واتە: (( ریزبوونی چەسپاو ئەوەیە ؛ کە هەر گۆڕانێك لە ریز بوونی کەرەسەکان، لە سنووری گرێکاندا ،روو بدات دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی رستەکە و هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرەسەکان دەگۆڕێت.)) (تالّب حسین علی ، ١٩٩٨ : ١٠). هەر وەك ئەم نموونانە:

٢-      دارا سەگەکەی گرت.

٣-سەگەکە دارای گرت.

٤-هەرمان لێزانی دیت.

٥-لێزان هەرمانی دیت.

٢-      ڕیزبوونی ئازاد:

لەم جۆرە ڕیزبوونەدا ئەوە دەردەکەوێت ، کە کەرستەکان بە شێوەیەکی ڕەها دەتوانن لە ناو ڕستەدا جێگۆڕکێ بکەن، بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێك بچێ، یان وشەکان ئەرکی سەرەکی خۆیان لە دەست نادەن. بەلاّم لە ڕیز بوونی ئازاد دا جێگۆڕکێ کردن بە هەندێ لە کەرەستەکانی ڕستە (بەلووتکە کردن) دێنێتە ئاراوە بۆ نموونە:

٨- هەرمان لێزانی دیت .

٩- لێزان، هەرمان دیتی .

هەروەها ئاوەڵکارەکان تا ڕادەیەك سەربەستن ، لە ناو ڕستەدا ، بە تایبەتی ئاوەڵکاری کاتی و شوێنی ، کە بە ئاسانی دەتوانن شوێنی خۆیان بگۆڕن[1] بۆ نموونە :

٨-کرێکارەکە <u>پێرێ</u> کارەکەی تەواو کرد .

٩-<u>پێرێ</u> کرێکارەکە کارەکەی تەواو کرد .

١٠-کۆلارە هەڵدان <u>لە سەربان</u> خۆشە .

١١-<u>لە سەربان</u> کۆلارە هەڵدان خۆشە .

[1] بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە : ئاواز حەمە سدیق بەگیخانی ،١٩٩٦: ٧٨ )

**٣ – ٣ – یاساكانی پێكهێنانی فرێز:**

**٣ – ٣-١- یاساكانی پێكهێنانی فرێزی ناوی :**

فرێز ، بە شێوەیەكی گشتی وەك یەكەیەكی سینتاكسی ، بەم شێوەیە پێناسە كراوە: : (( هەردانەیەكی ڕێزمانی بتوانێ دەوری بەشێكی بنجی رستە بگێڕێ فرێزیك پێك دەهێنێ.)) ( وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤ : ١٩٩)

فرێزی ناوی بەشێكی سەرەكیی پێكهێنی ڕستەیە دەكرێ لە وشەیەك زیاتر بێت یان دەتوانرێت بە شێوەیەكی دی پێناسە بكرێت: (( بریتییە لە ڕۆنانێك كە لە سەرەیەك (دیارخراو) و دیارخەرێ ، یان چەند دیارخەرێك دروست بووە.)) ( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٢١٧) . وەك :

١٢-گوڵی سوور

١٣- برادەری باوكی ئاسۆ

١٤- بەهاری سەوزی كوردستان

١٥-ئەم گوڵە

ئەگەر بڕوانینە نموونەكانی سەرەوە ، دەبینین : (( فرێز لە رووی ڕۆنانەوە لە رستە بچووكترە)) (دیار علی كمال ، ٢٠٠٢:٣٩). لەوانەشە وشەیەك بێت یان لەویش گەورە تربێت یان چەند وشەیەك بێت و سەرەیەكیان هەیە كە دیارخراوەكەیەتی و دیارخەرەكانیش یان دەكەونە پێش سەرە یان دەكەونە دوای سەرە و (( دەبن بە دوو كۆمەڵەوە:

١- ئەوانەی دوای سەرە دەكەون و بە مۆرفیمی ئیزافەوە بەستراون پێوەی ئەمانە بە زۆری ناو و ئاوەڵناو و راناون).

٢- ئەوانەی پێش سەرە دەكەون و بە ئاشكرا پێوەی نابەسترێن (ئەمانە هەندێكیان ئامرازن پێیان دەوترێ (دیارخەری پێش سەرە)( محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١٠: ٢١٨) دەكرێ هەر یەكە بەجیا نموونەیان بۆ بهێنرێتەوە:

١- سەرەتا دیارخەرەكانی پێش سەرە:

(( وشەی (هەر ، تەنیا) ئاوەڵناوی نیشانە، ژمارە، ئامرازی پرسیاركردن ، رادە (چەندێتی)، نەفی (هیچ) ، ئاوەڵناوەی پلەی باڵا)) (طالب حسين علي ، ١٩٩٨: ١٨).

دەکرێ ئەم کەرەستانەی پێشەوە لە نموونەی گرێی ناوی بەڕێز بخەینە ڕوو:

١٦- هەر ئازاد ...

١٧- تەنیا دارا ...

١٨- ئەم گوڵە ...

١٩- ئەو گەلانە ...

٢٠- دوو قوتابی

٢١- چەند منداڵ...

٢٢- زۆر کەس

٢٣- هیچ کەسێك

٢٤- ژیرترین منداڵ

هەندێ جار (( دەشێ دوو کەرەسە یان زیاتر لەو کەرەسانە بەیەکەوە دەرکەون بۆ نموونە :

٢٥- ئەم منداڵە زیرەکە.

٢٦- هەموو ئەو گوڵانە جوانن.

٢٧- هەر ئەم سێ قوتابییە ئامادە بوون.)) (سەرچاوەی پێشوو : ١٨).

٢٨- هەر تەنها ئەو دوو سوورەچنارە بەرزن .

تا ئێستا توانراوە پێنج دیارخەری پێش سەرە دیاربکرێ وەك ئەم نموونەی سەرەوە .

٢- (( ئەو کەرەسانەی دەکەونە دوای ناوی (سەرە) :

ئەو کەرەسانەی دەکەونە دوای سەرەوە بە مۆرفیمی ئیزافەوە ( ئامرازی خستنە سەر ) بە ناوەکەی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن و بە زۆریش ناو و ئاوەڵناو و جێناون و ئامرازەکانی خستنە سەریش لە کرمانجی ناوەراستدا { ی } و { ە } یە)) (طالب حسين علي، ١٩٩٨، ١٩: ٢٠) دەکرێ هەندێ نموونەش بخەینە بەرچاو ، وەك:

٢٩- گوڵی سوور

٣٠- ژنی ئازاد

٣١- کوڕی تۆ

٣٢- بەهاری پار

دەشکرێ گرێی ناوی دیارخەری پێشەوە و دیارخەری دواوەشی هەبێ لەیەك کاتدا وەك:

٣٣-هەندێ پیاوی گەورەی ریش سپی

**٣ – ٣ – ٢ – یاساکانی پێکهێنانی فرێزی کاری:**

((فرێزی کاری پێکهێنێکی تری ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورە و دیاریکراو دەبینێت لە سازدانی ڕستەدا، بە شێوەیەك وامان لێ دەکات کە بڵێین فرێزی کاری لە جۆرەکانی تری فرێز گرنگترە لە بواری سازدانی ڕستەدا و ناتوانرێت وازی لێ بهێنرێت بە بەڵگەی ئەوەی کە دەشێ فرێزەکانی تری وەك ( ناوی و بەند) یان (بکەر و بەرکار) لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەون و پاشماوەیان لە ناو فرێزی کاریدا بەجێ بمێنێت و خوێنەر یان گوێگر بە هۆی فرێزە کارییەکەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە بگات ، بەلاّم ئەم دیاردەیە بەسەر فرێزی کاریدا پیادە نابێت، واتە ڕستە هەرگیز بێ بوونی ئەم فرێزە لە زمانی کوردیدا دروست نابێت.)) (حاتەم ولیا محەمەد ، ٢٠٠٠: ٦٦)

سەبارەت بە فرێزی کاری لە زۆربەی زمانەکاندا پیادە دەبێت بە تایبەتی بیرۆکەی پێکهێنی ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستە ، چونکە لە هەموو زمانێکدا بەبێ فرێزی کاری ڕستە ڕۆنانرێت .

((فرێزی کاری لە سادەترین رۆنانیدا لە کارێك پێك دێت کە لە رووی رۆنانەوە ناسادەیە وتیایدا مۆرفێمی رەگی کار مۆرفیمێکی تەوەرییەو مۆرفیمەبەندەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە کە هەریەك ریزبوونێکی دیاری کراوی تایبەت بە خۆیان هەیە )) (دیار علی کمال ، ٢٠٠٢ : ٥٠)

((مۆرفیمەکانی کار بەلای کەمەوە، دەبێ لەم بەشانەی خوارەوە پێك بێت:

١- رەگ ، ٢ – کات ، ٣- راناوی لکاو (کەس و ژمارە )) ( ساجیدە عەبداللە فەرهادی/ طالب حسین علي ، ٢٠٠٦: ٧٤٦).

بۆ نموونەش ، کاری (چووم) ە . ڕۆنانی ناوەوەی پێکهاتووە لەم مۆرفیمانە:

چ (ڕەگی کار ) + وو ( مۆرفیمی کات ) + م ( جێناوی لکاو).

کەواتە سادەترین گرێی کاری لە سێ مۆرفیم کەمتر نییە ، ئەمەش ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە هیچ کارێك سادە نییە لە ڕووی پێکهاتەی مۆرفیمییەوە. چەند یاسایەکی گرێی کاری دەخەینە ڕوو:

((١- گ . ک = ڕەگی کار + کات + ڕاناوەی لکاو (یاسای ژ : ١)

٢- گ . ک = گ . ن + ڕەگ + کات + ڕاناو (یاسای ژ ٢:)

٣- گ . ك = گ . بەند + ڕەگ + کات + ڕاناو (یاسای ژ : ٣)

٤- گ . ك بوون ⟸ تەواو کەر + ک (بوون) + کات + ڕاناو ( یاسای ژ ٤:))

(سەرچاوەی پێشوو،: ٧٤٨ – ٧٥٠ )

ئەم یاسایانەی سەرەوە لە ڕووی پێکهاتەی ناوەوەی گرێی کاری بوو . هەروەها دەکرێ لە ڕووی دەرەوەشی بەکۆمەڵێ کەرەسەی گرێ کاری فراوان بکرێن و کەرەسەکانی وەك (ئاوەڵکار ، دیارخەر، گرێی بەند، گرێی ئاوەڵناوی . ...) بۆ زیادبکرێ و (سەرچاوەی پێشوو: ٧٥٠ ) . زیاد کردنەکەش بێ مەبەست نییە و (( زیادکردنی ئەو کەرەسانەش لە سنووری ڕستەدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر دەیەوێت ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بارەی ڕستەکە دەربڕێت ، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بە گوێگر رابگەیەنێت .)) (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ، ٢٠١٣ / ب : ١٩ ).

٣ – ٤ – یاساکانی گواستنەوە :

(( لە رێزمانی (ب . گ) دا کردەی گویزانەوە بۆ رۆنانی هەر رستەیەك لە زماندا ، وەك کردەیەکی گرنگ وبنجی دادەنرێت، چونکە بەبێ ئەم کردەیە تێوری رێزمانی ناتوانێت رۆنانی رستە بە تەواوی شی بکاتەوە ولێکی بداتەوە ، لە بەر ئەوە لە رێزمانی گوێزانەوە بە هۆی یاساکانییەوە دەتوانرێت کێشەی هەنگاوەکانی تری رۆنانی رستە چارەسەر بکات و هەر بە پێی ئەو کردەیەش بەرۆنانی سەرەوە بگەیەنێت .)) (طالب حوسێن ، محازەرەکانی خوێندنی باڵا، ٢٠١١ – ٢٠١٢ ).

هەروەها یاساکانی گوێزانەوە ڕووی باشی دیکەشی هەیە بۆ نموونە: ((یێکێ لە رووە هەرە گرنگەکانی رێبازی گوێزانەوە ئەوەیە... ئەم رێبازە دەتوانێ چەند رستەیێکی

بەروالەت جیاواز بخاتە پاڵ هەمان بنجەوە Deep Structure و هەمان رستە بخاتە پاڵ چەن بنجێکی جیاوازەوە ..

یەکەم : کەرستە ، یەك بنج و زیاتر لە سیماییێکی دەبێ




هێڵکاری ژمارە ( ٢ )

بۆ روون کردنەوەی ئەم لایەنە سەیرێکی ئەم رستانەی خوارەوە بکە و لە رووی دارشتن واتاوە بەراوردیان بکە :

٦٤-أ     من تۆم بە ئەوان سپارد.

ب- تۆم بە ئەوان سپارد.

پ-     من بە ئەوانم سپاردیت.

ت-     بە ئەوانم سپاردیت.

ج-     من تۆم پێ سپاردن.

چ-     تۆم پێ سپاردن.

ح-     من پێم سپاردن.

خ-     پێم سپاردنیت.

هەروەها لە ڕواڵەتدا جیاوازن، هەر یەکە قالبێکی جیاوازی هەیە ، کەچی هەموو هاوواتان ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم هەشت ڕستەیە هاوبنجن، لە ئەنجامی سەپاندنی دەستەیێك یاسای جیای بە ئارەزووی Optional گوێزانەوە بنجەکەیان بەرەو سیمای Surface Structure جیا گواستەوە و قالب و شێوەی جیایان پێ بەخشی )) (وریا عمر ئەمین: ٢٠٠٥ : ٢٩٥ – ٢٩٦). ئەم هەشت ڕستەی پێشوو، چەند سیماییێکی جیاوازی چەند

ڕستەیەك بوون لە بنەڕەتدا لە ڕووی واتادا یەكن و تەنها لە ڕووی كەرەستە و دەربڕینەكان جیاوازن . كەواتە دەكرێ چەند ڕستەیەك هەمان واتا و بنجیان هەبێ و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

(( دووەم – كە یەك رستە زیاتر لە بنجێكی دەبێ:




هێڵكاری ژمارە (٣)

ڕستەییێكی وەك :

٦٥- لەوانەیە ئازاد بێ .

بەلای كەمی ئەم پێنج واتایە دەگەیەنێ:

أ- لەوانەیە ئازاد (ئیمڕۆ) بێ ( بۆ ئێرە).

ب- لەوانەیە ئازاد بێ ( دەنگی دێ ).

پ- لەوانەیە( ئەو كەبەند بوو ئێستاكە ) ئازاد بێ.

ت- لەوانەیە( ئەو كە ئێستا بەندە لە داهاتوودا ) ئازاد بێ.

ج- لەوانەیە ئازاد ( بەیانی ) بێ ( بۆ ئێرە).

هۆی ئەم لێڵی یە ئەوەیە ئەم ڕستەیە زیاتر لە یێك بنجی دەدرێتە پاڵ چەن یاسایێكی گوێزانەوەی جیا ئەم بنجە جیاوازانە دەگوێزنە سیماو رێكەوت دەیانكات بەهاو سیما . (سەرچاوەی پێشوو : ٣٠١ – ٣٠٢).

## ٣ – ٥ – ڕستەی جەختكردن لە ئاستی سینتاكسدا :

ڕستەی جەختكردن، بە جۆرێك لە شێوازی تایبەت لە ناو هەموو جۆرەكانی ڕستەكانی زمان هەیە ، بۆیە دەكرێ لە دوو لایەنی سەرەكییەوە تەماشا بكرێت ، كە بریتین لە :

١ – لایەنی سینتاکسی

٢ – لایەنی واتایی

هەرچی لایەنی یەکەمە،پەیوەستە بە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەی جەختکردنەوە. واتە بۆ وەسفکردنی ڕستەی جەختکردن ، پێویستە لە ڕێگەی یاساکانی سینتاکسیەوە جێبەجێبکرێن ، کە پەیوەندییان بە پێکهاتەکانی ڕستەی جەختکردنەوە هەیە (( بە تایبەتی ئەو یاسایانەی کە کار (حوکم) دەکەنە سەر پێکەوە بەستن و سنووردار کردنی جووڵەی کەرەسەکان ، لە کاتی گواستنەوەی پێکهاتەی سینتاکسی یان کەرەسەیەك لە جێکەوتەیەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی تر. )) ( طالب حسین: ٢٠١١، ٣٦٥) .لە زمانی کوردیدا ڕستەی جەختکردن و ڕستەی هەواڵگەیاندن هەمان پێکهاتەی سینتاکسیان هەیە ، تەنیا جیاوازیان لە ئاوازی ڕستەکاندا هەیە، لە بەر ئەوە یاساکانی بەرهەمهێنانی ڕستەی جەختکردن بە پێی ئەو یاسایانە بەمجۆرەی خوارەوە دەبێت:

أ – ر. جە ⇐ ئا . جە + رستە :⇐ بەخوا ، من وڵاتەکەم خۆشدەوێ.

ب – ئا . جە ⇐ + جەختکردن

ب – جەختکردن ⇐ { و . جە}
↓
{ Ø }

ج – رستە ⇐ ف . ن + ف . ك

چ – ف . ن ⇐ ناو ( دیاریکەر ) (ە )

ح – ف . ك ⇐ { ك / ف.ن + ك / تە + ك }.

### ٣-٦- جەختکردن بە هۆی بەلووتکەکردنەوە :

دیارە ، هەرزمانێك جۆری ڕیز بوونی کەرەستەکانی- word order- ی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە لە چوار چێوەی ڕستەکانی زمانەکەدا ، شێوەی ڕیزبوون و ڕێکخستنی ئەو کەرەستانە دەردەکەون ((هەندێ جار ریز بوونی ( ب . بە . ك ) بە پێی ویستی قسەکەر دەگۆڕێت ، بە تایبەتی لە پێش وپاش خستنی بکەر و بەرکاردا . واتە سوور بوونی یان دوو پاتکردنەوەی قسەکەر لە سەر کەرەسەیەکی ڕستەکە؛ بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت بە گوێگری بگەیەنێت ؛ بێ ئەوەی کار لە واتای گشتی ڕستەکە بکات ؛ بۆ نموونە؛ دەکرێ

بەرکاری رستە بەڕێگەی لووتکاندنەوە – بەپێی یاسایەکی گوێزانەوە بخرێتە سەرەتای ڕستەوە)) . (طالب حسين علی ، ١٩٩٨: ١٢) لە گەڵ ئەوەشدا ، ((کاتێك قسەکەر دەیەوێت سەرنجی گوێگر رابکێشێ بۆ توخمێکی دیاریکراو لە ڕستەدا یان بیەوێ جەخت بکاتە سەر توخمێکی دیار ، لەو کاتەدا ئەو ڕیزکردنە ئاساییە تێك دەدات پێی دەوترێت ڕیزکردنی نائاسایی )) (ساجیدە ، ٢٠٠٨: ٢٤) یان بە شێوەیەکی دیکە ، ئەم بۆ چوونە دەربڕراوە وەك: (( هەندێ جاریش دەرچوون و لادان لە یاساکە بۆ مەبەستێکی جیاوازە وەك دابینکردن و دانانی شوێنێکی تایبەتی بۆ یەکێك لە دوو کەرەسەکە .)) (محەمەد مەعرووف فەتاح ، ٢٠١٠: ٣٣٠)، وەك :

٦٦ – أ – بێڵەکە ، دەسکی شکاوە .

ب – ئۆتۆمبێلەکەم ، تایەیێکی پەنچەرە .

پ- خۆرەکە ، هێزی نەما .

ئەگەر تەماشای هەر سێ ڕستەی (١، أ ، ب، پ )بکەین ، دەبینین، بە شێوەیەکی نائاسایی کەرەستەکانی ڕیز کراون ، شێوە ڕیزکردنە ئاساییەکەی خۆیان ، بەم شێوەیە:

٦٧ – أ – دەسکی بێڵەکە ، شکاوە .

ب – تایەیێکی ئۆتۆمبێلەکەم ، پەنچەرە .

پ – هێزی خۆرەکە ، نەما .

کەواتە ئەو ناوانەی هێنراونەتە پێشەوە لە بنجدا ، دیارخەری ناوەکانی پێش خۆیانن ، بەڵام بەمەبەستی جەختکردنە سەر ئەو بەشەی ڕستە یان بەمەبەستی لێدوان لەو بەشەی ڕستە دەستکاری ریز بوونەکە ، کراوە و هێنراوەتە پێشەوە.

واتە هێنانە پێشەوەی هەر کەرەستەیەك بێ واتا و مەبەست نییە . ئەو شتەش کە لە پشت واتا و مەبەستەکە ، دەوەستێ بەشی هەرە زۆری بۆ جەختکردنە لە سەری ، کە ئەو کەرەستەیە لە هەموو کەرەسەکانی دی ناو ڕستەکە ، زیاتر مەبەستە ، بۆیە ؛ لە دەربڕینیش لە وشەکانی دیکە وزەی زیاتر بۆ تەرخان دەکرێت. واتە هێزی سەرەکی ڕستەی دەخرێتە سەر .

٦٨- أ- قەڵەمەکە ، دارا شکاندی .

ب – گۆڤارەکە، ئەو کڕی .

پ – زەوییەکە، من فرۆشتم .

ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵە ڕستەکەی (٦٦، أ ، ب ، پ ) بە لووتکە کراوەکان دیارخەری ناوەکانیان بوون ، بەڵام لەم کۆمەڵەی( ٦٨، أ ، ب ، پ ، ) ، بەرکارن بە لووتکە کراون ، ڕیزبوونی بنچینەیی ئاسایی کەرەستەکانی ئەم سێ ڕستەی سەرەوە بەم شێوەیە:

٦٩-أ -دارا قەڵەمەکەی شکاند.

ب- ئەو گۆڤارەکەی کڕی .

پ- من زەوییەکەم، فرۆشت .

دەکرێ لە ڕستەی کار ناتەواو دا جەختکردن دروست بکرێ ، بە هێنانە پێشەوەی گرێ کارییەکە بۆ پێش گرێ ناوییەکە ، وەك:

٧٠- دارا زیرەکە. ⟸ زیرەکە دارا.

یان دەکرێ لە ڕستەی سەر سوڕماندا جەختکردن دروست بکرێ بە بەلووتکەکردن وەك:

٧١- ئەو کوتاڵە ، چەند جوانە ! ⟸ چەند جوانە ، ئەو کوتاڵە !

هەروەها بە هێنانە پێشەوەی کار بۆ بەرایی ڕستە دەکرێ بە لووتکە کردن وجەختکردن بەرهەم بهێنرێت ، وەك :

٧٢-أ - نووستن منداڵەکان سەر لە ئێوارە .

خۆی ڕستەکە بەم شێوەیە:

ب- منداڵەکان سەر لە ئێوارە نووستن . / منداڵەکان نووستن سەر لە ئێوارە .

واتە شوێنی کارەکە کۆتایی ڕستەکەیە ، بەڵام هێنراوەتە پێشەوەی هەموو کەرەستەکانی دیکە بە مەبەستی بەلووتکە کردن واتە بەمەبەستی جەخت خستنە سەر.

لەبارەی بەلووتکەکردن : ((هەر یاساییێکی ڕێزمانی بەشێکی رستە بگۆێزێتەوە سەرەتای رستە (بیکا بە باسلێکراو) بە لوتکاندن (TopicaLisaition) ناو دەبرێت.)) (سەرچاوەی پێشوو : XV) ، هەروەها دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین ، کە (( لە هەموو بە لووتکە کردنێکدا ، جەختکردن نابەخشێ ، بە تایبەتی لە کاتی پرسیارکردندا ، واتە کاتێ

وشەکانی پرسی (کەی ، کێ ، چەند ، چۆن ، ... تاد) لە سەرەتای ڕستە و گوتندا بەکار دەهێنرێت ، یان کاتێ ئامرازەکانی ڕستەی مەرجی بەکار دەهێنرێت. )) (مهدی المخزومی ، ١٩٦٤ : ٢٤٢) کەواتە ئەوەی لێرە خراوەتە ڕوو و بەلووتکە کراون بریتین لە:

١- دیارخەری کارا
٢- دیارخەری بەرکار
٣- بەرکار
٤- گرێی کاری (لە ڕستەی کار ناتەواودا )
٥- کار

- نموونەیەکی هێڵکاری بە لووتکەکردنی بەرکار :

٧٣- أ- ژنەکە مانگاکەی دۆشی .

ت- مانگاکە ، ژنەکە دۆشی .




هێڵکاری (٤ )

کاتێك کە بەرکار دەگوێزرێتەوە پێشەوە و بە لووتکە دەکرێت ئەوا ؛ (( لە شوێنە چۆڵەکەی بەرکارەکەشدا شوێن پێیەك بە جێدەهێڵرێت و لەگەڵ کەرەسە هێنراوە پێشەکەدا هاونیشانە دەبێت .)) (حاتەم ولیا محمەمەد، ٢٠٠٩ : ٢٦٠). (( ئەمەش زیاتر بۆ

دەرخستنی باسلێکراوە . )) واتە (( ئەو ( NP )ییە ، وەکو باسلێکراوی ڕستە دێتە ئاراوە . )) ( سەباح ڕەشید قادر ، ٢٠٠٧ : ١٠٧ ) .

**٣– ٧ – جەختکردن و جۆرەکانی ڕستەی :**

**هەواڵی – پرسیارکردن – فەرماندان — سەرسوڕمان -**

ڕستە لە زۆر ڕووەوە دابەش دەکرێت ، وەکو : ڕۆنان لە ڕووی ڕوودان و ڕوونـــەدان و جۆرە- -کانی ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە ؛ ... تاد ، ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە بیخەینە ڕوو، جۆرەکانی ڕستەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ، کە سەرەکیترین دابەشکردن، ئەم دابەشکردنەی خوارەوەیە:

((١ – رستەی خەبەردان (راگەیاندن )- هەواڵی

٢– رستەی پرسکردن

٣ – رستەی فەرمان و داخوازی

٤ - رستەی سەرسوڕمان )) (کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦ : ٦٠)

**٣ – ٧ – ١ – ڕستەی هەواڵی :**

ئەم جۆرە لە گرنگترین جۆرەکانی ڕستەیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بە هەمان شێوەش لە ڕووی جەختکردنیشەوە پشکی شێری بەر دەکەوێ. دەکرێ ڕستەی هەواڵی جەختکردن بەم هاوکێشەیە ئەزموون بەند بکەین.

ڕستەی هەواڵی جەختکردن ⟸ ئامرازی جەختکردن + ڕستە

لە بەرئەوەی ڕستە بە شێوەیەکی سەرەکی دەکرێتە دوو بەش ؛ هەر بۆیە هەندێ لەو وشە و ئامرازانەی کە تاکو ئێستا وەکو دیاریکەری (دیارخەر) ی فرێزی ناوی ئاماژەی بۆ کراوە، دەخەینە ڕوو: ئامراز هەیە کە شوێنەکەی تایبەت نییە و دەکرێ لە هەر شوێنێکی ڕستە دەربکەوێ و هەر جارەی جەختەکەی تەنها دەکەوێتە سەر ئەو کەرەستەیەی کە لە دوای خۆیەوە دێت. بۆ نموونە : {هەر} ، وەردەگرین :

٧٤- أ- هەر من تۆم ، خۆشدەوێت.      دیارخەری پێشەوەیە ، لە( ف. ن. بکەری ) .

ب- من ، هەر تۆم خۆشدەوێت.      دیارخەری پێشەوەیە ، لە ( ف. ن. بەرکاری ) .

پ- من، تۆم هەر خۆشدەویت.          دیارخەری پێشەوەیە ، لە ( ف.کاری ) .

لەم سێ ڕستەی (٧٤،أ-ب-پ- ) هەر جارەی جەختکردن کەوتۆتە سەر یەکێك لە کەرەستەکان لە ڕستەی یەکەم جەختاو تەنها (من) ە . لە ڕستەی دووەم جەختاو تەنها (تۆ )یە ، کە بەرکاری ڕستەکەیە . لە ڕستەی سییەم جەختاو کارەکەیە.

ئامرازی جەختکردنی{ خۆ }، ئەم ئامرازەش، لە شـــوێنی جیاجیای ڕستەدا، دەتوانێت دەربکەوێ،  وەك ئەم نموونانە :

٧٥ – أ – خۆ پێرۆت ئیشەکەی جێهیشتووە.

ب – پیرۆت خۆ ئیشەکەی جێهێشتووە.

پ – پیرۆت ئیشەکەی خۆ جێهێشتووە.

دەبینین ،جەختکردنی خۆ ، تەنها ئەو کەرەستەی دەکەوێتە دوای خۆیەوە، دەکاتە جەختکراو.

دەشکرێ زیاتر لە یەك ئامرازی جەختکردن لە سەرەتای ڕستەوە بێت ،وەك :

٧٦- هەر  تەنها ئازاد لێرەیە.

**٣-٧-٢- ڕستەی پرسیاری :**

رستەی پرسیاری لە ڕووی وەڵامەکانیانەوە، دەکرێنە دوو جۆر:

١-       ڕستەی پرسیاری تایبەتی

٢-       ڕستەی پرسیاری گشتی

١-       ڕستەی پرسیاری تایبەتی : (( پرسا دەیەوێ زانیاری لە بارەی خـاڵێکی تایبەتیـەوە لە گوێگر وەرگرێ و دەبێ باوەڕی وابێ کە گوێگر ئەو زانیارییەی لادەست دەکەوێ ، دیسان پرساش بەڕاستی ئەو زانیارییەی لەلا نەبێ و پێویستی بێت و بیـەوێ دەسـت گیری بکـات ئەگینا بە تەواوی هەل و مەرجی پرس کردن نایەتەکایـەوە.)) (ابـو بکـر عمـر قـادر، ١٩٩٣: ٣٤).

پێناسەی ڕستەی پرسیاری (گشتی):

((ئەو رستەیەیە کە قسەکەر یان نووسەر ئاڕاستەی گوێگر یان خوێنەری دەکات تاوەکو بڕیاری لە سەر بدات و – واتە بڕیار لە سەر هەموو ڕستەکە – ڕەزامەندی یان ناڕەزایی لە سەر دەربڕێت بە گۆکردنی یەکێ لەم وشانە (ئا، نەو، بەڵێ، نەخێر، نا، با) بە تەنیا یان لەگەڵ داڕشتنەوەی ڕستەکە و گوتنەوەی بە ئاوازی رستەی هەواڵ گەیەن وەك :

| پرسیار | وەڵام | . |
|---|---|---|
| ٧٧- نامەکەت نووسی ؟ | بەڵێ، بەڵێ نووسیم. | بەڵێ نامەکەم نووسی. |
| | نەخێر، نەخێر نەم نووسی. | نەخێر نامەکەم نەنووسی.)) |

(ابو بکر عمر قادر، ١٩٩٣ : ٦٣).

لە ڕستەی پرسیاریدا ، کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەم دەکات ، زانیارییەکی بداتێ ؛ بە گوێرەی داوای ڕستە پرسیارییەکە . ڕستەی پرسیاری بە دوو شێوە دەتوانرێ دەربڕرێ: (( ١ – راستەوخۆ وشەکانی پرسیاری لەگەڵدا بەکار دێت.

٢ – بەهۆی ئاوازەی دەربڕینەوە.)) (طالب حسین، ٢٠١١: ٣٦٤) لەم جۆرە ڕستەیە ، ئامرازێکی تایبەتی دیاریکراو، بۆ جەختکردن بەرچاو ناکەوێ ، ئەوەی کە هەیە، لە جۆرەکانی دیکەی ڕستەش بەرچاودەکەوێ . واتە دیاردەکە گشتییە ، تەنها تایبەت نییە بە ڕستەی پرسیارییەوە ، کە دەیانخەینە ڕوو:

١ – بەهۆی پاتکردنەوە، دەشێ بەشێك لە ڕستە پرسیارییەکە پاتبکرێتەوە و جەختکردنی پێدروست بکرێت ، وەك:

٧٨ - کێ کراسێکی شین شینی کڕیوە؟

٧٩ - کێ کێ ڕۆیشت؟

٨٠ - بۆ بۆ دەڕۆی؟

٨١ - چ چ ؟

ئەگەر چی لە دەربڕینیاندا قورساییەك دەکەوێتە سەر وشە پرسەکان ، بەڵام هەر بەلای پرسیاری و ئاوازەی دەربڕینی ڕستەی پرسیاریدا دەشکێتەوە، نەك بەلای جەختکردن.وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە (٨٢- أ-ب-پ-ت-) جەختکردن، لە خۆ ناگرن، واتە

ڕستەی ئاسایی پرسیارین، چ بە هۆی وشەی پرسەوە دروست کرابێ یان بە هۆی ئاوازەی دەربڕینەوە دروست کرابێ، وەك یەکن نموونە:

٨٢أ – کەی دێیتەوە ؟

ب – چەند پەرتووکت پێیە ؟

پ – کێ نانی نەخواردووە ؟

ت – پیرۆت قارەمان دەناسێ ؟

ئەگەر بڕوانینە ڕستەکانی ( ٨٢– أ – ب – پ – ت ) کە ڕستەی پرسیارین، وەڵام بدرێنەوە؛ ئەوا وەڵامەکانیشیان جەختکردن لە خۆ ناگرن، وەك:

٨٣ – أ – سبەی دێمەوە.

ب – دوو پەرتووکم پێیە.

پ – دارا نانی نەخواردووە.

ت – بەڵێ ، دەیناسێ.

دەکرێ هەر ڕستەیەك لە ڕستەکانی ( ٨٣ – أ – ب – پ – ت )، لەگەڵ وەڵامدانەوەیان ڕەگەزی جەختکردنیان لەگەڵ بەکار بهێنرێت، ئەوەش دەوەستێتە سەر وەڵامی وەڵامدەرەوە یان ئەو هەڵوێستەی کە وەڵامدەر دەینوێنێ ، بۆ نموونە:

٨٤ – أ – سبەی هەر دێمەوە.

ب – تەنها دوو پەرتووکم پێیە.

پ – خۆ دارا نانی نەخواردووە.

ت – بەڵێ بەڵێ دەیناسێ .

کەواتە ڕستەی پرسیاری و وەڵامەکانیشیان جەختکردن لە خۆ ناگرن، تا ئەو کاتەی ڕەگەزی جەختکردنیان بۆ زیاد دەکرێت ، بۆ نموونە چەند ڕستەیەکی پرسیاری دەخەینە ڕوو، لەگەڵ وشەی پرس یان ئاوازی دەربڕینی ڕستەی پرسیاری وشە و ئامرازی جەختکردنیشیان لەگەڵ دایە وەك:
٨٥- کێ تێکڕای دارەکانی خۆی فرۆشت ؟

٨٦- له بەرچی دەبێ بچیت ؟

٨٧- کامیان هەرگیز / هەرگیزاوهەرگیز ، له بیر ناکەی؟

٨٨- ئەدی پێیت نەگوت ؟

٨٩- توخوا چەند کاتژمێر چاوەڕوانیت کرد؟

**٣ – ٧ – ٣ – ڕستەی فەرماندان:**

جۆرێکی دیکەی ڕستەیە ، کە تێیدا ، (( کەسی یەکەم داوا له کەسی دووەم دەکات کە کارێك بکات یان هەڵوێستێك بنوێنێت یان بە پێچەوانەوە بۆ قەدەغەکردنی کارێك بەکار دەهێنرێت.)) (قیس کاکل تۆفیق، ١٩٩٥: ٢٧ )

ژمارەیەکی بەرچاوی وشە و ئامرازەکانی جەختکردن، دەکرێ لەگەڵ ڕستەی داخوازیدا بەکار بهێنرێن بە تایبەتی ئامرازەکانی جەختکردن بە زۆری له پێشەوەی ڕستەی داخوازیدا جێدەگرن وەك ئامرازەکانی (ئادەی، ئێ ، ئێ دە، دە ،دەدەی ،دەسا، دەنا ، دەی، دەهەر ،... تاد)، بۆ نموونە ئامرازی { دە } وەردەگرین ، کە بەزۆری دەکەوێتە پێش کاری داخوازی ، وەك :

٩٠- دە هەستە.

٩١- دە بڕۆ.

بەڵام هەندێ جاریش دەشێ ئامرازەکە لەگەڵ کارە داخوازییەکە لێك بکشێن و کەرەستەی دیکە، بگرنە نێوان خۆیان، وەك :

٩٢- دە دارا قوتابییەکان بانگ کە.

٩٣- دە لێرە هەستە.

**٣ – ٧ – ٤- ڕستەی سەرسوڕمان :**

(( ڕستەی سەرسوڕمان: ئەو ڕستەیەیە، کە واتای هەی هۆلان وسەرسوڕمان له ڕووداوێك ، هەواڵێك، شتێك و...هتد دەگەیەنێت)) ( کوردستان موکریانی، ١٩٨٦: ٦٧). ڕستەی سەرسوڕمان، وابەستە بوونە بە پەسنی ناوێك یان کارێك و بە سێ شێوە دروست دەکرێ،

بە هۆی ئامرازەکانی سەرسوڕمان یان بە هۆی وشەی پرسی (چەند ، چۆن ، ... تاد) ، یان بە هۆی ئاوازەی دەربڕین .

ئەگەرچی ڕستەی سەرسوڕمان، جۆرێك لە جەختکردنی پێوە دیارە، بەڵام پێمان باشە نەهێنرێتە ناو خانەی جەختکردنەوە و هەر لە خانەی سەرسوڕمان بهێڵرێتەوە، چونکە دەربڕینی هەر یەك لە ئامرازەکانی سەرسوڕمان بە سروشتی خۆی جۆرە هێزێکی لەگەڵدا دەردەبڕێ بەڵام بە بیر و بۆچوونی ئێمە، ئەم کردانە نابنە هۆی ئەوەی کە بهێنرێنە خانەی جەختکردنەوە، ڕستەی دروست کراو بە هۆی وشەکانی پرسەوە، ئەمانیش دەکەونە ژێر هەمان حوکم.

ئەگەر بمانەوێ ، ڕستەیەکی سەرسوڕمان بکەینە ڕستەیەکی سەرسوڕمانی جەختاو؛ ئەوا دەبێت یەکێك لە ئامرازەکانی جەختکردنی لەگەڵ بەکار بهێنرێ ، وەك :

٩٤- ئۆخەی ! کارەکەم تەواو بوو . ⟸ ئۆخەی ! خۆ کارەکەم تەواو بوو.

جاری وا هەیە، کە ئامرازە سەرسوڕمانەکە زیاتر لە جارێك دەردەبڕێ ئەویش بۆ چڕکردنەوە و بەهێزکردنی سەر سوڕمانەکەیە، وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە:

٩٥- وەی ! وەی ! لەو کۆڵانە تەسك و تاریکەی.

٩٦- ئۆخەی ! ئۆخەی ! چەند قشتە !

٩٧- ئاخ ! ئاخ ! لە دەست دوژمنان .

### ٣-٨- پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەی جەختکراو :

ئەو کەرەستانەی ، کە ئەرکی جەختکردن دەبینن لە ڕستەی سادە، لە ئاستی ڕستەکانی زماندا و دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی سینتاکسی ئەو فرێزانەی ،کە ڕستەکانی زمانیان لێ پێك دێت، وەك فرێزی ناوی ، فرێزی کاری ، فرێزی بەند و فرێزی ئاوەڵکاری ...تاد . هەروەها بە پێی جێکەوتەکانی ( position ) لە ( بکەر ، کار ، بەرکار ، تەواوکەر ، سەربار ) کە تێیدا دەردەکەون و ڕۆڵ و ئەرکی سینتاکسی خۆیان وەك کەرەستەیەکی جەختکردن لە ڕستەکەدا دەبینن . بە واتایەکی تر وشە و کەرەستەکانی جەختکردن ڕاستەوخۆ چ وەك کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستە یان کەرەستەیەکی ناسەرەکی ڕستە دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکە . واتە بەشداری لە داڕشتنی ڕۆنانی ڕستەکەدا دەکەن ، بەو پێیەی کە ڕیز بوون و دەرکەوتنیان لە گەڵ کەرەستەکانی تری

ڕستەدا بگونجێت . سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکی سینتاکسی خۆیان دەبینن . هەروەها مەبەستی جەختکردنیش دەگەیەنن .

هەر وەکو لە بابەتەکانی جۆرەکانی ڕستەی جەختاو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەوە خرایە ڕوو (روون کرایەوە)، کە دەکرێ هەر یەکێ لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەکرێ بکرێتە ڕستەی جەختاوی، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی پێکهاتەکانی ڕستەی جەختاوی ، هەوڵ دەدەین چەند ئامراز و شەیەکی جەختکردن لە شوێنی جیاجیای ناو ڕستە واتە هاتنیان لەگەڵ فرێزە جیاجیاکانی ڕستەدا ڕوون بکەینەوە ، هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە؛ ئەوەیە، کە ئامراز هەیە دەتوانێ بە ئاسانی بە گوێرەی ویستی قسەکەر جێ گۆڕکێ بکات و لە هەر کوێیەکی ڕستەدا دەربکەوێ جەختەکەی تەنها دەکەوێتە سەر ئەو فرێزەی (وشە) دوای خۆیەوە .

### ٣-٨-١- جەختکردن لە سەر فرێزی ناوی:

#### ٣-٨-١– ١-: بە هۆی ئامرازەوە :

لێرەدا وەکو لە دیارخەرەکانی سەرە ئاماژەیان بۆ دەکرێت ، وەك:

٩٨- هەر ئازاد لە پۆلەکەدا دانیشتووە .




هێڵکاری- ٥-

**٣-٨-١-٢- به هۆی پاتبوونەوەی ناو ، کە ڕۆڵی وشەی جەختکردن دەبینێ ، دەکرێ لەم هێڵکارییەی خوارەوە بخەینەڕوو ، لە ڕستەی:**

**٩٩- ئازاد ئازاد ، لە پۆلەکەدا دانیشتووە.**




**هێڵکاری — ٦-**

**٣-٨-٢- جەختکردن لەسەر فرێزی بەند :**

**١٠٠- ئازاد هەر لە پۆلەکەدا دانیشتووە.**




**هێڵکاری - ٧ —**

**٣-٨-٣- جەختكردن لەسەر فرێزی كاری :**

**٣-٨-٣- ١- جەختكردن لەسەر فرێزی كاری بە هۆی ئامرازەوە :**

**١٠١- ئازاد لە پۆلەكەدا هەر دانیشتووە .**




**هێلكاری - ٨ -**

**٣-٨-٣- ٢- جەختكردن لەسەر فرێزی كاری بە هۆی ئاوەڵكاری جەختكردنەوە :**

**دەكرێ ئەم ڕستەی خوارەوە، كە ئاوەڵكاری جەختكردنی لە خۆگرتووە، بەشێوەی ئەم هێڵكارییە درەختییەی خوارەوە بخەینە ڕوو:**

**١٠٢- من هەرگیز تۆ لە بیر ناكەم.**




**( لە بیر كردن )** **هێلكاری - ٩-**

**٣-٨-٤- جەختکردن لەسەر فرێزی ئاوەڵناوی :** دەکرێ ، بە هۆی پاتکردنەوەی ئاوەڵناو ، جەختکردن دروست بکرێ لە سەر خودی ئاوەڵناوەکە ، وەك لەم ڕستەدا ، کە دەیخەینە ڕوو:

١٠٣- لانیا کراسێکی جوان جوانی کڕی.




هێلکاری - ١٠ -

لە فرێزی ناوی زمانی کوردیدا، دەکرێ تا پێنج spec بەدی بکرێ لە پێش سەرە، بەڵام ئەوەی تێبێنی دەکرێ، ئەوەیە ، کە (خۆ – هەر – تەنیا ) ئامرازی جەختکردنن. کە ژمارەیان دەگاتە سێ ئامراز لەگەڵ دیارخەری دیکەی پێش سەرە ئەوانیش کە دوو دیارخەرن دەربکەون وەك ئەم نموونە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆ | هەر | تەنها | ئەو | دوو | نەمامە | ڕواون . |
| ئا.ج | ئا. ج | ئا. ج | نیشانە | ڕادە | سەرە | |

ئەوەی جێی تێبینی کردنە؛ ئەوەیە، کە ئامرازی جەختکردن وەك دیارخەری دوای سەرە، بەرچاومان نەکەوتووە.

**٣-٨-٥- جەختكردن لەسەر هەموو فرێزەكانی ڕستە :** دەتوانرێ ئەمە بە هۆی سوێند خواردن ئەنجام بدرێت ، وەك لە ڕستەی :

**١٠٤-     بەخوا ، ئەو ئەم كتێبەی خوێندۆتەوە .**




**هێڵكاری – ١١–**

# بەشی چوارەم

# جەختکردن لە ڕووی سیمانتیکەوە

## بەشی چوارەم

## جەختکردن لە ڕووی سیمانتیکەوە

### ٤-١- واتای ڕستە :

(( واتاسازی زانستێکە لە واتا دەکۆڵێتەوە ، بەلاْم ئەدی واتا خۆی چییە ؟ فەیلەسووفەکان ئەم پرسیارەیان گەنگەشە کردووە و ئاگاداری لایەنی تایبەتی زمان بوونە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەبێ ، بەلاْم تاکو ئێستا لە وەلاْم دانەوەی پرسیارەکە بە شێوەیەکی رازیکەر کەسیان سەرکەوتوو نەبوونە . )) ( جون لاینز ، ٢٠٠٩: ١٤٣) بێگومان گەڕاندنەوە و دابەش کردنی زمان بۆ سەر یەکەی دیاریکراوی خۆی ، کە لێی پێکهاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ توانا و مەبەستی مرۆڤ . بۆ ئەوەی ، بتوانێ دەسەلاْتی بە سەردا بشکێ و کۆنترۆڵی بکات . ئەویش ئەوەیە کە توانیویەتی زمان دابەشی سەر یەکە پێکهاتەکانی بکات، ئەمەش یەکێکە لە دۆزینەوەکانی مرۆڤ و یەکێکیش لەو یەکانە ڕستەیە و ئەوەی لێرە مەبەستە واتاکەیەتی، لە ڕاستیدا زۆر لە سەر ، واتای ڕستە گوتراوە و بەشێکی زۆریان دووبارەی هەمان بیرۆکەیە ، بە شێوازی جیا جیا . (( لە زمانەوانی نوێدا ،لێکۆلینەوە لە واتا لە میانەی ڕێگایەکی شیکاری وردەوە دەبێت ، ئەو ڕێگایەی ، کە وشە و ڕستەکانی تێدا بە کار دەهێنرێن . ئەم ڕێبازەش زۆربەی فەیلەسووف و دەروون ناسەکان بەکاریان هێناوە . بۆ نموونە فەیلەسووف ( لودوی ڤیتگنشتین L. Wittgenstein ) جەختی لەوە کردۆتەوە ، بە شێوەی تایبەتی ، کە گوتوویەتی : واتای وشە لە بەکار هێنانی دایە لە زماندا .))( مازن الوعر، ٢٠٠١: ٣٥ ) واتە لە واتای وشە مەگەڕێ لە دەرەوەی ڕستە ؛ بەڵکو لە بەکار هێنانەکەی بگەڕێ لە ناو ڕستە .

(( گەورەترین ئەرکی زمان ، واتا گەیاندنە ، ئێ کە مرۆڤ زمانی داهێناوە تا ئەوەی لە ئاوەزیدا دەگوزەرێ بیگەیەنێ ، چونکە مرۆڤ گیاندارێکی گۆکەرە. هەر گۆکردنەکەشە ، بۆتە هۆی بەرهەم هێنانی واتا . )) (نورالهدی لوشن ، ٢٠٠٦ : ٣١ ) . چونکە (( هەر پێکهاتەیەك چ واتاسازی بێ چ ڕستە سازی بێ ، سەربەخۆ ناتوانێ لە زماندا خۆی بەرجەستەبکات / بنوێنێ . واتە هەر پێکهاتەیەك سەربەخۆ ، هەر دەبێ بە هەبوونی پێکهاتەکەی دیکە واتاکەی تەواو بێ .))( منذر عیاش ، ٢٠٠٧ : ٥٦ ) . خۆ،(( هیچ زمانێك بوونی نییە بە بێ بوونی واتا .))( طالب حسین عەلی ، ٢٠١١ : ٤٢ ) . لە بەر ئەوەی مرۆڤ گیاندارێکی کۆمەلاْتییە ؛ بۆیە پێویستی بە زمان دەبێت ، بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکە هەمە لایەنەکانی بۆیە گوتراوە : ((زمان ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات لە دەرەوەی ژینگەی کۆمەلاْتی و سیاسی و ڕۆشنبیری . ))( برتیل مالبرج ، ٢٠١٠: ٢٨ ) . چونکە ، (( ئامانج لە

سیمانتیك ، ئاسانكارییه له پەیوەندی به یەكەوه كردن و هاوكاری و لێك تێگەیشتن ئاسانتر دەكات . ڕێكخستنی زاراوەكان و ئەو چەمكانەی له هەموو زانستەكاندا هەیه به تایبەتی زانسته نوێیەكان و هۆیەكانی پەیوەندی كردن ، كه وا دەكەن ژیان و مرۆڤایەتی پێش بكەوێت . )) (صادق یوسف الدباس ، ٢٠١٢ : ١٩٥ ) . بێنینه بەرچاومان، ئەگەر مرۆڤ بەبێ زمان بێت، چۆن مامەڵەی شته ورده نابەرجەستەكانی وەكو پێشبینی و داهاتوو و شته ئەبستراكتەكان ....تاد دەكات ؟ بێگومان كارێكی ئەستەم دەبێت. هەروەها (( واتای ووشه به پێی ئەو ئەركەی كه له ناو رستەدایه دەگۆڕێت . ئەوەش ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوه ، كه هەندێ له توێژەران خەریكی لێكۆڵینەوەی كێشەی پەیوەندییەكانی نێوان واتای جیاوازی ، یەكه فەرهەنگییەكانی رستەن ، ئەم توێژەرانه بایەخ به وشه نادەن تەنیا له رێگای بایەخ دانیان نەبێت له توخمه گەورەكانی رۆنانی رسته . )) ( كلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان ، ٢٠٠٦ : ٧٣ ) . ئەو بیرۆكه رەها نییه له هەمان كاتیشدا هەڵەش نییه . بێگومان هەموو ئەو وشانەی ، كه بەشداری له داڕشتنی واتای ڕستەكه دەكەن ، دەبێ واتادار بن ؛ ئەگینا ڕستەیەكی وەك ئەمەی خوارەوه ، هیچ واتایەكی نییه وەك :

١- ئازاد <u>تشێچی</u> خوارد . (تشێچ - هەڵگەڕاوەی — چێشت- ه .)

(تشێچ ) له گەڵ یاسای فۆنۆلۆجی كوردی ناگونجێ و هیچ واتایەكی نییه . بەم جۆره واتای ڕستەكەش ناتەواو دەردەچێت . كەواته دەبێ وشەكانی ناو ڕستەكه ، واتایەكی دیاری كراویان هەبێ و له گەڵ یاسای فۆنۆلۆجی زمانی كوردی بگونجێت و (( هاتنی وشه له تەنیشت وشەیەكی دیاریكراو ، كه واتایەك دەبەخشێ تەواو جیاوازه لەوەی ، كه له تەنیشت وشەیەكی دیكەدا بەكار بێت .)) ( عبدالعزیز احمد علام ، ٢٠٠٦ : ١٦٣ ) . ئەمەش دەكرێ به نموونەی ڕستەییەوه بیسەلمێنین ، وەك :

٢- بزمارێك تایەی ئۆتۆمبێلەكەمی پەنچەر كرد. ( پەنچەركردن ): كون كردن: خراپكردن

٣- وەستایەكه تایەی ئۆتۆمبێلەكەمی پەنچەركرد.( پەنچەركردن): كون گرتن: چاككردنەوه.

بێگومان زۆر زەحمەته و ناكرێ، چونكه (( هیچ كردەیەكی زانیاری به بێ زمان ناكرێ . )) ( فوئاد تاهیر سادق ، ١٩٩٩: ٤١ ) . هەر له زووەوه ئەمه هەستی پێكراوه ، كه (( واتای ڕسته به زانینی واتای وشەكان تەواو نابێت و گرنگی ڕیز كردنی ئەم وشانەش كاریگەرییەكی زۆری بەسەر واتاكەیدا هەیه . ئەمەش بیره سەرەكییەكەی تیۆری پێكهاتەی سیمانتیكی كاتز و فۆدەره . )) (عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠٠٨ : ٤٩ ) . له

دەربڕینەکانمان ، ئەگەر مەبەست واتا نییە ، ئەدی بۆ دەریان دەبڕین ، کەواتە هەموو دەربڕینێك لە پێناو گەیاندنی واتایە . تەنانەت ئەگەر دەربڕینێك لێشی تێنەگەین ؛ئەوا مەبەستێکی لە پشتەوەیە ، بەلاّم ئێمە تێیناگەین ، ئەویش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە نەبوونی واتایە لە ئاوەزمان بۆ ئەو زنجیرە دەنگە دەربڕراوە بە دوای یەکدا هاتووەی کە بەر گوێمان دەکەوێت . ئەو وشانەی ، کە ڕستەیەکی دیاریکراوی لیّ پێك دێت، ئاشکرایە، کە : (( هەر بەشە لە ناو ڕستەدا یەك لە دوای یەك بەهۆی چەند یاسایەکەوە لە یەکتر دەدرێن و پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە . )) (ساجیدە ...، ٢٠١٣ / أ : ٢٢ ) . مەبەستی لە یاساکانی کۆتی هەلاّوێرکردن و پرۆژە سازدانە . لە زماندا ((دەنگەکان هەلّگری واتاکانن و پەیوەندییەکی لە خۆوەی ئەوەندە بەهێزیان پەیدا کردووە ، لە یەکتر دابڕینیان ئەستەمە . ))( عەبدوللاّ حوسێن رەسول، ٢٠٠٥ : ٦٦ ) .

هەموو زمانەوانەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە ، (( بە گوێرەی وتەی جۆن لاینز ،زۆر زەحمەتە سنوور دانان لە نێوان ڕستەسازی و واتاسازیدا بکریّ . )) (نور الهدی لوشن ، ٢٠٠٦ : ٨٦) . ((بەم دواییە زمانەوانەکان گەیشتوونەتە ئەوەی ، کە لەبەر ئەوەی واتا ڕەگەزێکی سەربەخۆی( منفصل) نییە لە زمان ، هەر وەکو ڕەگەزەکانی دیکەی بەرزی و درێژی، کە جۆرێك لە بوونی سەربەخۆیان هەیە . )) (مازن الوعر ، ٢٠٠١: ٣٥ ) . بۆیە هەر دەبیّ لە سنوورو چوارچێوەی زماندا ، لێی بکۆلّرێتەوە .

لێرەدا دیسانەوە دەکریّ بپرسین ، ئەگەر هەر یەکەیەکی سینتاکسی، ڕامانێك و واتایەك نەبەخشن ، ئایا ڕۆدەنرێن/ دەردەبڕرێن ؟ بێگومان لە ڕووی دروستی زمانەوە دەکریّ بلّێین ، نەخێر . کەواتە ئەم دوو بابەتی سینتاکس و سیمانتیکە ، هیچیان بیّ ئەوەی دیکە تەواو نابیّ و هەر یەکە تەواوکەری ئەوی دیکەیە ، لە یەك کاتدا ، چونکە (( دەنگ و واتاکان دەگەیەنێت بە یەکترییەوە . )) (نایف خرما ، ٢٠١٣ : ٣٦٤ ) . هەروەها ئەوە ڕوون دەبێتەوە ، کە (( ئەرکی بنەڕەتی زمان ، گەیاندنی بیرۆکەکانە )). ( لیتش، ٢٠١٢ : ٩٦ ) . لە گەلّ ئەوەی ، کە ڕوون بۆوە واتای ڕستە ، کاریگەر دەبیّ بە واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی چونکە (( فەرهەنگی وشەکان لە نێوان خۆیاندا بە تۆڕێکی واتایی بە یەکەوە بەستراونەتەوە پۆلین کراون و خاوەن زمانەکانیش مانای وشەکانی زمانەکانەکەیان دەزانن و فەرهەنگیش بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و واتا ، ڕێزمان بیّ فەرهەنگی وشە ناتوانیّ جیاوازی واتایی ئەم رستانە دیاری بکات :

٤-پشیلەکە مشکەکەی خوارد .

٥- پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد .

٦- پشیلەکە پەنیرەکەی خوارد .)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠٠٩: ٥٤). هەروەها دەبێ ئەوەش لە یاد نەکرێ کە ئاوازەی دەربڕینی هەر ڕستەیەك، کاریگەری لە واتای ڕستە دەکەن کەواتە ، کۆمەڵێ هۆکار هەنە ، کە دەبنە هۆی دەست نیشان کردنی واتایەکی دیاریکراوی رستەیەکی دیاریکراو . وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە ، کە هەر ڕستەی لە سێ وشەی واتاداری وەك یەك ڕیز بوون لە ناو ڕستەکاندا ، تەنیا بە گۆڕینی ئاوازی دەربڕینیان سێ جۆر ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دێتە ئاراوە ، کە ئەمانەن :

٧-پشیلەکە بولبولەکەی خوارد .

٨-پشیلەکە بولبولەکەی خوارد ؟

٩-پشیلەکە بولبولەکەی خوارد !

هەروەها هەڵوەستە ( وەستان : juncture ) ، کە پیادە کردنی لە زماندا دەبێتە هۆی واتا گۆڕین ، بۆ نموونە :

١٠- بە|[1] ڕێکەوت : واتە بە صدفە .

١١- بەڕێ| کەوت : واتە :ڕۆیشتن .( بازیان یونس محێدین، ٢٠١٣: ١٤٦) .

هەروەها هێز ڕۆڵ دەبینێ لە دیاری کردنی واتا بۆ نموونە :

١٢-((هـ'ەر چواریان هاتن.(هەموویان چوار بوون وهەموویان هاتن– هێز لە سەر-هەر- ە.

١٣- هەر چو'اریان هاتن .(زیاتر بوون بەلاّم تەنها چواریان هاتن. هێز لە سەر- چوار- ە . ))( عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠٠٩: ٥٢-٥٣) . لە کۆتاییدا ، ((هەموو توێژینەوەیەك هەر دەبێ ئاڕاستەی بەرەو واتا بێت . چونکە واتا ئامانجی سەرەکییە ، هەروەکو لەم وێنەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە . )).( محمد احمد خضیر، ٢٠١٠: ١٢) .




هێڵکاری – ١٢-

[1] مەبەست لەم ( | ) ئاماژەیە ،بۆ بوونی (Juncture ) کورتە وەستانە .

له پەرتووكی زمانەوانی كۆمەڵێك زمانەوان ، بەم شێوە باسی له پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا كراوه : (( هەر ڕستەیەك ( ڕ) له تەكیەكدانان و پێكەوه دانانی دروستەی دەربڕینێك ( دد) دروستەی ناوەڕۆكێكە( دن) . ئەو پێناسەیە دەتوانرێت بكرێت به شێوازبەند ، به تایبەتی له ڕێی: ڕ I = ( دد J ، دن K ) )) ( كۆمەڵێك زمانەوان ، ٢٠٠٩: ٣٤٧) . مەبەست لەم دەربڕینەی سەرەوه ، ئەوەیە ، مەرجی دروستی دەربڕینەكە ، دەبێتە راستی دروستەی ناوەڕۆك . یان به شێوەیەكی دیكە واتا، دوو دیوی هەیە و لێك جیا ناكرێنەوه . له هەموو لایەكەوه ، ئەو هۆكارانەی ، كه كاریگەریان هەیە له سەر دیاری كردنی واتای ڕسته ، به دیاری كراوی ، دەكرێ له چەند خاڵێك بخەینە ڕوو :

١-به دوای یەكدا هاتنی فۆنیمەكانی زمان ( فۆنۆلۆجی ) .

٢-بۆ دروست كردنی واتایەكی سنووورداری وشه . ( واتای فەرهەنگی ) .

٣-ڕیزبوونی وشەكان .

٤-ئاوازەی دەربڕین .

٥- هێز .

٦- هەڵوەسته: Juncture: وەستان.

- كەواته : واتای ڕستەی سیمانتیكی ، یەكسانه به بەرهەمی واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی و ئاوازی دەربڕین و هێز و وەستان.

**٢-٤- جۆرەكانی بابەتی سیمانتیكیی جەختكردن :**

لەبەر ئەوه ، ناوی سیمانتیكی جەختكردنمان ، بەسەر ئەم بەشه دابڕیوه ، چونكه ڕەگەزی جەختكردنەكە ، بەشێوەیەكی ئاشكرا وەك جەختكردن، به هۆی پاتكردنەوه و جەختكردن به هۆی وشه و ئامرازەكانەوه ، ئاشكراو ڕوون نییە و هێزی جەختكردنەكە دابەش دەبێته سەر هەموو گوتراوەكە . واته به هەموو ، كەرەستەكانی ناو گوتراوەكە پێكەوه ئنجا جەختكردنەكە دروست دەكەن . واته دیارترین دیارده لەم بەشەدا ، ئەوەیە ، كه به هۆی ڕەوتی ئاخاوتن ( سیاقی كلام ) له ڕسته هەست به واتای جەختكردن دەكرێ بایەخی جەختكردنیش له ئەركەكەیدایه ، كه جێبەجێی دەكات و ئەم سەره بابەتانەی خوارەوه ، لەو جۆره جەختكردنه سیمانتیكیانەن :-

١- جەختكردن بە پاتكردنەوەی ناتەواو

-٢- جەختكردن بە نەرێكردنی دژەكەی

-٣- جەختكردن بە هەر پێنج هەستەوەرەكە

٤- جەختكردنی دەستكرد

٥– جەختكردن بە بەستانەوەی شتێك بە شتێكی دیكە

٦- جەختكردن بە ناو بردنی شتی تایبەتی دوای شتی گشتی یان بە پێچەوانەوە .

٧- جەختكردن بە چاوگ

٨- جەختكردن بە كۆكردنەوەی سیفەتێك لە كەسێك یان شتێكدا

٩- جەختكردن بە سوێندخواردن

١٠- جەختكردن بە دوعا كردن

١١- جەختكردن بە هۆی ژمارەوە

١٢- جەختكردن بەهۆی داهێنان

١٣-جەختكردن بە هۆی هێزەوە

٤– ٣– جەختكردن بە پاتكردنەوەی ناتەواو :

جەختكردن بەهۆی پاتكردنی ناتەواو كە رەستە و ودەستەواژە دووبارە دەبنەوە، دەكرێ بە پێچەوانەی جەختكردن بە هۆی پاتكردنەوە وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان رستەیەك كە دووبارە دەبنەوە، دەبێ لە ڕواڵەت جیا بێت وهاواتا یان واتای نزیك لە واتای پێش خۆی پێشكەش بكات، ئەگەر وانەبێ، ئەوا لەم خانە دەردەچێت ودەكەوێتە خانەی پات كردنەوەی تەواو .

١٤- گابەڵەك لاچۆ ، نەچیتە ناو ئەو گوڵانەم بڕۆ .

١٥- سعاتچی:- ئیش ناكات ، شكاوە ، دەبێ چاك بكرێ . ( ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ، ٢٠٠٨ : ١٧٦ ) . ئیش ناكات- شكاوە ، لەم ڕۆنانەی سەرەوە واتایان لە یەكدی نزیكە و

هەردوو واتایەکە ، ئەوە دەگەیەنن، کە سعاتەکە تێکچووە ؛ هەر بۆیە ئەم جۆرەمان ، ناو ناوە جەخت کردنی ناتەواو ، چونکە هەردوو وشەکە ، لە ڕۆنانەکەدا واتایان تێکدەکاتەوە .

جەختەکە(تێك چوون )ی ، سعاتەکەیە جەختکراویش ( سعات)ەکەیە ، چونکە بەهەموو ڕستەکان دروستی دەکەن .

١٦- من ئەڕۆم... ، سەری خۆم هەڵدەگرم ، پێ ئەنێم بەجەرگی خۆماو لێت دوور ئەکەومەوە ، هەرچەندە دەشێ هەندێ ئەمە بەترسنۆکی و هەڵاتن دابنێن، بەڵام چارم نییە. (.ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠٠٨: ١٨٨ -١٨٩) .

لە نموونەی (١٦) دا ، دوو واتای جیاوازی ئەڕۆم بەکار هێنراوە ئەوانیش: (سەری خۆم هەڵدەگرم) کە هەر واتای ئەڕۆم دەگەیەنێ وئەوەی دیکە: (هەڵاتن) ئەگەر چی واتایان لە سەدا سەد وەك یەك نییە بەڵام لێرە دا بە واتای ئەڕۆم دێت لە دیدی بەرانبەرەکان،

١٧- ((وابە ئاسمان دا پۆل پۆل[١] دەڕۆن، ئەوە یەك پۆل ، ئەوە دوو پۆل)) (ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ٢٠١١: ٣٦)

لەم نموونەی سەرەوە بەهۆی دەستەواژەی(ئەوە یەك پۆل) جەختی یەکەم ، بەهۆی دەستەواژەی (ئەوە دوو پۆل) جەختکردنی دووەم دروست دەبێ.

ڕۆژانە چەندین ئاخاوتنی لە شێوە و قالبی(جەختکردن) ئەنجام دەدەین و ڕەنگە لە جیاتی وشەی جەختکردن ، وشەی مەبەستی سووربوون و مکوڕبوون یان تەنانەت لاساری وعینادی و کەللەرەقیش بەخەیاڵ دابێت بەڵام ئەمانە ئەگەر یەکیش نەبن ئەوا زۆر زۆر لە یەك نزیکن و ڕەنگە هەندێ جار بگاتە کاڵ بوونەوەی سنوور لە نێوانیان دا.

١٨- ئەگەر دە کچم بێت ، هەردەیان لەبەر ناشیرینی کەس نەیەتە خوازبێنیان ، پرچی سپیان لە ماڵەوە بهۆننەوە ، ئەوجا نایاندەمە ئێوە. ( ئازاد رەمەزان عەلی، ١٩٩٩: ٧٨)

---

[١] ئاوەڵکاری تەرتیبی لێکدراو، وەك : پۆل پۆل ، یەك یەك ،دوودوو، دەستەدەستە، گرووپ گرووپ،...تاد، ناکەوێتە خانەی جەختکردن بە پاتکردنەوە . بەمەرجێ وەك جەخت و جەختاو بەکاردەهێنرێن ، ئەگەر ئەرکی دیارخەری ناو یان کارا ببینن وەك :

دوو دوو دەڕۆن .

دوو ، دوو پشیلە لێرەیە .

گرووپ گرووپ هاتن .

گرووپ ، گرووپ هات .

لەم ڕستە مەرجی یە ئاوێتەی سەرەوە ڕستەی کاری مەرج و ڕستەی وەڵامی مەرج شیکردۆتەوە بەتەواوی بەڵام ئەگەر سەرنجی لێ بدەین جەختکردنیشی لە خۆ گرتووە ، کە جەختکردنەکە نەدانە، جەختکراوەکەش ئەوانە بەشێوەی جێناوی لکاودا دەربڕاوە.

١٩- زۆپاکە جارێکی تریش سوور بووەوە ، نێڵە نێڵی گەیشتەوە لووتکە، لەوە دانەما خۆیان لەبەردا رابگرن ، بەرو دوا لێ کشانەوە و خۆیانیان لێ دوور خستەوە. ( ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠٠٨: ١٩٠) .

ئەگەر تەماشای نموونەی( ١٩ ) بکەین دەبینین پێنج ڕستەی لە خۆ گرتووە و هەرپێنج ڕستەکە لەپێناو وێنە کێشانێکی سوور بوونەوە و زۆرگەرم بوونی لە ڕادە بەدەری زۆپایەکەیە وجەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆپاکە بەو ڕادە بەرزە گەرم بووە.

کەواتە جەختەکە هەموو ڕستەکانن وجەختاوەکەش سوور بوونەوەیە(گەرم بوون) واتە بەهەموو ڕستەکان جەختەکەیان دروست کردووە.

٢٠- ئۆی ئەوە دوو رۆژە دەڕژێ ،

دوو رۆژە دۆی دادە دەڕژێ

ئەوەی لە نموونەی (٢٠ ) دا بەرچاو دەکەوێ ڕستەی دووەم دووبارەی ڕستەی یەکەمە ، بەڵام تەنها بەبێ ئامرازی سەر سوڕمانی (ئۆی) و جێگۆڕکێ پێکردنی هەندێ کەرەستە و درێژکردنەوە و ناو هێنانی (دۆی دادە)یە.

**٤ – ٤ – جەختکردن بە نەرێکردنی دژەکەی :**

ئەوەی لەم بابەتەدا ، پەیوەستە بە جەختکردنەوە : ئەوەیە ، کە هەر وشەیەك بە هۆی نەرێکردنی دژەکەیەوە جۆرێك لە جەختکردن دێنێتە ئاراوە . ئەم جۆرە نەرێکردنە لە ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و کاریش ، بەر چاو دەکەوێ .

دژواتا: (( وشەی دژواتا بەو وشانە دەوترێ کە لە مانادا بەرامبەر یەکتر دژ وەستاون ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥ : ٢٣) ، وەك :

گەورە ــ بچووك

زۆر ــ کەم

ئەگەر سەیری ئەم نموونانەی سەرەوە بکەین ، دەبینین ، ئەم جووت وشانە ، هەموویان ئاوەڵناون و لە واتادا دژی یەکن .

بەکار هێنانی دژواتا، ڕێگەیەکی دیکەی دەربڕینی سیمانتیکیی جەختکردنە و دەکرێ بە زیاتر لە ڕێگەیەك ، دەربڕدرێ، لەم بابەتەی ئێمەدا مەرج نییە هەر دژواتا بێت ؛ بەڵکو دەکرێت خۆمان دروستی بکەین، وەك:

- کرێکارە ، مامۆستانییە
- کرێکارە ، جوتیارنییە

٢١- باوکم کرێکارە مامۆستا نییە.

٢٢- باوکم کرێکار نەبوو جوتیار بوو .

- درەنگە، زوونییە:

٢٣- پارچە گۆشتێکە دڵی من، روونییە

ناڵە ناڵی من درەنگە، زوو نییە (هێمن، ٢٠٠٣: ٣١٩)

٢٤-أ)گەورە یە بۆم ، (بۆم گەورەیە). / گچکەیە/ تەسکە/ بەرینە ...هتد.

ب)گچکەیە گەورە نییە . / گەورەیە گچکە نییە ./بەرینە تەسك نییە/ ...هتد

- شێت بێ، ژیرنەبێ :

٢٥- کەس نییە لە جیهان کە دلگیر نەبێ

مەگەر ئەو کەسەی شێت بێ ژیر نەبێ (عەونی، ٢٠١١:٤٥٥)

- لەرۆژ هەڵات ، نەك رۆژئاوا:

٢٦-رۆژ لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێت نەك رۆژئاوا. (شلێر ، ٢٠١٠ : ٣٠)

بێگومان ئامرازەکانی نەرێی( نەك، نەوەك، نییە، هتد) ڕۆڵیان هەیە لە دروست کردنی دژواتا پێچەوانەکە.

- ڕووناکە ، نەك تاریك:

٢٧- رۆژ رووناکە ، نەك تاریك . (سەرچاوەی پێشوو :٣٠)

دەکرێ شێوازی دەربڕینی ئەم ڕستەی سەرەوە و هەموو ڕستە لێکدراوەکانی سەر بەم بابەتە بەشێوەی دیکە بەرچاو بخرێ ، یان چەند شێوەیەی دیکەی ، دەربڕینیان هەبێ ، وەك:

أ-ڕۆژ تاریك نییە ، بەڵکو رووناکە .

ب- ڕۆژ رووناکە ، تاریك نییە .

نموونە ڕستەی دەربڕینی جیاواز بۆ خاڵی پێشووتر وەك :

پ- ڕۆژ لە ڕۆژ ئاوا هەڵنایێ ، بەڵکو لە رۆژ هەڵات هەڵدێ .

ت- ڕۆژ ، نەك لە ڕۆژ ئاوا هەڵنایێ ، بەڵکو لە رۆژ هەڵاتەوە هەڵدێ .

- دەڕوا ، ناڕوا .

لە هەندێ باری تایبەتیدا ڕستەی تایبەت یان دەربڕینی تایبەت بەرچاو دەکەوێ ، کە جەختکردن ، لە خۆدەگرێ و نیشانەی بێزاری لە ڕادەبەدەر دەگەیەنن بۆ نموونە:

٢٨– رۆژ و هەفتە دەڕوا ، مانگ و ساڵ دەڕوا ، ئەو بەڵایە ناڕوا.

- زۆرتربوو، کەمترنەبوو

٢٩-کابرایەك لە گوندەکەمان هەبوو لە تەمەنی هەشتاو وپێنج ساڵ ، زۆرتر بوو کەمتر نەبوو.

ئەمە ئەوە دەسەلێنێ کە بەتەمەنی هەشتا وپێنج ساڵییەکەی ڕازی بین و هیچ گومان ناهێڵێتەوە ، کەتەمەنی هەشتا وپێنج ساڵ بووە و بەهیچ شێوەیەك لەو تەمەنە دیاری کراوە کەمتر نییە.

- لە داشتی ، نەك دابەستە

٣٠- لەمەڕی داشتی زەکات دەکەوێ نەك لە دابەستە.

واتە : تەنها لە مەڕی ڕاگیراو بەمەبەستی مەڕداری زەکات دەکەوێ نەك لەو مەڕانەی کەمەبەستی قەڵەوکردنی (بۆ گۆشت ) ، ئالیکی تایبەتیان دەدرێتێ.

**٤-٥- جەختكردنی بەهۆی هەر پێنج هەستەوەرەکە :**

بەکارهێنانی هەریەك لە پێنج هەستەوەرەکە دەکرێ وەك ڕەگەزی جەختکردن لە ئاخاوتن دا ، بەکار بهێنرێ.

١- نموونە بۆ هەستەوەری بینین:

٣١- بەو دووچاوەم ، ڕووداوەکەم دیت.

٢- بۆ بیستن ، نموونە:

٣٢- بەو دوو گوێیەم ، گوێم لێ بوو.

٣- بۆ هەستەوەری بەرکەوتن ، نموونە:

٣٣- بەو دەستانەم ، دیارییەکەم پێشکەش کرد

٤- نموونە بۆ هەستەوەری چەشتن:

٣٤- بەو زمانەی خۆم ، تامم کرد ، زۆر خۆش بوو.

٥- نموونە بۆ هەستەوەری بۆنکردن:

٣٥- بەو لووتەم گوڵاوەکەم بۆنکرد و پێم خۆش بوو.

**٤-٦- جەختکردنی دەستکرد:**

لەم جۆرە نموونانەدا ، جۆرێك لە زیادە ڕۆیی پێوە دیارە ،بۆ نموونە ، (قەلەڕەشکە ) خۆی ڕەشە و پێویست ناکات دووبارە وشەی ڕەشی لە گەڵ بەکار بهێنرێتەوە ئەگەر ڕەشیشی بەکار نەهێنایە ئەوا هەر دەزانرا کە قەل ڕەشە ، وەك ئەم نموونە:

٣٦- دارا قەلە ڕەشکەیەکی ڕەشی گرتووە.

یان با نموونەیەکی دیکە وەربگرین :

٣٧- ساپیتەکە لەسەر سەریانەوە ڕووخا.

دەبینین ساپیتە(سقف) هەر لە سەر سەرانە ، بێجگە لەسەر سەران لە هیچ لایـــــەکی دیکەمان نییە ، بەڵام لێرەدا ناوهێنانی (لەسەرسەریان) بۆ جەختکردنە و پێداگرتنە لە ڕووخانی و هاتنە خوارەوەی بەسەرسەریان دا.(( هەندێك بەم جۆرە جەختکردنانە دەڵێن : جەختکردنی دەستکرد (اصطناعي) )) (فاضل صالح السامرائي ، ٢٠٠٣: ١١٣) .

## ٤-٧- جەختکردن بە بەستانەوەی شتێك بە شتێکی دیکە :

قسەکەر شتێکی بێ دوودڵی و گومان ، کە بوونی هەیە ( دیاردەیەکی ئاسایی )، یان کارێکی کە لە توانای مرۆڤ بە دەرە دەکرێتە مەرج وەك سنگێك ( مەرجێك ) وایە ، لە ڕستەی یەکەم دا ، ئنجا دێت لەڕستەی دووەمدا مەبەستەکەی پێ دەبەستێتەوە دەری دەبڕێ وەك ئەم نموونە:

٣٨- چۆن دەزانم خوا حەقە ، ئەوهاش دەزانم ئەوان لەسەر حەقن.

٣٩- چۆن ئێستا قسە لەگەڵ تۆ دەکەم ، ئەوهاش لەگەڵ ئەو دواوم (قسەم کردووە).

ئەم دوو نموونەی سەرەوە ، بۆ ئەوەیە کە قسەکەر ، گوێگر دڵنیا بکاتەوە و گوتەکەی بەهێز بکات واتە ڕستەی یەکەم پێشەکی و جەختکردنەکەیە بۆ ئەوەی ڕستەی دووەم لەبیر و هەستی گوێگر بچەسپێنێ.

نموونەی واش بەرچاودەخرێ بەشە ناسەرەکییەکە بە پێچەوانەی ئەو خاڵانەی پێشوو واتە پێشەکی و مەبەستەکە پاش و پێش بکرێن وەك ئەم نموونەیە:

٤٠- هەرکەسێ ئۆ باڵی ئیشی خۆی لەسەر ئەستۆیەتی

وەك برۆ چۆن پشتی چاوی گرتووە جێی خۆیەتی (عەزیز گەردی، ١٩٧٢: ٦٠).

لەم دێڕە هۆنراوە شاعیر هاتووە ، ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە ڕوخساری هەموو کەسێك هەردوو برۆیەکەی لەسەرەوەی هەر دووچاوەکەیەتی واتە قسەکەر هاتووە ئەم حەقیقەتە دەردەخا مەبەستەکەی پێ دەبەستێتەوە کەبە شێوەی ئەم حەقیقەتە هەرکەسێکیش ئۆباڵی ئیشی خۆی لەسەر ئەستۆی خۆیەتی وخۆی لێی بەرپرسی یەکەمە .

هەندێ جار ئەم جۆرە بەستانەوانە بە شێوەی ئیدیەم ، یان لە شێوەی ئیدیەمی مەرجی ، بەر چاو دەکەون ، وەك :

٤١- أ - کەینێ کلکێ حوشترێ بگاتە عەردی ، ئەوجا ئەتووش دەبیە ئەفەندی .

ب- کەینێ شەموو لە مانگێ برا ، ئەوجا ئیشەکەت بۆ جێبەجێ دەکا .

یان ئەمانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێن :

پ-قیڕ سپی بێ بە گوێی ناکات .

ت-خوێ شینبێ( بڕوێ )....

ج- هێستر بزێ .......

سنگەکان( مەرجەکان ) بریتین لە :

أ-گەیشتنە عەردی کلکی حوشترە .

ب-برانی ڕۆژی شەمەیە لە حەفتەکانی مانگ .

پ-گۆڕانی ڕەنگی ڕەشی قیرە بۆ ڕەنگی سپی .

ت- ڕوانی خوێیە .

ج- زانی هێسترە .

هەر یەك لەو بۆچوونە ئەگەریانەی سەرەوە ، نە بووە و نەدەبێ مەحاڵن (مستحیل )ن . بێگومان ، ئەم ڕستانە دەربڕراون ؛ بۆ ئەوەی ئاخاوتنەکە درێژە نەکێشێت و قسەکەر لە کورتی بیبڕێتەوە و بەرانبەرەکەی زوو تێبگەیێنێت . دەکرێ واتای ئەم ڕستانەی سەرەوە ، بەم شێوەیە لێکبدەینەوە :

٤١-أ- تۆ هەرگیز نابییە ئەفەندی .

ب- هەرگیز ئیشەکەت بۆ جێبەجێ ناکات .

پ- هەرگیز بە گوێی ناکات . ...تاد .

ئەم جۆرە جەختکردنە بە هۆی ئیدیەم ، ئەوەیە کە بابەتێکی مەحاڵ دەکرێتە مەرجەکە / سنگەکە و مەبەستەکەی پێ دەبەستێتەوە . واتە دەستوورێکی تا ڕادەیەك دیاری کراوی هەیە. هەروەها ، لەم جۆرەدا گوێگر هەست بە دەربڕینێکی زۆر بەهێز و جەختاوی دەکات ، وەك لەم نموونە داهێنانییەی پێغەمبەر( د.خ )، ئەم جۆرە ، داهێنانەی کردووە ، بە جەختکردن. لە سەرەتای پێغەمبەراتییەکەیدا ، کاتێ لە لایەن بێباوەڕانەوە ، بە هۆی مامی داوای لێ دەکرێ ، واز لە گەیاندنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام بهێنێ ، لە وەڵامێکی زۆر کورت و بەهێز بە بەکار هێنانی دوو ڕەگەزی جەختکردن ، کە یەکێکیان سوێندە و دووەمیان ، ئەم بابەتەی ئێستای ئێمەیە، کە کارێکی لە ڕادە بەدەری توانای مرۆڤە و دەفەرموێ :

٤٢- (( مامە ، بەخوا ، گەر خۆر لە ڕاستەم دابنێن و مانگیش لە چەپەم دابنێن ، تا واز لەم پەیامە بهێنم ، یان هەتا خوا سەری دەخا، یان تیا دەچم ، وازی لێ ناهێنم .))( ابو

فداء حافظ بن كثير ، ؟ : ٩٠ ) .    ئەم فەرمووده ، بێجگە له سوێندەکە، مەرجێکی وەهای له خۆ گرتووە ، دانانی خۆر له لای ڕاستەی پێغەمبەر و مانگیش له لای چەپەی ، کارێکی له توانا بەدەری مرۆڤە و مەحاڵە (مستحيل)ە . ئنجاش دەفەرموێ : ئەگەر ئەمەشیان پێبکرێ ؛ ئەوا هەر واز له بڵاو کردنەوەی پەیامەکەی ناهێنێ .

٤-٨- جەختکردن بە ناوبردنی شتی تایبەتی پاش شتی گشتی یان بەپێچەوانەوە:

٤-٨-١- ناوبردنی شتی تایبەتی پاش شتی گشتی:

((ئەوەیە یەکەم جار بەگشتی باسی شتێك بکەیت و پاشان باسەکە تایبەت بکەی بە بەشێکی شتە گشتییەکە، ئەمەش کە دەکەی بۆ جەخت وتەئکید کردنە لەسەر بەشە تایبەتییەکەی  شتە گشتی یەکە ئەمەش کە دەکەی بۆ جەخت و تەئکید کردنە لە سەر بەشە تایبەتی یەکەی شتە گشتی یەکە ، دڵدار دەڵێ : )). ( عەزیز گەردی، ١٩٧٩ : ٧٦) .

٤٣-خێرا هاتەوە بە روویەکی خۆش

ووتی بەخێربێن بەخێربێ کێخوا

یان بۆ نموونە ، کە خودای گەورە ، لە باسی میوەی بەهەشتدا دەفەرموێ:

٤٤-( مێوەی تێدایە هەروەها خورما و هەناریش)

خۆ خورما و هەناریش مێوەن ،  بەڵام دووبارە ناوی هێنراوی (خورما وهەنار) بۆ دروست کردنی جەختەکەیە لەسەر بوون وچەسپاندنی میوەی (خورما وهەنار) لەبەهەشت دا، ئەمەش هەربۆ ((چەسپاندنی واتا وجەخت لەسەر کردنێتی) (د. مهدی المخزومی، ١٩٦٤ :٢٤٤)

٤٥- هەموو شارەکانی کوردستان و هەولێرم پێ خۆشە .

٤٦- هەموو شتەکانی ژوورەکەیشم خۆڵاوین ، کتێبخانەکەم ، کورسییەکان ، گڵۆپ ودیواری ژوور، سەرە گەورەکەی سوکرات... (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی،٢٠٠٨ : ١٩٢).

لەم نموونەی سەرەوە وەك پێچان وکردنەوەی رەوانبێژییە هەروەها لە رووی جەخت کردنەوە (هەموو شتەکانی ژوورەکە خۆڵاوین) ئەوەتە بۆ سەلماندنی ناوی یەك بەیەك شتە گرنگەکانی ژوورەکەی دێنێ کە خۆڵاوین کتێخانە ، کورسی یەکان... سەرە گەورەکەی سوکرات...تاد .

٤- ٨ -٢- ناوبردنی شتی تایبەتی پێش شتی گشتی:

ئەمەش ئەوەیە: (پێشان ناوی شتێکی تایبەتی ببەیت و پاشان باسی شتێکی گشتی بکەیت ، کە ئەو شتە گشتی یە شتە تایبەتی یەکەی پێشووش بگرێتەوە .)) (عەزیز گەردی، ١٩٧٩ :٧٧)، وەکو:

٤٧- هەولێرو هەموو شارەکانی کوردستانم پێ خۆشە.

ئەگەر لە خاڵی (أ) و (ب) ، وردبینەوە دەبینین یەك شتن، تەنها جیاوازیەکی بچووك لە نێوانیان دا هەیە ، ئەویش لە خاڵی (أ) جەختەکە واتە جەختکردنەکە لە دواوە یە لەسەر هەولێرە ، واتە لە هەردوو باردا پێداگرتنەکە دەکەوێتە سەرشتە تایبەتییەکە ، چونکە شتە تایبەتیەکە لە هەردوو باردا لە ناو پۆلی شتە گشتییەکە دەدۆزرێتەوە و بوونی هەیە .

٤-٩- جەختکردن بە هۆی چاوگەوە :

ئەم جۆرە دەربڕینانە ، زیاتر ئەوە دەگەیەنێ، کە کارەکە بە تەواوی و بێ کەم و کوڕی ڕوویداوە یان بۆ ئەو بارە تایبەتیانە بە کار دێت ، کە لە خانەی ئەستەمدا خۆی دەبینێتەوە . واتە ڕووداوەکە کارێکی ئاسایی نییە و دەستووری دروست بوونەکەشی بەم شێوەیە :

کارا + بە ، ئامرازی پەیوەندی + چاوگ +( گرێبەند/ بەرکار ) + کار

٤٨- ئازاد بە تووڕەبوون ، تووڕەبوو .

٤٩- دارا بە ڕۆیشتن ڕۆیشت .

٥٠- خوا بە قسەکردن لەگەڵ مووسا قسەی کرد[1]. (محمد مەلا صالح ، ؟ : ١٠٤ ) .

٥١- بەلێدان لێیدا .

٥٢- نەهەنگەکە بەشکاندن کەشتییەکەی شکاند.(

٥٣- عبدالعزیزنبوی،٢٠٠٣ : ١٧١) .

لەم نموونانەی سەرەوە ، جەختەکان چاوگەکانی:( بەقسەکردن ، بەرۆیشتن ، بەتووڕەبوون ، بەلێدان ، بەشکاندن )ن. جەختاوەکانیش کارەکانیانن و لە خودی

---

(1)- لە عەرەبیش ، بە تایبەتی لە قورئانی پیرۆزدا ، نموونە بەرچاو دەکەوێ ، کە بەهۆی چاوگەوە جەختکردن دروست دەکات ، بەلاَم لە عەرەبی پێی دەگوترێ (مفعول المطلق ) ، بۆ نموونە : ﴿ وكلم الله موسى تكليماً ﴾ [النساء : ١٦٤ ]. هەروەها بۆ زانیاری زیاتر ، بڕوانە : فاضل صالح السامرائي، معاني النحو ، المجلد الرابع، ط ٢ ، ٢٠٠٣: ١١٢-١١٣ .

چاوگەکانیان وەرگیراون . ئەمەش مەرجێکە لە مەرجەکانی ئەم جۆرە جەختکردنە و نابێ چاوگ و کاری ناو رستەکە ، پێچەوانەی یەکدی بن ، یان جیاواز بن .

**٤- ١٠- جەختکردن بە هۆی کۆکردنەوەی سیفەتێك لە کەسێك یان شتێکدا [1]:**

لەم بارەدا کەسی قسەکەر هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی سیفەتێك ، کە ئەرێنی بێت ، یان نەرێنی بێت ، باش بێت ، یان خراپ بێت ، ... تاد ، لە کەسی قسە لەسەر کراو ، یان شتێك ، بابەتێکدا ، کۆ دەکرێتەوە و ئەو سیفەتەی لە دەرەوەی قسە لە سەر کراو بەرجەستە دەکرێت ، بێگومان ئەمەش بڕیارێکی ڕەها نییە ، بەڵام بەلای قسەکەرەوە وایە و جەختکردنەکە ، بە یارمەتی هەموو کەرەستەکانی ناو ڕستەکە بەرهەم دەهێنرێت ، بەڵام جەختکراوەکە تەنها ناوەکەیە ، بۆ نموونە:

٥٣- کەس قوتابی نییە دارا نەبێت.

٥٤- هیچ کچێك جوان نییە نازدار نەبێت.

٥٥- هیچ خواردنێك خواردن نییە کەباب نەبێت.

یان هەندێ جار لە کاتی بەرگریکردن لە کەسێك ، کە ناوی بە بەدرەوشت هاتبێ و بەڵام ڕاستییەکان بە پێچەوانە بێت ، بەم شێوە بەرگری لێ دەکرێت:

٥٦- ڕەوشت لای کەس نەبێت لای ئەم هەیە.

بێگومان ئەگەر بە وردی لە واتای ئەم (٤) ڕستەی سەرەوە ورد بینەوە هەڵەن و سیفەتەکە ڕێژەییە ، بەڵام ئەم جۆرە ڕستانە بۆ ئەوەن تا جەختکردن دروست بکەن لە سەر ناوەکانیان و وتەکانیان بە هێز بکەن ، بە هۆی ئەم جۆرە دەربڕینانەوە ، دەکرێ بە زیاتر لە ڕێگایەك ، بەرهەم بهێنرێت : وەك :

٥٧- أ- کەس شاعیر نییە، نالی نەبێت .

ج- نالی گەر شاعیر نەبێت هیچی دیکە نییە .

---

[1] سوودم لەم سەرچاوە وەرگرتووە ، محمد بن محمود فجال ، محاضرة في اسلوب التوكيد في الجملة الاسمية ، لەم سایتە :

http: faculty.Ksu.edu.sa/dr-mfaggal/default.aspx. لە بەرواری ٣/٢٥ /٢٠١٤-

کاتژمێر١١:٣٠ ی شەو .

## ٤– ١١ – جەختكردن بە هۆی سوێند خواردن:

سـوێند خـواردن: ئـەم جۆرە ڕستانە لـە جۆری ڕسـتەی ڕاگەیانـدنن و تیایـدا ، بەرزترین پلەی جەختكردن لە خۆ دەگرێ و دەكرێ ڕستەی ئـەرێیی بێت ، یان ڕستەی نـەرێ بێت. ((ئەگـەر (شـێوازی جـەختكردن) بریتـی بـێ لـە زاڵبـوونی واتـای جـەختكردن بەسەر تەواوی بیرۆكە لە رستەدا ، ئەوە قسەكەر بە هۆی سوێند خواردنەوە بە شێوەیەكی دابڕ( قطعي ) جەخت لە سەر بیرۆكەكە دەكات ، چونكە سوێند خـواردن بـە بـەهێزترین جـۆری جـەختكردن دەژمێـردرێ ، لـە ڕێگـای سـوێند خواردنـەوە قسـەكەر روو بـەرووی گوێگرێك دەبێتەوە كە لـە تونـدترین بـاری دان پیـا نـە ناندایـە.)) (د. شلێر ، ٢٠١٠ : ٢٩). هەروەها (( بە هۆیەوە قسـەكەر سـەرنجی گـوێگر بـۆ ئـەو بابەتـە گرنگـە ڕادەكێشـێ ، كـە دەویسترێ جەختی بخرێتە سەر؛ بۆیە سوێند خواردن دەكرێتە بەشێك لە ئاخاوتنەكە. )) (سناء حمید ، ٢٠٠٣ : ٣٩٤).

لە سوێند خواردندا لە گەڵ ئەوەشدا هەندێ بنـەما هـەن، كـە دەبـێ لـە دەربڕینـی سـوێند خواردندا لە بەر چاو بگیرێن كە بریتین لە :

((١- سوێند پێ خوارو

٢- ئامرازی سوێند خواردن

٣- سوێند بۆ خوراو)) (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٠٣: ٣٩٥)

هەروەها د. ساجیدە ڕەگەزێكی دیكەی بۆ زیاد دەكات ئەویش ((٤- بكەر، سوێند خۆر)) (د. ساجیدە ،٢٠١٣ / ب : ٥٢). ئەگەر سوێند خۆر بكرێتە مـەرجێكی سـوێند خـواردن ، كەواتـە دەبێ ڕەگەزی گوێگریشی بۆ زیاد بكرێ، هەتا هاوكێشەكە تەواو تر دەرچێت .

سوێند پێ خوراو : بە زۆری ناوی سـوێند پـێ خـوراو شـتێكی پـیرۆز و باڵایـە وەك : خـوای گـەورە) یـان شـتە پیرۆزەكـانی دیكـەی وەك پێغەمبـەر ، قورئـان ، یـان كەعبـە و خـوێنی شەهیدان و یان گۆڕی ... ، یان سەری ...، تاد دەبێت ، كە لە گەڵ ئامرازی سوێند خواردن گرێبەندێك دروست دەكەن ئامرازی سوێند پێ خوراو: ئەم ئامرازەش بە زۆری لە كرمانجی ناوەڕاستدا هەر (بە) یە ، كە دەكەوێتە پێش ناوی سوێند پێ خوراوەكە.

- سوێند بۆ خوراو: بابەتەکەیە کە سوێندی بۆ دەخورێت ، ئەویش خۆی لە ڕستەیەکی ئاساییدا دەبینێتەوە ، ئەگەر ئەم ڕستەی خوارەوە شیبکەینەوە بۆ ڕەگەزە بنچینەییەکانی خۆیان.

٥٨- أ- بە خوا خیانەتم لە نەتەوەکەم نەکردووە.

بە : ئامرازی سوێند خواردنە (ئامرازی پەیوەندی).

خوا: ناوی پیرۆزی باڵای سوێند پێ خوراوە.

بەخوا : ، سوێندەکەیە ، جەختەکەیە

ب- خیانەتم لە نەتەوەکەم نەکردووە . رستەی جەختکراوە

هەندێ جار سوێند پێ خوراوە عەربییەکە ، بەکار دەهێنرێت ، وەك : ((- وەڵاهی تەواومان کرد . )) (د. ساجیدە، ٢٠١٣ / ب : ٥٢).

ئەگەر سەرنج لەو ڕستانە بدەین کە سوێند خواردنیان لە خۆگرتووە ؛ ئەوا هەردوو ڕەگەزی بنەمای سوێند خواردن: ئامرازەکە و سوێند پێ خوراوەکە (گرێبەندەکە) دەکەونە دەرەوەی ڕستە سوێند بۆ خوراوەکە نموونە:

٥٩- <u>بە خوا</u> ، دارا نانی نەخواردووە ⟵ دارا نانی نەخواردووە.

٦٠- <u>بە قورئان</u> ، کاری ناڕەوام نەکردووە ⟵ کاری ناڕەوام نەکردووە.

٦١- بە گۆڕی شەهیدان ، خیانەت لەگەڵ و وڵاتەکەم ناکەم ⟵ خیانەت لە گەل و وڵاتەکەم ناکەم.

هەندێك جار سوێند خواردن بە نەرێ ، دەبێت و وەك کلکە وەڵامێکیش تەنها ئامرازی نەرێکردن و گرێبەندی سوێند خواردنەکە دەردەکەوێ و ڕستەکە کە سوێند بۆ خوراوەکەیە دەرناکەوێ وەك :

٦٢- لەم گەڕەکە پیاوێك ناوی پیرۆتە ، دەیناسی؟

٦٣- نەبەخوا .

٦٤- هەواڵی خۆشت بیستووە ؟

٦٥- ب – ناوەڵا ،

٦٦- یان ئەگەر لە پرسیار کردندا ، وەڵامدانەوە کلکە وەڵامێکی جەختی بێت و بە ئەرێ بێت و ڕستەکەش بەدوا دا بێت وەك:

٦٧- پ : تۆ کوڕی نەوزادی هاوسێمان نیت؟

٦٨- و: بەرێ وەڵڵا .. من کوڕی نەوزادم .

٦٩- ئەگەر لەم نموونەی سەرەوە ، وردبینەوە ، دەبینین ، لەوەڵامدا ، یەکەمجار کورتە وەڵامێکی / کلکە وەڵامێکی (بەرێ وەڵڵا )ی داوەتەوە ، کە جەختەکەیە ئنجا لە ڕستەی دووەمدا وەڵامەکەی درێژکردۆتەوە و زیاتر ڕوونی کردۆتەوە.

بێجگە لە سوێند خواردن لە زمانی کوردیدا ، جۆرە دەربڕینێکی دیکەی تایبەت و نزیکە لە سوێند دان بەڵام سوێند خواردن نییە ، ئەویش ئەوەیە ، کە کەسی دووەم بە هۆی ئەو دەربڕینە تایبەتیانە جەخت لە گوێگر دەکات ، کە وەڵامدانەوەی هەبێت بە گوێرەی ویستی قسەکەر، دەشکرێ بە جۆرێکی تایبەت لە ڕستەی داخوازی هەژمار بکرێت کە چەند نموونەیەکیان دەخەینە ڕوو:

٧٠- توخوا بە باوکم مەڵێ.

٧١- توو سەری باوکت وەرە.

٧٢- بۆ خاتری قورئان لێی خۆشبە.

٧٣- توو پێغەمبەر، بە گوێی بکە.

ئەگەر تەماشایەکی ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین و شیان بکەینەوە ، دەبینین ڕستەکان

هەڵکەوتەی ڕستەی سوێند خواردنیان هەیە بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازن ، لەگەڵ سوێند خواردن . ئەم ڕستانە جەختەکانیان (توخوا ، تووسەری، بۆ خاتری ، توو پێغەمبەر ، توو گۆڕی ، ... تاد)ن ڕستەکانیشیان ڕستەی ئاسایی داخوازین وەك:

٧٤- بە باوکم مەڵێ.

٧٥- وەرە.

٧٦- لێی خۆشبە.

٧٧- لەگەڵیان باشبە.

٧٨- بە گوێی بکە.

هەندێك جار، هەندێك ڕستەی ، وەك: سوێندت بۆ دەخۆم ، سوێند دەخوا ، قەسەمت ئەدەم لە ڕستەکانی وەك:

٧٩- سوێندت بۆ دەخۆم هەتا بمێنم

ئەو ڕازە لەکن کەس نەدرکێنم (د. ساجیدە ، ٢٠١٣/ ب: ٥٢) (هێمن، : ٨٨)

٨٠- دارا سوێند دەخوا ، کە وای نەکردووە.

٨١- من سوێندت ئەدەم بە عەشق وجوانی

به نەسیمەکـــــــەی بەری بەیانی    (بێکەس، ٢٠٠٨ : ١٧٠ ) .

ناچنە خانەی سوێند خواردن ،  تا پرۆســەی ســوێند خواردن بەڕێوە نەچێ لە لایەن قسە ــکەرەوە ، بە سوێند خواردن ، ئەژمار ناکرێ ،  بەڵام هێزیشیان تیا بەدی دەکرێ.

**٤ – ١٢ – جەختکردن بە هۆی دوعا :**

لە بەر ئەوەی ، قسەکەر دەسەڵاتی بەسەر بەرانبەرەکەی داناشکێ؛ بۆیـە لەوانەیـە بە دوعا لێکردن تۆڵەی خۆی بکاتەوە ، یان لە دوعاکردندا قسەکەر ، پایەی زۆر نزمە و لە بەرانبەر پەرستراوی خۆیدا ملکەچی دەنوێنێ ، بە هۆی ئەو ڕستانەی کە دەری دەبرێت ، دەگوترێت دوعا ، هەندێك جار دوعا بە پاڕانەوەش ناوی دەبرێت ، بە تایبـەتی ئەگـەر بـۆ خۆی بێت ، ((ئەم جۆرە ڕستەیە ،  یەکێکە لە باوترین شێوازەکانی داخوازی تێیدا قسەکەر ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی خۆی دەکاتە کەسی دووەم کە خوایـە ،  کارێکی بـۆ ئـەنجام بـدات ، یان ئەنجام نەدات ئەویش بە نـاو هێنـانی ، یـان بـە یـەکێك لـە سیفاتەکانی وەك (خوایـە، یاخوا، ئەی خوایە،رەبی ، ....) داوای لێ دەکات ، بەزۆری لە ناو ڕستەدا ئـەم وشـە و گرێیـە تایبەتیانە دەچنە سەرەتاوە)) (د. ساجیدە، ٢٠١٣ / ب: ٥١) واتـە لـە سـەرەتاوە لـە دەرەوەی ڕستە دەوەستن بە هەمان شێوەی وشـە و ئامرازەکـانی جـەختکردن ، دوعـاکردن دەکرێتـە دوو جۆر:

١- دوعا بۆ کردن : دوعای خێر (د. نەسرین، ١٩٩٨: ٢٢١)

ئەمیش دەبێتە دوو جۆر:

ا- دوعا بۆ خۆکردن: ئەمەیان خۆی لە یـەکتا پەرسـتی و پاڕانـەوە لـە خوایـە و داواکردنـی لێخوشبوون وچاك بوونەوە لە نەخۆشی و دەرچوون (رزگار بوون) لە کێشە و دابین کـردن و بە دەست هێنانی خۆشی و ئاسوودەیی و بەدەست هێنانی رۆزیدا خۆی دەبینێتەوە.

ب- دوعا بۆ کردن : بـۆ کەسـی دووەم و سـێیەم دەشـێ بکرێ ، ئـەویش لـە ئـەنجامی چاکە کردنێکی کەسی دووەم ، یان سێیەم لەگەڵ کەسی یەکەم دا دێتە ئاراوە.

٨١- خوالێت رازی بێت.

٨٢- خواسەلامەتت کات.

٨٣- ڕەبی خوا لە گوناحی خۆش بێ.

٢- دوعا لێکردن: نەرێنی، لایەنی خراپە و شەڕ: (د. نەسرین، ١٩٩٩: ٢٢٢).

ئەم جۆرە دوعاکردنە ، دەشێ بۆ کەسی دووەم و سێیەمی تاك و کۆ بکرێت.

٨٤- یاخوا رووی رەش بێت.

٨٥- یاخوا بە مرازی خۆی نەگات .

هەندێ جاریش لەم جۆرە ڕستەیەدا دەتوانرێت ئەم وشە و گرێیانەش نەوترێن هەر واتای دوعاکردن ببەخشن ، بە تایبەتی ئەو ڕستانەی کە ڕۆژانە زۆر بەکاردێن و بەسەر زارەوەن. )) (د. ساجیدە ، ٢٠١٣ / أ : ٧٢) ، واتە : دەکرێ ، لە هەندێ باردا سوێند پێ خوراو دەرنەکەوێ . بۆ هەردوو جۆری ئەرێنی و نەرێنی دەشێت بە کار بهێنرێت ، وەك ئەم نموونانە:

٨٦- ((- بە ساقەت بم.

٨٧- جەرگت نەسووتێ .))( سەرچاوەی پێشوو : ٧٢)

٨٨- ((- کارت راست بێت.

٨٩- کفتە کاری سەر جێگە نەبیت. )) (د. نەسرین ، ١٩٩٨: ٢٢٢) .

٩٠- ڕاست نەبێتەوە.

ڕستەکان خۆیان لە بنچینەدا بەم شێوەن :

٩١- دەك / یاخوا بە ساقەت بم .

٩٢- دەك جەرگت نەسووتێ .

٩٣- دەك / یاخوا کارت ڕاست بێت .

٩٤- دەك کفتە کاری سەر جێگە نەبیت .

لە زمانی کوردیدا ئامرازی (دەك ) ، (هەی ) ( ئەی ) ئامرازن، کە بۆ دوعاکردن بە کاردێن، ئنجا دوعا بۆ کردن بێت ، یان دوعا لێکردن بێت ، نموونە بۆ ئەرێنی:

٩٥- دەك تۆ نەکەی خوا بتداتێ

٩٦- ئەی خوا بتبوورێت.

٩٧- هەی خێری لێ ببینێ .

نموونه بۆ نەرێنی:

٩٨- دەك گەورەی گڵی بێ.

٩٩- ئەی[1] نەگاتە سبەینێ.

١٠٠- هەی دوژمنانی کورد دوایان ببڕێتەوە.

### ٤—١٣— جەختکردن بە هۆی ژمارەوە :

ئەوەی لەم جۆرە جەختکردنە دەبینرێ ، ئەوەیە ، کە ڕستەکانی دواتر دەبنە جەخت بۆ ڕستەکەی پێش خۆیان . بە شێوەیەکی دیکە ، پێشخستنی ئەنجامەکە و ئنجا هێنانەوەی هاوکێشەکە و ژمارەکان وەك پاسادانی گوتەکە دەهێنرێتەوە و دەبێتە ڕەگەزی جەختکردنەکە. بۆ نموونە لەم ڕستەی خوارەوەدا ، کە دەڵێ : (هەر دوو نەوع پازدە بەرخن. ) . ئەوە ڕستەیەکی راگەیاندنی ئاساییە .بەلأم ، جەختەکە : (حەوتی سپی و هەشتی ڕەشن )ە هەروەها ئەنجامی کۆکردنەوەی هەردوو ژمارەکە ،دەکاتە پازدە و دەبێتە پشت ڕاست کردنەوەو چڕکردنەوەی واتای یەکەم ڕستە ، کە هاتووە ،(پازدە بەرخن ) .

١٠١- هەر دوو نەوع پازدە بەرخن

حەوتی سپی و هەشتی ڕەشن .

١٠٢- ئێستا سێ سێوان بەردەدەمەوە .

ئەوە سێوێ

ئەوە دوو سێو

ئەوە سێ سێو .

### ٤-١٤— جەختکردن بە هۆی داهێنانەوە :

ئەم جۆرە جەختکردنەش ، بەرچاو دەکەوێ ، بەلأم نە سنوور ، نە دەستوورێکی دیاری کراوی هەیە . لەم جۆرە دا گوێگر هەست بە دەربڕینێکی زۆر بەهێز و جەختکراو دەکات ،

[1] {ئەی} لە م نامەدا سێ ئەرکی بینیوە ،چ وەك هاودەنگ و چ وەك فرە واتا ،کە ئەمانەن :

١- وەك ئامرازی بانگ کردن

٢- وەك ئامرازی دووعاکردن

٣- وەك هاودەنگ لە گەڵ ، گۆڕاوی ( ئەدی ) بۆ ئەی .

هەروەك مەحوی بە شێوەیەکی تایبەتی ئەم جۆرە جەختکردنەی بەکار هێناوە ، وەك لەم دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێ :

١٠٣- لە عاریف عامییەك پرسی هەواڵی مەسلەخ و قەســـــــــــاب

بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمە و نائـــیب (دیوانی مەحوی ، ١٣٨٣: ٨٦ )

جەختەکە ، (بەئەنگوشتی شهادەی) یە .
جەختکراوەکە: (مەحکەمە و نائیب ) ە .

## ٤-١٥- جەختکردن بە هۆی هێزەوە (stress) :

ئـەو ڕسـتانەی ، کـە جـەختکردنیان بـە هـۆی ئـامراز و وشـەیە ، یـان ئـەو ڕسـتانەی بـەهۆی پاتکردنـەوە ، یـان واتاییـە ، ئـەوا لـە دەربڕینـدا هێـز لـە سـەر کەرەسـتەکانی جـەختکردن دادەنـرێن و دەبێتـە بەشـێك لـە دەربڕینـی ڕسـتە ، بـەڵام ئێمـە لێـرەدا ، مەبەستمان ئەوەیە ، کە هیچ کامێك لەو ڕەگەزانەی جەختکردنی لە گەڵدا نەبێ .
زۆر جـار جـەختکردن ، بـە هـۆی هێـزی دەربڕینـەوە دروسـت دەکرێـت . بـەبێ هـیچ پاتکردنەوەیەك ، یان بە بێ بەکار هێنانی وشە و ئامرازی جەختکردن، یان هـەر هۆیـەکی دیکە . ئەمەش لە گوتندا خۆی دەبینێتەوە و بەرجەستە دەبێت . لە گوتندا هێز دەخرێتە سـەر ، ئـەو وشـەیە ، کـە قسـەکەر مەبەسـتێتی جـەختی بکاتـە سـەر و مـەرجیش نییـە بیهێنێتە سەرەتای گوتن و لە بەرایێ دەریببڕێ ؛ بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە ، کە هێـز بخاتـە سـەر وشـە ویسـتراوەکە و لـە ڕێگەیـەوە گـوێگر دەزانـێ ، جەختەکـە هێزەکەیـە و جەختکراوەکەش ئەو وشەیە ، کە هێزەکەی لە سەر بـەکار هـاتووە . ((بـە مەبەسـت هێـز دەخرێتـە سـەر یـەکێ لـە وشـەکان بـۆ جـەختکردن وەیـا بـۆ ئـەوەی ببێتـە سـەر بـاس )). (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٣: ٧٦ ) . هێز بـەم شـێوە پێناسـە کـراوە : (( هێـز زیـادە وزەیەکی دەنگییە لە پڕ لە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشـە سـەر هەڵدەدا .)) (وریـا عومـەر ئەمین ، ٢٠٠٤ : ٢٨٤ ) . ئـەم پێناسـە ، وا دەردەخـا کـە هێـز لـە سـەر بەشـێکی وشـەدا سـەر هەڵدەدا و بە دیار دەکەوێ ، بەڵام لەم پێناسەی خوارەوەدا ڕووبەری هێز فـراوانتر دەبـێ و فرێزیش دەگرێتـەوە ، کـە دەڵـێ : (( هێـز ، stress : زیـادە وزەیەکـە بـە بڕگەیـەك یـان وشەیەك یان گرێیەك دەدرێت لە کاتی گوتنیدا . )) ( A S Hornby , ? ,8th, 1530 ) . بەپێی ئەم پێناسە ئینگلیزییە ، دەشێ هێز بڕگەیـەك بگرێتـەوە ، یـان وشـەیەك ، یـان گرێیەك بگرێتەوە . بابزانین پێناسەیەکی دیکە وەربگرین ، بزانین چۆن پێناسەی کردووە : (( کاتێ مـرۆڤ بـە زمـانی خـۆی دەدوێ ، حـەز دەکـات پاڵەپەسـتۆ بخاتـە سـەر دەربڕینـی

برگەیەکی تایبەت لە برگەکانی وشە ، تا بەرزی بکاتەوە و دەری بخات و بە ڕوونی و چاکتر لە برگەکانی دیکە بگاتە گوێگر ، ئەمەش پێی دەگوترێت هێز . )) (نورالهدی لوشن ، ٢٠٠٦: ٧٤ ) . لە م پێناسەی سەرەوە هێز وەك دیاردەیەك ، لە سەر برگەیەك لە برگەکانی وشە دیاری دەکات .

ئەوەی لەم پێناسانە بەر چاو دەکەوێ ، لە باری ئاسایی گوتندان ، بەلاّم ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ؛ بەکار هێنانی هێز بە مەبەستی جەختکردنە ، نەك ئاخاوتنی ئاسایی .

١٠٤- أ- بۆتان بەشێکی نۆڤلێتەکەی خوێندەوە . ( لە باری ئاسایی ڕاگەیاندن )

ب- بۆتان بەشێکی نۆڤلێتەکەی خوێندەوە . ( ڕستەی جەختاوی ، کە جەختەکە لە سەر وشەی –بۆتان- ە . ) .

پ- بۆتان بەشێکی نۆڤلێتەکەی خوێندەوە . ( ڕستەی جەختاوی ، کە جەختەکە لە سەر، - بەشێکی نۆڤلێتەکەی – یە ) .

ت- بۆتان بەشێکی نۆڤلێتەکەی خوێندەوە . ( ڕستەی جەختاوی ، کە جەختەکە لە سەر، کارەکەیە . ) .

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ڕستەی جەختکراو بە وشە و ئامراز ، یان پاتکردنەوە ، لە گەلّ جەختکردن بە هۆی هێزەوە بکەین ؛ ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، کە هێز دوو ئەرك دەبینێ :

١- ئەرکی کەرەستەکانی جەختکردن دەبینێ .

٢- ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەبینێ واتە : ( بە هۆی گۆڕینی جێی هێز لە وشەدا واتای وشەکە دەگۆڕێت . وەك :

١٠٥- ((نووستـ'ـن خۆشە . نووستن : واتای ناوی – چاوگی ، دەگەیەنێ

١٠٦- ئەوان نوو'ستن . )) . نووستن : واتای کاری ، دەگەیەنێ ( وریا عومەر ئەمین، ٢٠١١:١٤٦) . هەروەها دەکرێ ئەو جەختەی ، کە بەکاردەهێنرێ ، مەبەستی دیکەشی لە پشتەوە بێت . بۆ نموونە تالّب حوسێن عەلی دەلّێت : ئەگەر لە ڕستەی :

١٠٧- (( پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد .

ئەگەر قسەکەر هێزی سەرەکی بخاتە سەر وشەی ( پشیلەکە )؛ ئەوا مەبەستی ئەوەیە ،کە تەنیا ( پشیلەکە )- نەك کەسێکی تر – کارەکەی ئەنجام داوە . (تالیب حوسێن عەلی ، ٢٠١٤: ٥٨).

هەروەها دەکرێ لە ڕستەیەکدا ، هێز لە سەر دوو وشە لە شوێنی جیای ناو گوتندا بە کار بهێنرێ . (Geoffrey Leech and Jan Svartvik, 1994: 200 ) . ئێمەش بۆچوونمان لە گەڵ ئەو بیرۆکەی دوو هێز و بگرە زیاتریشە لە ڕستەدا بۆ نموونە کاتێ یەکێ وتار دەدا ، ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت . ئەمەش لە ژێر ناوی( هێزی بەرانبەری ڕستە) دا دووپاتی ئەم بۆچوونە کراوە ، (( هێزی بەرامبەری ڕستە ( جیاوازی کەرەوە ) یە لێرەدا ، دەتوانرێ هەر وشەیەك هێزێکی دووپاتی بخرێتە سەر ، ئەوە بەکار دێت بۆ بەرانبەریی مانایەك لە ناو ڕستەیەك دا لە گەڵ مانایەکی تری بەراوردکراو کە دەربڕاوە یان بە شاراوەیی گوتراوە . لەو دۆخەدا هێز لە گەڵ ڕەوتی بەرز یەکانگیرە - کارلێك دەکات - )) ( ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن ، ١٩٩٨ : ٣٣ ) . :

١٠٨- مـ'ن کتێبەکــە'م لە ســە'ر مێزەکـ'ە دا'نــا .
١ ٢ ٣ ٤ ٥

**٤-١٦- شرۆڤەی هەندێك لە کەرەسەکانی جەختکردن لەناو ڕستەدا لە ڕووی واتاوە :**

لێرەدا هەوڵ دەدەین ، بە گوێرەی توانا هەندێ لەو کەرەستە جەختاویانە، کە لە بەشی یەکەم بەرچاو خراون لە ڕووی واتاوە لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکەین :

- { هەم ... هەم}: ل: ٢٨

١٠٩أ- ئاریان هەم نانی خوارد بوو هەم چای کردبوو.

- ئەگەر لە ڕستەی سەرەوە { هەم ... هەم}ی لێ دابماڵین بزانین چۆن دەردەکەوێت:

ب - ئاریان... نانی خوارد بوو... چای کردبوو.

دەردەکەوێ کە ئەم ڕستەی سەرەوە ڕستەیەکی لێکدراوە ئەم {هەم}ی دووەم ئەرکی لێکدانەکەی کەوتۆتە ئەستۆ ، بەڵام یەکەم{هەم} ئەرکی جەختکردنەکەی دەکەوێتە سەر و ئەگەر جەختەکە لەسەر ئەم دوو ڕستە لێکدراوە، لابدەین ڕستەکە بەم شێوەی لێدێ:

پ- ئاریان... نانی خوارد بوو هەم چای کرد بوو.

- **تەنها / تەنیا :ل : ٣٢**

**ئەگەرچی لە ڕستەکانی پێشووی ئاماژە بۆ کراو ، ئەرکی جەختکردنی دەبینی ، بەڵام لەم ڕستانەی خوارەوە ئەرکی جەختکردن نابینن ، وەك:**

**١١٠أ - من تەنهام .**

**-ب- من تەنیا بووم .**

**پ- ئەو حەزی لە تەنهاییە .**

**ناتوانرێ {تەنها}ی لێ جیا بکرێتەوە و واتای ڕستەکەش تێك نەچێ چونکە وشەکە لەم ڕستانەی سەرەوە ئەرکی ئاوەڵناویان بینیوە و تەواوکردنی گوزارەی پێ سپێردراوە.کەواتە ، لەم ڕستەدا (تەنهام ). د محەمەدی مەحوی لەم بارەوە ، دەڵێ: (( واژەگۆکەری باسمەندکار تا رادەیەکی زۆر ئازادن لە رستەدا و دەتوانرێن جێگۆرکێیان پێ بکرێت و لە تەك هەرجێگۆرکێ پێ کردنێکدا پەیوەستبوونێکی سێمانتیکیی تر وەردەگرێت، کە لێکۆڵەر بە >> رکێفی سیمانتیکی << semantic domains واژەگۆکەری دادەنێت .))**

**(محەمەدی مەحوی ، ٢٠١١: ٢٤٦ ) . نموونەشی بۆ هێناوەتەوە ، وەك :**

**١١١- أ- تەنها ئارام دوێنێ چوو بۆ شانۆگەرییەکە . ( کەسی تر نەچووە، جگە لە ئارام )**

**ب- ئارام تەنها دوێنێ چوو بۆ شانۆگەرییەکە. ( هەر دوێنێ چووە ، رۆژێکی تر نەچووە ) پ- ئارام دوێنێ تەنها چوو بۆ شانۆگەرییەکە .( بەچوونەکە بۆ شانۆگەرییەکە ، نەك چوون بۆ شوێنێکی تر )**

**ت-ئارام دوێنێ چوو تەنها بۆ شانۆگەرییەکە . ( هەر خۆی بەتەنها چوو، کەسی لە گەڵدا نەبووە ).**

- **دەبێ : ل : ٣٤ : لە ڕستەی :**

**١١٢- دەبێ تۆ بێی بۆ ئاهەنگەکە.**

**هیچ پاساو و بەهانەیەك لە گوێگر وەرناگیرێ و هەر بار و دۆخێکی هەبێ دەبێ فەرمانی قسەکەر جێبەجێ بکات ، ئینجا کاتەکەی ، هەر کاتێك بێت و قسەکە ر و**

گوێگر دەیزانن.واتە هیچ ئەلتەرناتیڤێك نە بۆکەسەکە و نەبۆ کاتەکە و نەبۆ شوێنەکە قبووڵناکرێ. جەختەکەش ، هەموو کەرەستەکانی ناو ڕستەکە، دەگرێتەوە ،

دەبێ: جەختەکەیە.

جەختاوەکەش: لەم ڕستەدا سێ شت دەگرێتەوە :

١- مەبەست (تۆ)یە .

٢- مەبەست (هاتن) ە .

٣- مەبەست ئاهەنگەکە لە کاتی دیاریکراوە .

جێناوی نیشانەی ئەمەیە: ل: ٣٤

١١٣- ئەمەیە مێوژ ، مێوژی نایاب. (ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ٢٠١١: ٢٢)

١١٤- ئەمەیە کوڕ ، کوڕی تەنگانە.

(١٠٠)-((ئەمەیە ئەو نهێنییە پڕ لە جادووەی کە شیعر شیرین و بەتام و دڵگیر دەکات))

(جەمال حبیب الله ، بێدار، ٢٠١٣: ٣١٠).

لە نموونەکانی (١١٣، ١١٤، ١١٥) مەبەست لێیان واتای سیمانتیکی ڕستەکانە ، چونکە ئەم جۆرە ڕستانە بۆ تەوس و پلاریش دەکرێ بەکار بهێنرێن و ئەویش دەکەوێتە سنووری پراگماتیك و ئێمەش لێرەدا ، تەنها لایەنی واتای ڕاستەوخۆی ڕستەکانمان مەبەستە و ناچینە ناو سنووری پراگماتیکەوە .

هەروەها لە باری ئاساییدا ڕەنگە کەسێك بپرسێ و وەڵامەکەشی بەم شێوەیە بێت :

(١١٦)- ئەو میوە چی یە؟

(١١٧)- ئەو میوە ئەنەناسە .

وەڵامی (١١٧) بۆ (١١٦) هیچ جەختکردنێکی پێوە دیار نییە و ڕستەی ئاسایی هەواڵگەیاندنە . کەواتە تەنها فۆرمی {ئەمەیە }کە جەختکردنەکە دروست دەکات .

- -تکایە : ل: ٣٥

١١٨– تکایە جگەرەکێشان قەدەغەیە.

١١٩– سوپاس بۆ جگەرە نەکێشانت.

زمانی توندی ئەم ڕستەی (١١٨) ، جەخت لەوە دەکات کە جگەرە کێشان بە هیچ شێوەیەك نابێ بکێشرێت چونکە لەوانەیە : بەنزین خانە بێت یان شوێنێك لەوانەیە

سووتەمەنی یان تەقەمەنی، ...تاد، لێبێت ، بۆیە وشەی جەختی تکایە لە پێش ڕستەکە دەنووسرێ / دەردەبڕدرێ جەختاوەکە هەموو کەرەستەکانی ڕستە دەگرێتەوە ، ئەوەی لە دوایەوە دێت دەکەوێتە بەر جەختی ، تکایە.

خۆ ئەگەر تەماشای زمانی دەربڕینی ڕستەی ژمارە (١١٩)، بکەین ، ئەوا جەختکردنی پێوە دیار نییە ، تەنها ئەوەندە هەیە ئەگەر جگەرە نەکێشێت (کەسەکە) سوپاس دەکرێت ، خۆ ئەگەر کەسەکە سوپاسی نەوێت ، ئەوا ئاساییە ، دەتوانێ جگەرە بکێشێت بەڵام لە ڕستەی (١١٨) سوپاسیش ناکرێ و ناشبێت جگەرە بکێشێت . ئەمە ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە ، کە دەبێ ئاگاداری زمانی ڕاگەیاندن بین گرنگی و وردەکاری پێوە دیاربێت لە کاتی بە کار هێناندا .

- جێناوی خۆیی : ل: ٣٢

- لە بارەی جێناوی خۆییەوە ، ئەم تێبینیانە دەخەینە ڕوو :

١- ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕ بێ ، ئەوا هاتنی یەك جار لە ڕستەدا لەگەڵ کاردا ، دەبێتە هۆی دروست کردنی ڕەگەزی جەختکردن ، وەك لەم نموونانەدا دەیانخەینەڕوو:

| ڕستەی ناجەختاوی( ئاسایی) | ڕستەی جەختاوی |
|---|---|
| ١٢٠أ- دارا هات | ب- دارا خۆی هات |
| ١٢١أ- منداڵەکە نووست. | ب- منداڵەکە خۆی نووست. |

٢- بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ بێ ، ئەوا بەچەند شێوەیەك و چەند مەرجێکی دەبێ لەگەڵ دابێ ، لەدروست کردنی ، ڕەگەزی جەختکردندا.

ئـ - ئەگەر جێناوەکە لە جێی بەرکار بێت ، واتە ئەگەر هەر دوو ڕەگەزی خۆبە خۆیی و جەختکردنی تێدا بێت ، ئەوا دەبێ دوو جار بەکاربێت وەك نموونەی( ١٢٢):

١٢٢- دارا خۆی(١) خۆی(٢) شووشت.

ڕستەیەکی جەختاوە ، چونکە دوو جار جێناوی خۆیی تێدا بەکار هاتووە ، خۆی(١)، ئەرکی جەختکردنەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و خۆی(٢) ، ئەرکی بەرکارەکە دەبینێ، ((ئەگەر لە باری جەختکردندا جێناوی خۆییمان لابرد، ئەوا دەبێ ڕستەکە مانای تێك نەچێ و تەنیا باری جەختکردنەکەی لەسەر لابچێ )) (بەدرخان سلێمان عەلی ، ٢٠٠٦: ٥). یان بەشێوەیەکی دیکە واتە جارێکی زیادەی بەدەر لە ئەرکەکانی تێدا بێ ، ئەوا زیادەکە

دەبێتە جەختەکە ، بەڵام ڕستەی (١٢٣) ئاساییە و هیچ جەختی تێدانییە و لە (کارا و بەرکار و کار) پێکهاتووە

١٢٣- دارا خۆی شووشت ،

، هەروەها ((جێناوی خۆ ، جێناوێکی هاوبەشە لە نێوان هەر سێ کەسی تاك وکۆدا کە واتای خۆیەتی خاوەنییەتی دەگەیەنێ . )) (زمان وئەدەبی کوردی پ: ١١، ئامادەیی چ ٤، ٢٠١٠: ٢٩).

ئەگەر لە ڕۆنانی سەرەوە، کارا وەك ناوێك یان جێناوێك دەریش نەکەوێت و جێناوی(خۆیی) لەسەرەتای ڕستە ، یان لەشوێنی کارادا بەکار هاتبێیت ؛ئەوا بەهۆی یاساکانی گواستنەوە دەردەکەوێت ، ئەگەرچی بکەر وەك ناوێك یان جێناوێك دەرنەکەتووە، بەڵام بوونی لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا هەستی پێدەکرێ ، کەواتە ئەگەر لە ڕۆنانی سەرەوە کارا ، دەریش نەکەوێ}خۆ{ هەر ئەرکی جەختکردن دەبینێ وەك:

١٢٤- خۆی بەمنی وت.

١٢٥- خۆی خۆی دەربازکرد.

یەکەم (خۆ) لە هەردوو رستەی (١٢٤ ، ١٢٥) ئەرکی جەختکردن دەبینن.

خۆ: دەتوانێ لەگەڵ(خود)یش ، ڕەگەزی جەختکردن دروست بکات ، کە واتای نزیك لە واتای ( خۆ) دەگەیەنێ ، بەڵام ( بەبەناوکردنی پێوەدیارە) . هەر ئەمەشە کەناهێڵێ سەداسەد لە شوێنی یەکدی بەکار بهێنرێن ، بۆ نموونە لە ڕستەی :

١٢٦- أ- لە خودی ئەودا ئەم سیفەتەم دیت.

ناتوانین، بڵێین:

ب- لە خۆی ئەودا ئەم سیفەتەم دیت.*

١٢٧- لە خودی خۆیدا ئەمەم چاوپێکەوت.

١٢٨- ئەو ، بەخودی خۆی، هاتە ئێرە.

١٢٩- ئەمە خۆی لە خۆیدا ، بەڵگەیەکی ڕوونە.

هەروەها( خود) دەتوانێ بەتەنێ لە ڕستەدا بێت وەك:

١٣٠- خودی ئەم شیکردنەوە ، لەلایەن ئەوەوە ئەنجام دراوە.

١٣١- ئەم شیکردنەوە، لەلایەن ئەوەوە ئەنجام دراوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەجێناوی خۆیی ئەرکی جەختکردنی بەرکار نابینێ تەنها بە شێوەیەکی زۆر تایبەتە ، بەڵام لەزماندا بەرچاویش دەکەوێ ، وەك:

(١٣٢)- من تۆ خۆتم دیت).

١٣٣- من بە تۆ خۆتم ، گوت.)) (بەدرخان ، ٢٠٠٦: ١٠٦).

بەڵام لە زمانێکی وەك ئینگلیزیدا ئاساییە .

١٣٤- بەشەکە خۆی دەخوێنمەوە. ( د مسعود انصاری، ١٣٤٥: ٦٢ ) .

ئەم دوو ڕستەی (١٣٢ ، ١٣٣) زیاتر بەشێوەی پاتکردنەوە چارەسەری دەکرێت نەك ئەم شێوازەی سەرەوە، وەك:

١٣٥- من تۆم دیت، تۆ.

١٣٦- من بە تۆم گوت، بە تۆ.

١٣٧- پاشا پاشا(م) دیت/ هات/ دێت.

لە تەواوکەری بەیاریدەش (خۆ، خود) دەتوانێ ئەرکی جەختکردن ببینێ وەك:

١٣٨- ئەگەر بڵێم ئەو مەلایە ئاساری سەعدی لە خودی سەعدی باشتر دەزانی پێم وایە موبالەغەم نەکردووە. (هێمن ، ٢٠٠٣: ٢٦).

- لە بابەتی پاتکردنەوە :
- نایەم ... نایەم : ل: ٤٥:

(( قسەکەر زۆر جار بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لە سەر قسەو مەرجی خۆی بکات ، یان گوێگر ئاگادار بکاتەوە کە قسەو مەرجی خۆی دەباتە سەر و بەجێی دەهێنێ ، یان بەمەبەستی زیاتر روونکردنەوەی مەرجەکەی بۆ گوێگر، چەند ڕستەیەکی وەڵامی مەرج دەردەبڕێت کە هەموویان دەبنە وەڵام بۆ ڕستەی کاری مەرجەکە ، بۆ نموونە ، لەم دێڕە شیعرەی خوارەوە قسەکەر جەخت لە سەر مەرجەکەی خۆی دەکات و گوێگر ئاگادار دەکاتەوە ، کە قسەو مەرجی خۆی دەباتە سەر. ))(ئازاد رەمەزان عەلی ، ١٩٩٩: ٦٩)

١٣٩- گوڵ نەبێ بۆ سەرم: ئاڵ چەپکێ ، زەرد چەپکێ

نایەم بۆ زەماوەند نایەم بۆ هەڵپەرکێ )) (دیوانی گۆران، ١٩٨٠ : ١٦).

لەم دێڕە هۆنراوەی گۆران ، کچ دوو ڕستەی دەربڕیوە ، کە هەردووکیان بە (نایەم) دەستی پێ کردووە ئەگەر چی هەردووکیان تا ڕادەیەك هاوواتان ، بەڵام لە واتای تایبەتیاندا جیان واتای یەکەم نەهاتنە بۆ حەفلەکە و ئەگەر بەشداری حەفلەکەش بکات؛ ئەوا بەشداری هەڵپەڕکێ ناکات کەواتە جەختەکە لێرەدا: (نایەم)ە جەختکراوەکەش بە پلە یەك هەڵپەڕکێیە چونکە کوڕ دەیەوێ کچە بێت و بەشداری زەماوەندی لەگەڵ بکات بە مەبەستی هەڵپەڕکێ واتە هەڵپەڕکێکە بە پلە یەك ئامانجە ئنجا بە پلە دوو زەماوەندەکە . خۆ گەر زەماوەندەکە هەڵپەرکێی لەگەڵ نەبایە ڕەنگە داوای بەشداری کردن لە کچە نەکرابا چونکە لە یەکەم کۆپلەشدا ئەمە دەربڕدراوە .

٣-٣- جەختکردن بە هۆی گۆڕینی جێناوی لکاو بۆ جێناوی سەربەخۆ: ل: ٤٦

١- پیاوتان لەگەڵ ئەنێرم.

٢- من پیاو لەگەڵ ئێوە ئەنێرم (تەوفیق وەهبی ، ١٩٢٩ : ٩٥)

- ئەگەر تەماشای ڕستەی یەکەم بکەین ، دەبینین تەواوکەری بەیاریدە جێناوی لکاوی(تان)ە ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەو جێناوی لکاوی (تان)ە ، بە جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەیەکی دیکەدا جێگیر بکەین ، ئەوا دەبێ ڕستەی ژمارە (٢) دەربڕین ، بە بیرو بۆچونی (تەوفیق وەهبی) ئەم جۆرە دەربڕینە بۆجەختکردنە ئەگینا هەر ڕستەی ژمارە (١) بەسە بۆ واتا بەخشین و تێگەیاندنی بەرامبەرئێمەش هاوڕاین لە گەڵ ئەم بۆچوونە.

- **جەختکردن بە پاتکردنەوەی گرێ و ڕستە: ل : ٤٨**

١٤٠- چراغ جە خاودا ، چراغ جە خاودا

نیمە شەو ئامای جە وەختی خاودا ( بێسارانی ، ١٣٧٥ : ١١٥)

ئەگەر چاوێك بە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی گۆران بخشێنین دەبینین سەرەتای زۆربەی هۆنراوەکانیان بەم شێوەی سەرەوە دەست پێ دەکەن جا ئەمە هەر هۆیەکی لە پشتەوە بێ عەزیز گەردی دەڵێ: (( هۆنەر یا نووسەر کە وشەیەك یا چەند وشەیەك دووپات یا سێ پات دەکاتەوە ، دەبێ مەبەستێکی لەم پاتکردنەوەدا هەبێ... ئەوەش هەندێ لەو مەبەستانەیە:-

١-	بۆ چەسپاندنی واتاکە لە مێشکی گوێگر و بردنە دڵیەوە.

٢-	بۆ پیشاندانی داخ و خەفەت و پەرۆشی.

٣-	بۆ دامەزراندنی کێشی هۆنراوە.

٤-	بۆ بڕینەوەی هۆنراوە و بەجێ هێشتنی کاریگەریەکی بەهێز.

٥ بۆ داگرتنی هەموو لایەنێکی شتە باس کراوەکە.))(عەزیز گەردی،رەوانبێژی، ١٩٧٦ : ٤٧ – ٥٠) . کاتێ هۆنەر یا نووسەر ، بە مەبەستی هەر یەکێك لەو خاڵە دیاریکراوانەی سەرەوە ، دەقەکەی دابڕێژێ ، بە ئاگا یان بێ ئاگا بێت ؛ ئەوا جەختکردن دەگەیەنێت .

# ئەنجامەکان

لەم لێکۆڵینەوەیە ، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١- جەختکردن شێوازێکی زمانییە ، لە هەموو زمانێك ، بوونی هەیە و قسەپێکەری زمان وەك شێوازێکی دەربڕینی تایبەت ، بەکاری دێنێ، بۆ ئەوەی هیچ گومانێك لە بۆچوون و وتەکانیدا بەرانبەر بە ( گوێگر ) بەجێنەهێڵێ . واتە ، کە قسەکەر، لە سۆنگەی باوەڕ بەخۆ بوونەوە ، ئاخاوتنە جەختکراوەکان، دەردەبڕێت ؛ ئەوا باشتر و زووتر قەناعەت ، بە گوێگر دەکات و گوێگر کەمتر پرسیاری لا دروست دەبێت ، یان کەلێن لە تێگەیشتنەکەی دروست نابێت . ئەمەش گرنگی بەکارهێنانی ڕستە و ئاخاوتنی جەختاوی بە دیاردەخات . هەر ئەمەشە ، کە وای لە شاعیران کردووە ، ڕەگەزەکانی جەختکردن ، لە شیعرەکانیاندا زۆر بەکار بهێنن .

٢- بەپێی ئەو دابەشکردنەی،کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەنجامدراوە، شێوازی جەختکردن لە زمانی کوردیدا لە چەندین کەرەستە و پۆلی ئاخاوتنی جیا جیا بەرجەستە دەکرێن ، وەکو ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ، جێناو ، ڕستە و لاڕستە

٣- وشەکانی جەختکردن بە پێی دەرکەوتنیان لە سنووری ڕستەدا ، بە گشتی ئەرکی دیارخەر، سەربار ، دەبینن. لە گەڵ ئەوەشدا دەچنە سەر ئەو کەرەستانەی ، کە ئەرکی سینتاکسی سەرەکی دەبینن، لە سنووری ڕستەدا . سەرباری ئەوەی ،کە ئەرکی جەختکردن لە خودی ڕستەکەدا بەرجەستە دەکەن .

٤- ڕەگەزی جەختکردن ، لە گەڵ هەموو جۆرەکانی ڕستە — لە ڕووی ناوەڕۆکەوە — بەکاردەهێنرێت ، ئەمەش وا دەکات ، کە نەکرێت جۆرێکی تایبەتی ڕستەی جەختکردن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیا بکرێتەوە وەکو ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و ...تاد .

٥- ئاوەڵکاری تەرتیبی و جووشە و ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بە پاتبوونەوەی کەرتی یەکەم دروست دەبن ، نموونەی وەك : نازناز ، لاولاو،...تاد . بە جەختکردن ئەژمار ناکرێت ، چونکە بە مەبەستی جەختکردن دروست نەکراون ؛ بەڵکو بە مەبەستی وشەی لێکدراو دروست کراون .

٦- جەختکردن بە پاتکردنەوە ، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، کە لە گوتندا ، کەرەستەیەك پاتبکرێتەوە ، ئەگینا ڕستەیەکی وەکو : ( فڕۆکەکە بە ئاسمانی شارەکەدا

دەسوورڕێتەوە .)یان .( دارا چێشت دەخوات . )هەر یەك لەم دوو ڕستەیە،  بۆ چەندین جار پاتکردنەوەی کارەکەی تێدایە ، بەلاّم بە جەختکردن داناندرێ تا کەرەستەیەك لە گوتنەکە یان ڕستەکە دووبارە نەکرێتەوە .

**پێشنیار :**

١ - گرنگی بوونی بابەتی جەختکردن لە پرۆگرامی خوێندن ، بە تایبەتی لە قۆناغی ئامادەیی ، بە پێویست دەزانین ، چونکە ئەم شێوازە دەربڕینانە ڕۆژانە پانتاییەکی فراوان لە ئاخاوتنەکانمان داگیر دەکەن.

٢-گرنگی دان بە لایەنی ڕەوانبێژی لە ڕووی زمانەوانییەوە ، چونکە درێژبڕی لە واتاناسی و پاتکردنەوە و ڕەگەزدۆزی لە جوانکاریی ڕەوانبێژی ، دەکەونە خانەی ئەم تۆێژینەوە .

# سەرچاوەکان

## أ- به زمانی کوردی

### ١- نامه و پەرتووکەکان :


١- ئازاد ڕەمەزان عەلی ( ١٩٩٩ ) له یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی له زمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، زانکۆی بەغدا ، کۆلیجی پەروەردە .

١- ئاواز حەمه صدیق بەگیخانی (١٩٩٦ ) ڕیزبوونی کەرسته له زمانی کوردی دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین کۆلیجی ئاداب ، هەولێر .

٢- ابو بکر عومەر قادر (١٩٩٣) پرسیار له زمانی کوردی دا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین .

٣- امیر محمد محمدامین( ٢٠١٤ ) وشەی ئەرکی له زمانی کوردیدا ، ، نامەی ماستەر ، کۆلیجی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .

٥- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٥ ) وشەی زمانی کوردی ، بەغداد ، له بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد .

٦- ——————( ١٩٨٧ ) ڕێزمانی کوردی ، جێناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی دووەم ، بغداد ، دار الحریه للطباعة .

٧- ——————( ١٩٩٢ ) ڕێزمانی کوردی ، وشەسازی ، ئاوەڵناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی سێیەم ، بەغدا ، له بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد .

٨- —————— (١٩٩٨ ) ڕێزمانی کوردی ، وشه سازی ، ژماره و ئاوەڵکردار ، بەرگی یەکەم ، بەشی چوارەم ، بغداد ،. دارالحریه للطباعة .

٩- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم(١٩٨٦ )هەندێ ئامرازی سینتاکسی له زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، بەرگی یەکەم،چ٢، زانکۆی سەلاحەدین .

١٠- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم( ١٣٦٧) ئامراز لە زمانی کوردیدا ، چ١، ورمێ، بلاّو کراوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ( انتشارات صلاح الین ایوبی ) .

١١- بازیان یونس محێدین(٢٠١٣) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چ١، هەولێر ، خانەی موکریان بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە .

١٢-بەدرخان سلێمان عەلی ( ٢٠٠٦ ) جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی بەغدا ، کۆلیژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد .

١٣-تەوفیق وەهبی (١٩٢٩ ) دەستووری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم ، بغداد ،دار الطباعة الحدة .

١٤-چیا عەلی مستەفا ( ٢٠٠٨ ) رادەو ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمانی زانکۆی کۆیە .

١٥- حاتەم ولیا محەمەد ( ٢٠٠٠ ) فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

١٦- حاتەم ولیا محەمەد ( ٢٠٠٩ ) پەیوەندییە رۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان ، هەولێر ، دەزگای موکریان.

١٧- حسین محمد عەزیز (٢٠٠٦ ) هێندێ بابەتی زمانەوانیی و وێژەیی ، چ١، سولەیمانی

١٨- دارا حمید محمد( ٢٠١٢ ) شیکاری ڕستەی ئالۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، فاکەڵتی پەروەردە/ کەلار ،

١٩- دیار عەلی کمال (٢٠٠٢ ) ڕێزمانی کوردی تێڕوانینی بەرهەم هێنان و گوێزانەوە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر .

٢٠- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩٨ ) پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان ، نامەی دکتۆرا ، کۆلیجی پەروەردەی ئیبن روشد ، زانکۆی بەغدا .

٢١- ڕەفیق شوانی (٢٠٠١ ) چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، چ١، هەولێر ، دەزگای چاپ و بلاَو ـــکردنەوەی موکریانی .

٢٢- ـــــــــــــ( ٢٠٠٣ ) ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٢٣د. ساجیدە عەبدوڵلاَ فەرهادی ( ٢٠٠٨ ) ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینیکی ئەرکی ، چ ١ ، هەولێر ، دەزگای چاپ و بلاَو کردنەوەی ئاراس ، .

٢٤- ـــــــــــــ (٢٠١٣ / أ ) چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ، هەولێر ، بلاَوکراوەی ئەکادیمیای کوردی .

٢٥- ـــــــــــــ ( ٢٠١٣/ ب ) هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی ، هەولێر ، بلاَوکراوەی ئەکادیمیای کوردی .

٢٦- سەباح ڕەشید قادر ( ٢٠٠٠ ) هاوبێژ و فرەواتا لە گیرەکدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زمان

٢٧ـــــــــــــ (٢٠٠٧ ) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلاَت و بەستنەوە (GB ) لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان .

٢٨ ـسعید صدقی کابان (١٩٢٨ ) مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا .

٢٩ـشلێر ڕەسوول محەمەد ( ٢٠٠٤ ) یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ،

٣٠- صالح حسین پشدەری (١٩٨٥ ) کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا .

٣١- طالب حسین علی ( ١٩٩٨ ) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .

٣٢- ـــــــــــــ (٢٠١١ ) واتاسازی - چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتایی وشە ، چ ١ ، هەولێر .

٣٣- ــــــــــــ ( ٢٠١١—٢٠١٢ ) موحازەرەکانی خوێندنی باڵا – ماستەر ، زمانی کوردی ، کۆلیژی پەروەردە ی زانکۆی سەلاحەدین .

٣٤- ــــــــــــ ( ٢٠١٤) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا ، چ١، هەولێر ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی .

٣٥- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول( ٢٠٠٥ ) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی ، هەولێر .

٣٦- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣ ) رستەسازی رۆنانکاری و گوێزانەوە ، چ١، هەولێر ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاو کردنەوە .

٣٧- ــــــــــــ (٢٠٠٩) واتاسازی- چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە ، چ١، هەولێر ، دەزگای موکریانی .

٣٨- فوئاد تاهیر سادق ، (١٩٩٩) هۆشیاری زمانەوانی ، چ١ ، سلێمانی ، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك . .

٣٩- قیس کاکل تۆفیق ( ١٩٩٥ ) جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان ، نامەی ماستەر ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر .

٤٠- کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨ ) رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا ، چ١ ، سلێمانی ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی .

٤١- ك.ك. کوردۆییێف ( ١٩٨٤ ) ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ، وەر. د. کوردستان موکریانی ، بەغدا .

٤٢- کلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان (٢٠٠٦) واتاسازی ، وەر. د. یوسف شەریف سەعید ،چ١، هەولێر ، دەزگای موکریانی .

٤٣- کوردستان موکریانی ( ١٩٨٦ ) سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی دا ، بەغدا .

٤٤- کۆمەڵێك زمانەوان (٢٠٠٩)مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەر. محەمەدی مەحوی، سلێمانی ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی .

٤٥- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد –بەغدا ، ( ٢٠١١) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، چ٢، هەولێر ، دەزگای ئاراس .

٤٦- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ( ٢٠١٠ ) زمان و ئەدەبی کوردیی پۆلی یازدەی ئامادەیی ، چ ٤ ،

٤٧- محەمەدی مەحوی (٢٠١١ ) بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم ، سلێمانی .

٤٨- محەمەد مەعرووف فەتاح ( ١٩٩٠ ) زمانەوانی ، بغدا ، دارالحکمە .

٤٩- ———— ( ٢٠١٠ ) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، کۆکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر ، هەولێر ، دەزگای موکریانی .

٥٠- ———— ( ٢٠١١ ) زمانەوانی ، چ٣، هەولێر ، بلاّو کراوەی ئەکادیمیای کوردی .

٥١- مستەفای ئێلیخانی زادە : (؟ ) پوختەیەك لە بارەی ڕێزمان و زمانەوانیی کوردی .

٥٢- نەسرین محەمەد فەخری ( ٢٠٠٢ ) ڕستەو چمکی ڕستە بە گشتی و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردی دا ،بەغدا ، دار الثقافە والنشر الکردیە .

٥٣- نوری علی امین ( ١٩٥٦ ) قەواعیدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا ، بەغدا ،

٥٤- ———— ( ٢٠١٣ ) ڕێزمانی کوردی چ٢، هەولێر .

٥٥- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ ) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، هەولێر ، دەزگای چاپ و بلاّو کردنەوەی ئاراس .

٥٦- ———— (٢٠١١) پیتۆکەکانی زمانەوانی ،چ١، هەولێر ، دەزگای ئاراس . ٥٧- یوسف نوری محەمەدەمین ( ٢٠١٠ ) هەندێ لیەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاساکانی گوێزانەوە ، نامەی ماستەر ، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .

**٢ - گۆڤارەکان :**


٥٧- ساجیده عەبدوڵلا فەرهادی و د طالب حسین علي ( ٢٠٠٦ ) گرێ و جۆرەکانی گرێ لە زمانی کوردی دا ، گ. الاستاذ ، ژ. ٥٦ ، جامعه بغداد ، کلیه التربیه – ابن رشد.

٥٨- شلێر ڕەسووڵ محەمەد ( ٢٠١٠ ) شێوازی جەختکردن لە زمانی کوردیدا ،گ . ئەکادیمی – ئەکادیمیای کوردی – هەولێر .

٥٩- شێرکۆ بابان ( ٢٠٠١) کەرەستەی ( هەر ) لە شرۆڤەکاری ڕێزمانیدا ، گ. ڕامان، ژ: ٥٩ .

٦٠- عەبدولواحید موشیر دزەیی ،(٢٠٠٨ )واتای ڕستە لە دیدی (کاتز و فۆدەر١٩٦٣) دوە- لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکییە ، گ زانکۆ ،ژ(٣٧ ) گ. زانستە مرۆڤاتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر .

٦١- نەسرین محەمەد فەخری (١٩٩٨ ) ڕۆشنایی نانە سەر هەندێك لایەنی بە کار و لە بیر کراو لە زمانی کوردیدا ، گ. کۆڕی زانیاری – دەستەی کورد – بەرگی : ٢٧- ٢٨، بەغدا .

٦٢- ———— (١٩٨٨) واتای وشەی (هەر) و دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زمان دا ، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١١٩ ، بەغدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی .

٦٣- وریا عومەر ئەمین( ١٩٨٣ ) لایەنێکی جیاوازی ، گ. کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد ، بەرگی دەهەم ، بغداد .

٦٤- وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٥ ) لە ڕووەکانی ڕێبازی گوێزانەوە ، گ. ئەکادیمی – کۆڕی زانیاری کوردستان ، ژ: ٣ ، هەولێر .

٦٥- وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٨ ) جووشە ، گ. ئەکادیمی – کۆڕی زانیاری کوردستان ، ژ: ٨، هەولێر .


**ب - بە زمانی عەرەبی :**


٦٦- قورئانی پیرۆز .

٦٧- ابو فداء حافظ بن کثیر (؟ ) البدایة والنهایة .

٦٨- أبي عبدالله محمد بن محمد ....( إبن آجروم )( ٢٠٠٥ ) شرح المقدمة الأجرومية ، ط:١، القاهرة .

٦٩- برتيل مالبرج ( ٢٠١٠ ) مدخل الى اللسانيات ، ت: السيد عبد الظاهر ، ط١ ، القاهرة ، المركز القومي للترجمة .

٧٠- جون لاينز ، ( ١٩٨٧ ) اللغة و المعنى و السياق ، ت. عباس صادق الوهاب ، بغداد ، دار الشؤون الثقافية العامة .

٧١- جون لاينز ( ٢٠٠٩) اللغة و اللغويات ، ود. محمد العناني ، ط١،الأردن، عمان،دارجرير .

٧٢- حبيب يوسف مغنية ( ٢٠٠٤ ) الوافي في النحو والصرف ، بيروت ، دارالكتب الهلال .

٧٣- خليل احمد عمايرة(؟) اسلوب التوكيد اللغوي في منهج وصفي في التحليل اللغوي، الاردن ،عمان، دارالفكر .

٧٤- السيد احمد الهاشمي ( ١٣٥٤هجري ) القواعد الاساسية للغة العربية ، بيروت ، لبنان ، دار الكتب العلمية .

٧٥- سناء حميد البياتي ( ٢٠٠٣ )قواعد النحو العربي في ضوء نظرية النظم ، ط١ ، عمان ، الاردن، دارالوائل .

٧٦- صادق يوسف الدباس ، (٢٠١٢ )دراسات في علم اللغة الحديث، ط١، عمان ،الأردن، داراسامة.

٧٧- عبدالعزيز احمد علام ، (٢٠٠٦) في علم اللغة العام ، ط١، سعودية ، دمام ،

٧٨- عبدالعزيز نبوي ( ٢٠٠٣ ) في اساسيات اللغة العربية ، ط٢، القاهرة ، مؤسسة المختار .

٧٩- ف. بالمر (١٩٨٥) علم الدلالة، ت. مجيد عبدالحليم الماشطة ، بغداد ،جامعة المستنصرية .

٨٠- فاضل صالح السامرائي( ٢٠٠٣ ) معاني النحو ، المجلد ٤، ط٢ ، القاهرة ، شركة العاتك .

٨١- ليتش ( ٢٠١٢) اللغة الحديثة المعاصرة – علم الدلالة ، ت: احمد طاهر حافظ ،ط١، الأسكندرية ، دارالوفاء .

٨٢- مازن الوعر، ٢٠٠١، دراسات نحوية و دلالية و فلسفية في ضوء اللسانيات المعاصرة ، ط١، سورية ، دمشق، دار المتنبي .

٨٣- محمد ابو الفتوح شريف ( ١٩٨٤ ) النحو الجامعي - دراسة تطبيقية ،

٨٤- محمد حسن عبدالعزيز ( ١٩٨٣ ) مدخل الى علم اللغة ، جامعة القاهرة .

٨٥- محمد محمد يونس(٢٠٠٤) المقدمة في علمي الدلالة والتخاطب ، بنغازي ،ليبيا ،دارالكتاب الجديد.

٨٦- مهدي المخزومي ( ١٩٦٤) في النحو العربي – نقد وتوجيه ، صيدا ، بيروت ، منشورات مكتبة العصرية .

٨٧- منذر عياش ، (٢٠٠٧ ) اللسانيات و الدلالة ، ط٢، سورية ، حلب ، دار الانماء الحضاري .

٨٨- نورالهدى لوشن ، (٢٠٠٦ ) علم الدلالة – دراسة و تطبيق ، الأسكندرية .

پ- به زمانی فارسی :

٨٩- حسن انزلی، دستور زبان فارسی ، ١٣٧٧، چ٤:

٩٠- مسعود انصاري (١٣٤٥)دستور زبان انگليسى ،چ١، تهران ، مؤسسة مطبوعات فرخي .

٩١– مصطفى خرم دل (؟ ) صرف دستور زبان كردى سورانى ، مهاباد .

تـ – فەرهەنگەکان :

٩٢- فاضل نظام الدين ( ٢٠٠٧ ) فەرهەنگی شیرین ، عەرەبی – کوردی ، چ٤، سلێمانی .

٩٣- صديق صفى زاده بۆرەکەیی (١٣٨٠ ) فەرهەنگی کوردی بۆرەکەیی، کوردی –فارسی ، تهران ، انتشارات پليكان .

٩٤- إبن منظور (٢٠١١ ) لسان العرب ، عربي – عربي ، ط٧، بيروت ، دارالصادر .

95-A S Hornby ( ?) 8 th ;Oxford Advanced Learner’s Dictionary,)E.-E. ) Oxford University .

**جـ - سايتەكان :**

96-www.ecenglish./san-francisco/?729.

97www.grammar.about.com/od/e/g/emphasiterm.htmemphasisdefintion. له 4/2014

مانگی

٩٨- محمد بن محمود فجال ، محاضرة في اسلوب التوكيد في الجملة الاسمية ، لەم سایتە :

/ له بەرواری / http: faculty.Ksu.edu.sa/dr-mfaggal/default.aspx. /

٣/٢٥ / ٢٠١٤ ی شەو ١١:٣٠ کاتژمێر

٩٩- الأستاذ عدي كريم محمود ، اسلوب التوكيد في الغة العربيه ، له ئەنتەرنێتەوە ، ویکیبیدیا ، له بەرواری ٩/٤/ ٢٠١٤ . ٦٦-

١٠٠- عائشة عبيزة ( ٢٠٠٩ )دراسة وظيفية لأسلوب التوكيد في القرآن الكريم ، رسالة دكتوراه ، جامعة الحاج لخضر بباتنة، جزائر . / مكتبة مصطفى الألكتروني .

**چـ - سەرچاوە ئینگلیزییەکان :**

101-Geoffrey Leech and Jan Svartvik,( 1994)A Communicative Grammar of English ,2nd edition,Longman.

102- Longman, Language Activator .?

103-Palmer, F.R.(1981) Semantics; A new outline;New York;Cambridge University press.

104- Waria Omar Amin,( 2011) Aspects of the verbal construction in Kurdish له بلاّو کراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

## حـ - سەرچاوەی نموونەکان :


١٠٥- ئەحمەد حەیران ( ٢٠١٣ ) دیوانی حەیرانبێژان ، هەولێر ، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی .

١٠٦- ئیبراهیم ئەمین بالدار ( ٢٠١١ ) ئەلفبێی نوێ ، حکومەتی هەرێم ، هەولێر ، وەزارەتی پەروەردە .

١٠٧- ئومێد ئاشنا ( ٢٠٠٨ ) دیوانی بێکەس ، چ١ ، سنە .

١٠٨- ——— ( ٢٠٠٩ ) پیرەمێرد – پێدا چوونەوەی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی ، بەرگی یەکەم، ، هەولێر ، دەزگای ئاراس .

١٠٩- ئۆسکارمان(٢٠١٣) توحفەی موزەفەرییە، هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی : عەلی نانەوا زادە ، هەولێر ، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی .

١١٠- بورهان محمد امین (٢٠١٣ ) ) تەفسیری ئاسان بۆ بۆ تێگەیشتنی قورئان ،چ ٢٥ .

١١١- بێسارانی ( ١٣٧٥)دیوانی بێسارانی ، لێکدانەوەی : حەکیم مەلا سالح ، چ٢،سنە، کتابی کانی .

١١٢- جەمال حبیب الله (بێدار )( ٢٠١٣ ) دەروازەی شیعر ناسین ، چ١ ، هەولێر .

١١٣-حسێن عارف ( ١٩٨٠ ) سەفەرێکی ئەفسوناوی – چیرۆک – گ. ڕۆژی کوردستان ( ژمارەی تایبەت بە شانۆ و چیرۆک ) ، بەغدا .

١١٤- ڕێبوار جەمال ( ٢٠٠٧ ) هەندێك یاریی فۆلکلۆریی- لەناوچەی پشدەر ، ئینیستیتیوتی کەلەپووری کورد -سلێمانی .

١١٥- عبدالستار تاهیر شریف ( ١٩٨٠ ) باوی ئەو ڕۆژە نەما – چیرۆك – گ. ڕۆژی کوردستان ( ژمارەی تایبەت بە شانۆ و چیرۆك ) ، بەغدا .

١١٦- عبدالله عزیز خالد ( ١٩٨٠ ) پەرستگا ، ( کۆمەڵە چیرۆك ) ، بەغداد ، دارالحریة للطباعة .

١١٧- عەزیز گەردی ( ١٩٧٢ ) ڕەوانبێژی- لە ئەدەبی کوردی دا ، بەرگی یەکەم ، بەغدا .

١١٨- ——— ( ١٩٧٥ ) ڕەوانبێژی- لە ئەدەبی کوردی دا ، بەرگی دووەم ، هەولێر .

١١٩- ———— ( ١٩٧٩ ) ڕەوانبێژی. لە ئەدەبی کوردی دا ، بەرگی سێیەم ، واتاناسی ، سلێمانی عەونی ( ٢٠١١ ) ) دیوانی عەونی ، چ٢، هەولێر .

١٢٠- قادر فەتاحی قازی ( ٢٠٠٧ ) ) گەنجینەی بەیتی کوردی ، کوردستان – هەولێر ، دەزگای ئاراس .

١٢١- قادر نەسیری نیا ( ١٣٩١ ) ) ناڵە شکێنە- ژیان و گۆرانییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەك ، ١٣٩١هەتاوی، چ٢، سنە .

١٢٢- کوردستان موکریانی ( ١٩٨٤ ) بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی ،چ١ ، هەولێر .

١٢٣- کەلیموللا تەوەحودی ( کانیمال ) ( ٢٠٠٧ ) درەختی چل داستان ، وەر. عەزیز گەردی ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

١٢٤- محەمەد فەریق حەسەن ( ٢٠١٠ ) مەملەکەتی ماسی- حیکایەتی فۆلکلۆرییە ، چ٣ ، دەزگای ئاراس ، هەولێر .

١٢٥- محمد مەلا صالح ( ؟ ) پوختەی تەفسیری قورئان ، چ ٨ ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تیشك / سلێمانی .

١٢٦- محەمەدی مەلا کەریم ( ١٩٨٠ ) دیوانی گۆران ، سەرجەمی بەرهەمی گۆران ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، لە بلاو کراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد .

١٢٧- محەمەدی مەلا کەریم ( ١٣٨٦ ) دیوانی بێخود ، چ١، سنە ، بلاو کردنەوەی کوردستان .

١٢٨- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم ( ١٣٨٧ ) دیوانی مەحوی، چ٣، سنە ، انتشارات کوردستان .

١٢٩- موحسین قزڵچی ( ٢٠١٣ ) سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵچی، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

١٣٠- نوری فارس حمە خان (٢٠٠٤ ) عەرووزی کوردی ، چ١، هەولێر ، دەزگای ئاراس .

١٣١- هەژار ( ٢٠٠٩ ) چێشتی مجێور ، چ٣ ، پەخشانگای ئازادی .

١٣٢- هێمن ( ٢٠٠٣ )دیوانی هێمن ، هەولێر .

١٣٣- وەلی دێوانە ، ( ١٣٩٢ ) ، دیوانی وەلی دێوانە ، وەر. رازی صابر، چ٧، بلاّوکردنەوەی کوردستان ، سنە .

إقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين – اربيل

# التوكيد في اللغة الكوردية - دراسة نحوية دلالية

رسالة
مقدمة الى مجلس كلية التربية في جامعة صلاح الدين – اربيل
و هي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكوردية

من قبل
**حميد صالح محمد** بكلوريوس - جامعة صلاح الدين- أربيل - ٢٠٠٢

بأشراف
**أ. د. طالب حسين علي**

سەرماوەز ٢٧١٤ الكوردي صفر ١٤٣٦ الهجري كانون الأول ٢٠١٤ الميلادية

## ملخص الرسالة

هذه الرسالة الموسومة بـ ( التوكيد في اللغة الكوردية – دراسة نحوية دلالية ). فالتوكيد كأسلوب خاص للتعبير موجود في كل اللغات ، و كذلك في اللغة الكوردية بمزاياها الخاصة ، وله طرق متعددة لصياغتها ، وهي :

١- التوكيد من خلال الأدوات و الكلمات ( التوكيد المعنوي ) .

٢- التوكيد من خلال تكرار جزء من الجملة ( التوكيد اللفظي ) .

٣- التوكيد من خلال السياق الدلالي .

تتضمن هذه الرسالة مقدمة و أربعة فصول ، و خاتمة تضم أهم النتائج التي توصل اليها الباحث . فيتناول الفصل الأول ، مقدمة للدخول الى الموضوع مثل مستويات اللغة والحالات التي تتطلب استعمال التوكيد وتعريفات متنوعة من اللغة الكوردية و العربية والأنكليزية ثم يليه التوكيد بالأدوات والكلمات المتنوعة مع شرح موجز للأدات و الكلمة إذا تطلب ذلك ، ثم إستعمال تلك الأدوات و الكلمات في بيئات مختلفة في جمل متعددة لإظهار توضيح أكثر .

أما الفصل الثاني ، فيتناول المقاصد ( الأسس) والأسباب التي يستعمل فيها التوكيد بالتكرار (التكرار اللفظي ) . بعد ذلك تعرض المواضيع التي يمكن أن تتكرر لصياغة التوكيد . ويعرض فيها التوكيد بتكرار الأسم والفعل والحال والضمير المنفصل و تكرار الجملة وشبه الجملة و بالجواب القصير و بالأستفهام القصير .

وأما الفصل الثالث ، فيعرض فيه التوكيد في مستوى الجملة و التركيب ( المركب الأسمي و المركب الفعلي ) ، و صياغة الجملة البسيطة في اللغة الكوردية وكيفية تحويلها الى الجملة التوكيدية . وتمت الأشارة الى أنواع الجمل من حيث الدلالة و إمكانية تحويلها من منظور التوليدي و التحويلي الى التوكيدي ، و في نهاية هذا الفصل تم عرض الجمل التوكيدية في خطاطة شجرية لتوضيح قوة التوكيد في كل جملة على مركب معين ، كالتوكيد على المركب الأسمي و المركب الفعلي و الصفة ... الخ .

وأما الفصل الرابع ، فيكون تحت اسم التوكيد السيمانتيكي ( التوكيد الدلالي ) ، يعرض فيه معنى الجملة والجوانب المتعددة التي تحكم و تؤثر على معنى الجملة كمتوالية الكلمات والنغم والنبر والفاصلة ( juncture ) . ثم تعرض أنواع الفروع التي تستعمل لصياغة التوكيد دلالياً من خلال سياق الجملة . بعد ذلك تعرض بعض الكلمات والأدوات التي ذكرت في الفصل الأول و مناقشتها و بحثها من جانب المعنى مستمداً في سياق الجمل التي تعرض في النص .

# Abstract

This research which is entitled, (Emphasis in Kurdish Language in Syntactic-Semantic perspective) deals with some theoretical aspects of emphasis.

Apart from introduction and conclusions, the research consists of four chapters :

Chapter one: is a theoretical Chapter for the Subject: its Definition, Kinds, and its use in Kurdish .

Chapter two: Sheds light on the reasons behind this Phenomenon in Language and the Functions of Emphasis in Kurdish .

Chapter three: deals with the Syntactic aspects of the phenomenon and the Structure of the components that use for Emphasis .

Chapter Four: is a semantical view point towards Emphasis. It shows the meanings of Sentences that use for Emphasis and the role of Context through analyzing some semantical aspects of this phenomenon.

Kurdistan Region – Iraq
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
Salahaddin University - Erbil

# Emphasis in Kurdish Language in Syntactic-Semantic perspective

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Education–Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirments for the Degree of Master in Kurdish Language

By
Hameed Salih Muhamad B. A. -Salahaddin University- Erbil - 2002

Supervised by
Prof. Dr. Talib Husein Ali

December 2014 A.D. Safar 1436 Al-H. Sarmawaz 2714 K.